# ئایینناسی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

ژمارە(٢)ساڵی یەکەم، نیسانی ٢٠٢٣

هەڵگەڕانەوە لە ئایین و سزای هەڵگەڕاوە

هەڵکردن و لێبوردەیی لە عیرفانی ئیسلامیدا

پرسی نەتەوەیی لەژێر ڕۆشنایی گوتاری ئیسلامی سیاسیدا

گفتوگۆی ئایینناسی لەبارەی ڕەوتەکانی سەلەفییەت لە کوردستان

فیکری ئیسلامی هاوچەرخ لەبەردەم پرسیاری ئازادیدا




مێژگرد: بانگەواز و سیاسەت

# وەرزنامەی
# ئاییناسی

Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

ژمارە (٢)، ساڵی یەکەم، نیسانی ٢٠٢٣

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
سەرنووسەر: ئیدریس سیوەیلی
بەڕێوەبەری نووسین:
ئارام مەحموود

بۆردی ڕاوێژکاران:
د.یوسف گۆران
د.ئومێد ڕەفیق فتاح
د.عابد خالد رسول
د.هەردی مەهدی میکە
د.فاروق عبدول

نەخشەسازی: شاهۆ عەبدوڕەحمان

شوێن:
عێراق-هەرێمی کوردستان-سلێمانی
Address: Iraq - Kurdistan-Slemani
Tel: +٩٦٤ (٠) ٧٧٣ ٨٣٦ ٣٧٥٨ - +٩٦٤ (٠) ٧٥١ ٨٣٣ ٩١٣٥

ناونیشانی ئەلیکترۆنی
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Twitter: center_fs
Email: info@center.org

ئایینناسی

ئایینناسی؛ گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە.

تەرخانکردنی گۆڤارێکی تایبەت بەم بوارە لە ئێستادا، چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە وڵاتانی تری ناوچەکە و جیهان، جێی بایەخ و گرنگیپێدانی فراوانە و ئێستای کۆمەڵگای کوردستانیش زۆرتر لە جاران پێویستی پێیەتی.

گۆڤاری ئایینناسی تایبەتمەند نییە بە لێکۆڵینەوە لە ئایینێك، یان ئایینزایەکی دیاریکراو، هەروەها پرسی ئیمان، باوەڕی ئایینی، خودی ئایینەکان، جێگا و بواری لێکۆڵینەوەی ئەم گۆڤارە نین. ئەم گۆڤارە هەوڵ دەدات زیاتر لەو دیاردە و کایانە بکۆڵێتەوە کە بەناوی ئایینەوە دەردەکەون، یان لەبەر هەر هۆیەك بێت بەرگی ئایینی لەخۆدەگرن، یان کاریگەی ئایینیان پێوە دیارە بە هەردوو ڕەهەندی ئەرێنی و نەرێنییەوە.

ئەم گۆڤارە گرنگی بە خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژویی و سیاسیی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی دەدات.

# ناوەڕۆك


سەروتار

**لە نێوان بانگەواز و سیاسەتدا**.........................................................................د. ئومێد ڕەفیق | ٥

توێژینەوە

**هەڵگەڕانەوە لە ئایین و سزای هەڵگەڕاوە**..................................د. ئومێد مەلا عوسمان کوردی | ٩

**هەڵکردن و لێبوردەیی لە عیرفانی ئیسلامیدا**......................................کامەران مەلا ئەحمەد | ٢٥

**ئێران لە نێوان بەرداشی باوەڕی زەردەشت و مەسیحدا**..................................د. ماجد خەلیل | ٣٩

وەرگێڕان

**پرسی نەتەوەیی لەژێر ڕۆشنایی گوتاری ئیسلامی سیاسیدا**.........ن: سەربەست نەبی | و: ئایینناسی | ٥٣

**موقتەدا سەدر و ململانێ لەسەر دەسەڵاتی ئایینی**...ن: بینیدیکت ڕۆبن-دیکروز |و: عومەر ڕەشید | ٧٩

**ئیسلام؛ ئاشتی یان تەسلیمبوون؟**......................ن: حەسەن یوسفی ئەشکوری | و: ئەژی ئازاد ئەبوبەکر | ٩١

گفتوگۆ

**گفتوگۆی ئایینناسی لەبارەی ڕەوتەکانی سەلەفییەت لە کوردستان**............................................. | ١٠٣

گفتوگۆی: ئایینناسی

مێزگرد

**بانگەواز و سیاسەت**..........................................................................ئامادەکردن:ئایینناسی | ١٢٣

ڕانانی کتێب

**فیکری ئیسلامی هاوچەرخ لەبەردەم پرسیاری ئازادیدا**.................................ڕانان: ئایینناسی | ١٣٩

زاراوە ناسی

**ئەهلی زیممە (أهل الذمة)**..........................................................................ئایینناسی | ١٤٧

# لە نێوان بانگەواز و سیاسەتدا



د. ئومێد ڕەفیق

پەیوەندی بانگەواز و سیاسەت بابەتێکە گفتوگۆی جیاوازی بە درێژای هزری سیاسی ئیسلامی دروست کردووە، بۆیە بەر ئەنجامی ئەم گفتوگۆیە هزری ئیسلامی دابەش کردوە بەسەر دوو ڕەوتی سیاسی جیاوازدا، ڕەوتێک بەرگری لەوە دەکات کە ئایینی ئیسلام ئایینێکی گشتگیرە و سیاسەت بەشێکە لە چالاکییەکانی کۆمەڵگە و بەشێکی دابڕاو نییە لە کاری بانگەواز، بەڵکو دوانەیەکی لە یەکتر دانەبڕاون.

ڕەوتێکی تر بەرگری لە جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت دەکەن و پێیان وایە بانگەواز ڕەهەندێکی ڕۆحی و پەروەردەیی هەیە، کار لەسەر قوڵکردنەوەی مانا ڕۆحی و پەروەردەییەکان دەکات بۆ بە بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی باشتر.

ئەگەر بەراوردی کۆمەڵگەی کوردی، وەکو نموونەیەکی کۆمەڵگەی ئیسلامی بکرێت، بانگەوازی ئیسلامی بەشێک بووە لە ئەرکە ڕۆحی و پەروەردەییەکان لە ڕێگەی مزگەوت و حوجرە و خوێندنگە ئیسلامییەکانەوە ئەرکی پێگەیاندنی دەیان زانای ئایینی بینیوە، کە لە بواری بانگەواز و ڕێنمایی ئایینیدا ڕۆڵیان گێڕاوە لە پێگەیاندنی شاعیران و خوێندەواران و تەریقەتەکانی ئیسلامی لە کوردستان.

ئەم مۆدێلە لە کوردستان بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو هەتاوەکو ئێستاش زیاتر لە ڕەوتەکەی تر بەرگری لێ دەکرێت و کاری کردووە، بەڵام لە دوای ئەوەی کە ڕەوتی

ئیسلامی بە تایبەتی فیکری (ئیخوان موسلمین) دێتە کوردستان، وەکو ڕەوتێکی سیاسی، بابەتی بانگەواز تێکەڵ بە سیاسەت دەکرێت، بەڵام مشتومڕ و گفتوگۆکان نە لەسەر ئاستی ڕەوتە سیاسییە ئیسلامییەکان کۆتایی هاتووە، نە لەسەر ئاستی میللی، لە ناوخودی ڕەوتە سیاسییە ئیسلامییەکان چ وەکو کەسایەتی ئیسلامی، چی وەکو بەرنامەی سیاسی ئەم بابەتە لە کۆنگرەی حزبەکان بووەتە هۆی دابەشکردنی کادیرانی حزبە ئیسلامییەکان بەسەر دوو ڕەوتی جیاوازدا.

توێژینەوەکان

ئایینناسی

# هەڵگەڕانەوە لە ئایین و سزای هەڵگەڕاوە

د. ئومێد مەلا عوسمان کوردی

بابەتی هەڵگەڕانەوە لە ئایین و سزای هەڵگەڕاوە لە ئیسلامدا یەکێکە لە بابەتە گرنگ و هەستیار و مەترسیدارەکان، کە لە ئەمڕۆدا قسەی زۆری لەسەر دەکرێت، ڕاڤە و شیکردنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت لە سەرجەم کایە گشتی و ڕۆشنبیری و ئایینی و ئەکادیمییەکاندا، هەرچەندە شەرعزانە موسوڵمانەکان بە جیاوازی ئاراستە و ڕێبازەکانیانەوە هەر لە کۆنەوە بە وردی باسیان لە هەڵگەڕانەوە لە ئایین و هۆکارەکانی و بە تاوان دانانی و سزادانی کەسی هەڵگەڕاوە و مەرجەکانی کردووە، بەڵام لە هیچ کات و سەردەمێکدا ئەوەندەی ئەمڕۆ نەبووەتە مایەی پرسیار و دەمەقاڵێ و تێ فکرین و ڕاڤەکردنی جیاواز.

لەوانەیە گرفت لەوەدا نەبێت کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و قوڵبووەوە و لەسەرخۆو هەڵنەچوو لێکدانەوە و شیکاری هەربابەتێک بکەن، بە جیاوازی ئاراستەی بیرکردنەوەشیانەوە، بەڵام گەورەترین گرفت و کارەسات لەوەدایە، کەسانی سادە و تازەپێگەیشتوو نەشارەزا و هەڵچو و کاڵفام بێن قسە لەسەر بابەتە ئایینییە زۆر مەترسیدار و هەستیاریەکان بکەن، کە سەر دەکێشن بۆ تێکدانی خێزان و کۆمەڵگە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.

گومانی تێدا نییە تاکە سەرچاوەی بنیاتنەری شەریعەت و یاسادانان لە ئیسلامدا قورئانی پیرۆزە، دواتر فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) دەبنە سەرچاوەی سەرەکیی ڕونکەرەوە و شیکەرەوەی قورئان، هاوکات بۆ تێگەیشتنی دروستی دەقەکانی قورئان و فەرموودە و جێبەجێکردنیان لە واقعدا، زانایان چەندین مەرجی تۆکمە و زانستییان داناوە، لە پێشترینیان شارەزابوونە بە یاسا و ڕێساکانی زمانی عەرەبی و زانستی ئوسووڵی فیقهـ و مەبەستەکانی شەریعەت و سەرجەم لایەنەکانی پەیوەست بە کات و شوێنی جێبەجێکردنی حوکمەکە.

هەر لێرەوە دەڵێین ئازادی بیرکردنەوە و سەرپشکایەتی مرۆڤەکان لە هەڵبژاردنی ئایین و بیروباوەڕ و بۆچوونەکاندا، لە بنەما سەرەکییە نەگۆڕەکانی قورئانی پیرۆزە، بە جۆرێک شایانی سڕینەوە و تەئویل و هیچ جۆرە ڕاڤەیەکی پێچەوانە نییە، خوای باڵادەست عەقڵی بەخشیوەتە مرۆڤەکان و لە ڕێگەی پێغەمبەرانیشەوە ئاگاداری کردوونەتەوە و بنچینەکانی ڕاستی و چەوتی، هەق و ناهەق، شیاو و نەشیاو، حەرام و حەڵاڵی بۆ دەستنیشان کردوون، لە هەمان کاتدا ئازادی هەڵبژاردنی داوەتە دەستیان و لە ڕۆژی دواییشدا لەسەر هەمان بنەما لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکات، ئیتر هەر جۆرە سەپاندن و زۆرلێکردنێکی ڕەتکردووەتەوە، هەروەک لەم ئایەتە قورئانیانەدا وێناکراوە:

[لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ] (البقرة ٢٥٦). [وَلَوۡ شَاءَ اللَّهُ مَا أَشۡرَكُواۗ وَمَا جَعَلۡنَاكَ عَلَيۡهِمۡ حَفِيظًاۖ وَمَا أَنۡتَ عَلَيۡهِمۡ بِوَكِيلٍ] (الأنعام: ١٠٧). [وَمَا كَانَ لِنَفۡسٍ أَن تُؤۡمِنَ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَيَجۡعَلُ ٱلرِّجۡسَ عَلَى ٱلَّذِينَ لَا يَعۡقِلُونَ](يونس: ٩٩ وَلَوۡ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةً وَٰحِدَةًۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخۡتَلِفِينَ] (هود: ١١٨وَلَوۡ شَآءَ لَهَدَىٰكُمۡ أَجۡمَعِينَ] (النحل ٩). [وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمۡ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَلَٰكِن يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَلَتُسۡـَٔلُنَّ عَمَّا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ] (النحل: ٩٣] وَقُلِ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكُمۡۖ فَمَن شَآءَ فَلۡيُؤۡمِن وَمَن شَآءَ فَلۡيَكۡفُرۡ] (الكهف ٢٩ [فَإِنۡ أَعۡرَضُواْ فَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ عَلَيۡهِمۡ حَفِيظًاۖ إِنۡ عَلَيۡكَ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُۗ](الشورى:٤٨). [إِنَّ هَٰذِهِۦ تَذۡكِرَةٞۖ فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ سَبِيلًا] (الإنسان: ٢٩). [لَّسۡتَ عَلَيۡهِم بِمُصَيۡطِرٍ] (الغاشية ٢٢]).

ئـازادی هـەڵـبژاردن و تـوانـای وەرگـرتـن و ڕەتکردنـەوەی بێ زۆرەملێی مرۆڤـەکان لە ئیسلامدا، لـەلایـەکـەوە دەرخـەری ڕووی ڕاستەقینەی کەسایەتییەکانە، لەلایەکی تریشەوە سەلمێنەری شیاوی و واتاداری بنەماکانی داوا لێکردن (مبدأ التكليف) و پاداشت و سزا (الثواب والعقاب)ی ڕۆژی دواییە، واتە ئەگەر مرۆڤ ئازاد نەبێت لە هەڵبژاردنی ئایین و بیروباوەڕ و بـۆچـوونـەکـانـیـدا، خـاوەنـی ویـسـت و دەربڕینی ڕاستەقینە و سەربەخۆی خۆی نەبێت، ئەو کات هیچ واتا و حیکمەتێک لە داوا لێکردنی شـەرعی و پاداشـت و سزای خواییدا نامێنێت.

لەگەڵ هەبوونی چەندین دەقی قورئان و سـوننـەت و نـموونـەی زیـنـدوو لە ژیانی پێغـەمبـەر (درووی خـوای لێ بێـت) و هـاوەڵانـدا لـەسـەر ئـازادی ئـایـیـنداری و چەسپاندنی وەک بنـەمـایەکی نـەگۆڕ، هـاوکات ڕووبـەڕووی هـەنـدێک دەقی تر دەبینەوە کە گۆڕینی ئایین و هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام، بە گەورەترین تاوان لە قەڵەم دەدات و بڕیاری سزای کوشتن بۆ کەسی هەڵگەڕاوە دەدات. ئەمەش وای کردووە جـۆرەها ڕاڤـە و شـیـکـردنـەوەی جـیـاواز و دژیەک و هەندێکجار نامۆ و دوور لە ڕۆح و جـەوهـەری دەقـەکان و مەبەسـتـەکانی شـەریـعـەت و بـنـەمـا نـەگـۆڕەکـان بێـتـە کایەوە و واتای ڕاست و دروستی دەقەکان بشێوێنرێت.

ئـەوەی گـرنـگـە لێرەدا بـوترێت ئـەوەیـە لە قـورئـانی پـیـرۆزدا هـیـچ جـۆرە سـزایـەکی دنـیـایی بـۆ کـەسی هـەڵـگـەڕاوە لـە ئـایین بڕیار نەدراوە، بە هەمان شێوە پێغەمبەر (درووی خوای لەسەر بێت) لە ژیانیدا سـزای کـەسی نـەداوە بـە کـوشـتن بـە هـۆی هـەڵـگـەڕانـەوەی لـە ئـایین، ئـەوەی دەمێنێتـەوە هـەنـدێک دەقی گـوفـتـاریـیە لـە پـێـغـەمـبـەرەوە گـێـڕدراوەتـەوە کە هەرکەسێک ئایینی گۆڕی سزای کوشتنی بەسەردا بسەپێنن، ئەمانەش وەک دواتر ڕوونیان دەکەینەوە تایبەتن بە کەسانی شەڕکەر، نەک هەڵگەڕاوە.

دەتوانین بە گشتی ڕای زانایانی ئیسلام لـەسـەر حـوکـمی هـەڵـگـەڕانـەوە لـە ئـایین لە سێ ئاراسـتـەدا کۆبکەینەوە، لەگەڵ خسـتـنـە ڕووی بەڵگەکانیان و دواتریش قسە لەسەرکردنیان و هەڵسەنگاندنیان و پیشاندانی ڕای بەهێز و شیاو لەگەڵ بنـەمـا قـورئـانـیـیـەکان و مـەبەسـتـەکانی شـەریـعـەت و واقـع و گـۆڕانـکـارییـەکانی ئەمڕۆدا:

**ئـاراسـتـەی یـەکـەم:** ئـەگـەر کـەسێکی موسـوڵـمـان، لـە ئـیسلام هـەڵگەڕایـەوە و چووە نێو ئایینێکی ترەوە، یان بە ڕاشکاوانە بێ باوەڕی خۆی ئاشکرا کرد، لێرەدا دوای پێدانی بەرچاو ڕۆشنی و ڕوونکردنەوە و بیانوو نەهێڵان، داوای گەڕانەوە لێکردنی بۆ ئیسلام لێدەکرێت، ئەگەر هەر سوور بوو لەسەر ڕاکەی خۆی و نەگەڕایەوە بۆ ئیسلام، ئەو کەسە بە هەڵگەڕاوە (المرتد) دادەنـرێـت و لـەلایـەن دادوەرەوە سـزای

کوشتنی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، پیاو بێت، یان ئافرەت، ئەمەش ڕای زۆرینەی زانایان بووە لە کۆن و نوێدا، هەرکام لە مەزهەبەکانی مالیکی و شافیعی و حەنبەلی و زاهیری و شیعەی زەیدی ئەم ڕایەیان پەسەند کردووە(١).

ئاڕاستەی دووەم: جیاوازی دەکرێت لە نێوان پیاو و ئافرەتی هەڵگەڕاوەدا، ئەگەر کەسی هەڵگەڕاوە لە ئیسلام پیاو بوو، سزای کوشتنی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت لەلایەن دادوەرەوە، بەڵام ئافرەتی هەڵگەڕاوە، سزا نادرێت بە کوشتن، بەڵکو بەند دەکرێت و بەردەوام ڕوونکردنەوە و بەرچاو ڕۆشنی دەدرێتێ و داوای گەڕانەوە و پەشیمان بوونەوەی لێدەکرێت، هەرکام لە زانایانی مەزهەبی حەنەفی و شیعەی ئیمامی لەسەر ئەم ڕایەن(٢).

ئاڕاستەی سێیەم: کەسی هەڵگەڕاوە پیاو بێت، یان ئافرەت بە هیچ شێوەیەک سزای کوشتنی بەسەردا جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو بەردەوام گفتوگۆی لەگەڵ دەکرێت، بەرچاو ڕۆشنی و ڕوونکردنەوەی دەدرێتێ و داوای گەڕانەوەی لێدەکرێت. ئەمەش ڕای هەرکام لە گەورە زانای تابعین ئیبراهیمی نەخەعی (٩٦ک مردووە) و سوفیانی سەوریە (١٦١ک مردووە) (٣).

شوێنکەوتوانی ئاڕاستەی یەکەم کە زۆرینەن، پشت ئەستوورن بە چەندین بەڵگە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) و وتەی هاوەڵان لەسەر کوشتنی کەسی هەڵگەڕاوە لە ئیسلام پیاو بێت، یان ئافرەت، کە گرنگترینیان بریتین لەمانە:

١-پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) فەرموویەتی:"هەرکەس ئایینی گۆڕی بیکوژن"(٤)وشەی (هەرکەس) گشتگیرە بۆ پیاو و ئافرەت.

## هەڵبژاردنی ئایین و بیروباوەڕو بۆچوونەکان لە بنەما سەرەکییە نەگۆڕەکانی قورئانی پیرۆزە

٢-ئیبن مەسعود دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: "دروست نییە خوێنی موسوڵمانێک بڕێژرێت کە شایەتی بدات هیچ خوایەک نییە بێجگە لە (الله) و منیش پێغەمبەری خودام، لە یەکێک لەم سێ حاڵەتەدا نەبێت: یەکەم: کەسێک بە ناهەق کەسێکی کوشتبێت، دووەم: پیاوێک ژنی هێنابێت و بەدڕەوشتی بکات، یان ژنێک شووی کردبێت بەدڕەوشتی بکات، سێیەم: کەسێک لە ئایین هەڵگەڕابێتەوە و لەکۆمەڵ جیا بووبێتەوە"(٥).

٣-فەرموودەی عورەینییەکان کە ئەنەس گێڕاویەتییەوە، پوختەکەی ئەمەیە: "کۆمەڵێک لە تیرەی عورەینییەکان هاتنە مەدینە موسوڵمان بوون، دواتر لە

قەراغی مەدینە پەلاماری ڕانە حوشتری زەکاتیان دا و تاڵانیان کرد و شوانەکانیان کوشت و لە ئایین هەڵگەڕانەوە و هەڵهاتن، پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) چەند کەسێکی نارد بە دوایاندا و گرتنیان و هێنایانن بۆ لای، ئەویش فەرمانی دا بە کوشتنیان"(٦).

٤-جابری کوڕی عەبدوڵا دەڵێت: "ئافرەتێک ناوی (أم مروان) بوو لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە، پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) فەرمانی دا ئیسلامی بۆ ڕوون بکەنەوە، ئەگەر نەگەڕایەوە بیکوژن"(٧).

٥-عەبدوڵای کوڕی عەباس دەگێڕێتەوە: «کوێرێک، ژنێکی کەنیزەکی هەبوو، هەمیشە جوێنی بە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) دەدا و تانەی لێدەدا، شەوێک کوێرەکە شمشێرێکی کورت، یان دەمە پاچێکی لە سکی توند کرد و خۆی دا بەسەریدا و کوشتی، دواتر بۆ پێغەمبەریان گێڕایەوە، فەرمووی: بە شایەت بن خوێنەکەی بە فیڕۆ چوو»(٨).

٦-سەعیدی کوڕی عەبدولعەزیز (١٨٧ک مردووە) دەگێڕێتەوە: "خەلیفە ئەبووبەکر داوای تۆبە و گەڕانەوەی لە ئافرەتێک دەکرد بەناوی (أم قرفە) کە لە ئیسلام هەڵگەڕابووەوە، ئافرەتەکە نەگەڕایەوە، خەلیفە فەرمانیدا بیکوژن"(٩).

٧-ئیبن حەجەری عەسقەلانی (٨٥٢ک مردووە) چەندین وتەی هاوەڵانی وەک چوار خەلیفەکە و موعازی کوڕی جەبەل و ئەبو موسای ئەشعەری و ئیبن عەبباس و هەندێکی تر دەهێنێت لەسەر کوشتنی هەڵگەڕاوە لە ئیسلام (١٠).

بە درێژایی مێژووی ئیسلامی ئەم ڕایە ڕای زۆرینە بووە، دەسەڵاتی سیاسی ڕۆڵی کارای گێڕاوە لە بەردەوامی و بەهێزکردنیدا، چەکێکی بەهێز بووە بەدەستیانەوە بۆ دەمکوتکردن و بێدەنگکردنی نەیارانیان، هەربۆیە کەم نین ئەوانەی بەهۆی ڕاو بۆچوونی جیاوازیانەوە حوکمی کافربوون و هەڵگەڕانەوە و دواتر کوشتنیان بەسەردا براوە.

**ئەگەر مرۆڤ ئازاد نەبێت لە هەڵبژاردنی ئایین و بیروباوەڕو بۆچوونەکانیدا، ئەوکات هیچ و اتا و حیکمەتێک لە داوا لێکردنی شەرعی و پاداشت و سزای خو اییدا نامێنێت**

حەنەفییەکان و ئیمامییەکان کە خاوەنی ئاراستەی دووەمن لەگەڵ پشتبەستنیان بە هەندێک لەو بەڵگانەی ئاماژەمان پێدان، هاوکات ڕەتیدەکەنەوە، ئافرەتی هەڵگەڕاوە بکوژرێت، لەمبارەوە چەندین بەڵگەیان هێناوەتەوە:

١-ئیبن عومەر دەیگێڕێتەوە: "لە هەندێک لە شەڕەکاندا ئافرەتێک بە کوژراوی بینرا، لەوکاتەوە پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) ڕێگریی کرد لە کوشتنی ئافرەت و منداڵ لە شەڕدا"(١١).

٢-پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لە شەڕێکدا ئافرەتێکی بە کوژراوی بینی، فەرمووی: "ئەمە شەڕکەر نییە بۆ کوژراوە"(١٣).
٣-لە ئیبن عەباسەوە گێڕدراوەتەوە وتویەتی: "ئافرەتان ئەگەر لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە ناکوژرێن"(١٤).
لەلایەکی ترەوە حەنەفییەکان بە بەهێزی وەڵامی بەڵگەی ئاراستەی یەکەم دەدەنەوە لەسەر کوشتنی ئافرەتی هەڵگەڕاوە، ئەوان پێیانوایە ئەو بەڵگانەی بە گشتگیر ئاماژە بە کوشتنی هەڵگەڕاوە دەدەن، تەنیا پیاوان دەگرنەوە، بە هۆی ئەو فەرموودانەی ڕێگری دەکەن لە کوشتنی ئافرەتان(١٥).

## لە قورئانی پیرۆزدا هیچ جۆرە سزایەکی دنیایی بۆ کەسی هەڵگەڕاوە لەئایین بڕیارنەدراوە

ئەو فەرموودە و گێڕدراوانەشی ئاماژە بە کوشتنی ئافرەتان دەدەن، زۆربەیان لاوازن و نابن بە بەڵگە، ئەگەر لاوازیش نەبن ئەوە تایبەتن بە ئافرەتی شەڕکەر، لەمبارەوە گەورەزانای حەنەفی، سەرەخسی (٤٩٠ک مردووە) ڕوونیکردووەتەوە کە (أم مروان) ئافرەتێک بوو لەناو تیرە و هۆزەکەیدا گوێڕایەڵی بوون، شەڕی دەکرد دژی موسوڵمانان، هانی خەڵکی دەدا بۆ شەڕکردن، بە هەمان شێوە (أم قرفة) ش ئافرەتێک بوو بەشداری شەڕبوو دژی موسوڵمانان، نزیکەی سی کوڕ و نەوەی هەبوو، زۆر بە توندی هانی دەدان بۆ شەڕکردن، کەواتە ئەو دوانە لە شەڕدا کوژراون، بە هۆی هەڵگەڕانەوەیانەوە نەکوژراون(١٦).
هەروەها سەرەخسی سەبارەت بە فەرموودەی پێشتر "ئەمە شەڕکەر نییە بۆ کوژراوە" دەڵێت: "لەم فەرموودەدا ڕوونکراوەتەوە کە هۆکاری کوشتن شەڕکردنە، ئافرەتانیش ناکوژرێن، چونکە شەڕکەر نین"(١٧).
دەمێنێتەوە ئاراستەی سێیەم کە هەر کام لە ئیبراهیمی نەخەعی و سوفیانی سەوری خاوەنی بوون، کە پێیانوابوو کەسی هەڵگەڕاوە لە ئیسلام بە هیچ شێوەیەک ناکوژرێت، بەڵکو بەردەوام بەرچاو ڕۆشنی و ڕوونکردنەوەی دەدرێتێ و داوای گەڕانەوەی لێدەکرێت.
لەگەڵ ئەوەی چەندین گەورە زانای وەک: عەبدولڕەزاقی سەنعانی (٢١١ک مردووە) و ئیبنو حەزمی ئەندەلوسی (٤٥٦ک مردووە) و ئیبن قودامەی مەقدیسی (٦٢٠ ک مردووە) و ئیبن جوزەی مالکی (٧٤١ک مردووە) و ئەبو عەبدوڵای دیمەشقی شافعی (٨٠٠ک مردووە) و ئیبن حەجەری عەسقەلانی و چەندانی تر ڕاشکاوانە ڕای نەخەعی و سەوریان گێڕاوەتەوە، هاوکات هەندێک زانای تر هەوڵیانداوە دەستکاری بۆچوونەکەیان بکەن بە

جۆرێک لەگەڵ بۆچوونی ئاراستەی یەکەمدا بگونجێت، بۆیە هەندێکیان وتویانە مەبەستی نەخەعی و سەوری لە نەکوشتنی هەڵگەڕاوە، کەسێک بووە کە هیوای گەڕانەوەی لێبکرێت. نەک بە ڕەهایی(١٨).

بەڵام لە ڕاستیدا ڕای دروستی ئەو دوو پێشەوایە بەو جۆرە بوو کە ئاماژەمان پێدا: (نەکوشتنی هەڵگەڕاوە بە ڕەهایی و بەبێ بەستنەوەی بەهیچ حاڵەتێکەوە)، هەروەک ئەو زانایانەی ناومان هێنان لێیان گێڕاونەتەوە، سەبارەت بەو ڕایەش کە دەڵێت: (هەڵگەڕاوە تا هیوای گەڕانەوەی لێبکرێت، ناکوژرێت) ئەمە ڕای ئیمامی مالیکە، نەک نەخەعی و سەوری، هەروەک بەیهەقی (٤٥٨ ک مردووە) و قازی عیاز (٥٤٤ک مردووە) و کەسانی تر گێڕاویانەتەوە(١٩).

## کەسی هەڵگەڕاوە لە ئیسلام پیاو بوو، سزای کوشتنی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، بەڵام ئافرەتی بەند دەکرێت

لە دیارترینی ئەو بەڵگانەشی شوێنکەوتوانی ئاراستەی سێیەم پشتیان پێبەستووە لەسەر نەکوشتنی هەڵگەڕاوە، بریتین لەمانە:

١-عەبدوڵای کوڕی عوبەید دەیگێڕێتەوە "پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) چوار جار داوای گەڕانەوەی لە نەبهان کرد"(٢٠) کە پیاوێک بوو لە ئیسلام هەڵگەڕابووەوە.

٢-ئەنەسی کوڕی مالک دەیگێڕێتەوە: "ئەبو موسای ئەشعەری، جوحەینەی درۆزن و هاوەڵەکانی کوشت کە هەڵگەڕابوونەوە لە ئیسلام، ئەنەس دەڵێت: هاتمە لای خەلیفە عومەر، پێی وتم: جوحەینە و هاوەڵانی چیان بەسەرهات؟ ئەنەس دەڵێت: سێ جار خۆم لە وەڵامەکە دزییەوە، دواتر وتم: ئەی ئەمیری بڕواداران بێجگە لە کوشتن هیچ ڕێیەکی تریان هەیە؟ خەلیفە وتی: ئەگەر بتهێنانایە بۆ لای من ئیسلامم بۆ ڕووندەکردنەوە و داوای گەڕانەوەم لێدەکردن، لە کاتی نەگەڕانەوەشیاندا بە زیندانم دەسپاردن" (٢١).

٣-لەلایەنی ئەبوموسای ئەشعەرییەوە پیاوێک هات بۆ لای خەلیفە عومەر، خەلیفە وتی: هیچ هەواڵێکی نامۆ هەیە؟ پیاوەکە وتی: بەڵێ کەسێک لە ئیسلام هەڵگەڕابووەوە. خەلیفە وتی: چیتان لێکرد؟ پیاوەکە وتی: نزیکمان کردەوە و لە ملیمان دا. خەلیفە وتی: با سێ ڕۆژ زیندانیتان کردبایە و ڕۆژانە نانتان بدایەتێ و داوای گەڕانەوەتان لێکردایە، بەڵکو بگەڕایەتەوە یان تۆبەی بکردایە، خوایە شایەت بە، من لەوێ نەبووم و فەرمانیشم نەکردووە و ڕازیش نەبووم بەوەی پێمگەیشتووە" (٢٢).

٤-عەبدولڕەزاقی سەنعانی لە مەعمەرەوە

دەیگێڕێتەوە: " کۆمەڵێک لە خەڵکی جەزیرە بۆیان گێڕامەوە، چەند کەسێکیان موسوڵمان بوون، ئەوەندەی نەبرد لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە، مەیمونی کوڕی مەهران لە بارەیانەوە نووسی بۆ خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، خەلیفە وەڵامی دایەوە: جیزیەکەیان بەسەردا بدەرەوە و وازیان لێ بهێنە"(٢٣).
ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە چۆن بتوانرێت جۆرێک لە هاوسەنگی و تەبایی دروست بکرێت لە نێوان ڕاڤە و ماناکردنی ئەو دەقانەی هەرکام لەو سێ ئاڕاستە پشتیان پێ بەستووە لەلایەک و بابەتی ئازادی ئایینداری و ڕادەربڕین کە وەک بنەمایەکی نەگۆڕ لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێدراوە لە لایەکی ترەوە.
هەر لە ڕوانگەی قورئانی پیرۆزەوە دەبینین هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام وەکو تاوانێکی عەقیدەیی وێناکراوە و خراوەتە ڕوو، پەیوەندی بە مافی مرۆڤەکانەوە نییە، واتە: مافی کەسەکانی تێدا پێشێل نەکراوە، بەڵکو مافی خودای تێدا پێشێلکراوە، بە پێچەوانەی زۆرێک لە تاوانەکانی وەک (دزی و بەدڕەوشتی و شەڕ و کوشتن و تۆقاندن) کە تێیاندا مافی مرۆڤەکان پێشێل دەکرێت، هەربۆیە قورئان بە توندی سەرزەنشتی هەڵگەڕاوان دەکات و لە سۆز و بەزەیی خۆی بێبەریان دەکات و تاوانی هەڵگەڕانەوە بە هەڵوەشێنەری ئینتیمای ئیسلامی لە قەڵەم دەدات و بڕیاری سزادان بۆ خاوەنەکەی دەدات لە ڕۆژی دواییدا، نەک لە دنیادا، هەروەک لەم ئایەتە قورئانیانەدا هاتووە:
[وَمَن يَرۡتَدِدۡ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَيَمُتۡ وَهُوَ كَافِرٞ فَأُوْلَٰٓئِكَ حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ] (البقرة: ٢١٧).[ يَوۡمَ تَبۡيَضُّ وُجُوهٞ وَتَسۡوَدُّ وُجُوهٞۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسۡوَدَّتۡ وُجُوهُهُمۡ أَكَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡ فَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَ بِمَا كُنتُمۡ تَكۡفُرُونَ] (آل عمران:١٠٦).[ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ٱزۡدَادُواْ كُفۡرٗا لَّمۡ يَكُنِ ٱللَّهُ لِيَغۡفِرَ لَهُمۡ وَلَا لِيَهۡدِيَهُمۡ سَبِيلَۢا] (النساء:١٣٧). [مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلۡكُفۡرِ صَدۡرٗا فَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ] (النحل:١٠٦).

بە پێی ئەم ئایەتانە بێت کە باس لە تاوانی هەڵگەڕانەوە دەکەن، قورئانی پیرۆز هیچ سزایەکی دنیایی دیاری نەکردووە بۆ کەسی هەڵگەڕاوە لە ئیسلام، هاوکات تاوانی هەڵگەڕانەوە لە خودی خۆیدا هۆکار نییە بۆ کوشتنی خاوەنەکەی، لەگەڵ ئەمەشدا ناگونجێت سوننەتی پێغەمبەر پێچەوانەی قورئانی پیرۆز حوکم بدات، یاخود بنەمایەکی قورئانی هەڵبوەشێنێتەوە، دەی کەواتە دەبێت ڕاڤە و لێکدانەوەی ئەو فەرموودانەی ئاماژە بە کوشتنی هەڵگەڕاوە دەدەن ساز و تەبا بن لەگەڵ بنەما قورئانییەکاندا.
بەهێزترین بەڵگەیەک لەسەر کوشتنی

هەڵگەڕاوە کە زۆرینەی زانایان پشتیان پێ بەستووە، بریتییە لە فەرموودەی: "هەرکەس ئایینی گۆڕی بیکوژن" ئەم فەرموودەیە لە لایەنی واتا و دارشتنی زمانەوانییەوە گشتگیرە بۆ پیاو و ئافرەتی هەڵگەڕاوە، هەروەها گشتگیرە بۆ هەڵگەڕاوەی ئاشتیخواز و هەڵگەڕاوەی شەڕخواز، ئەگەر بەم شێوە ڕەهایی و گشتگیرییە واتای فەرموودەکە مەبەست بێت، ئەوە پێچەوانەی بنەمای ئازادی بیروباوەڕ و ڕەتکردنەوەی زۆرلێکردنە، کە بنەمایەکی قورئانیی جێگیرە.

هەربۆیە چەندین فەرموودەی ترمان هەیە ڕۆشنکەرەوە و تایبەتکەری فەرموودەی ناوبراون، ڕوونیدەکەنەوە مەبەست لە هەڵگەڕاوە کە حوکمی کوشتنی بەسەردا دەچەسپێت کەسێکە لە ئیسلام هەڵگەڕابێتەوە و پەیوەندی کردبێت بە ڕیزی شەڕکەرانەوە دژی موسوڵمانان، واتە هۆکاری کوشتنی هەڵگەڕاوە، هەڵگەڕانەوەکەی نییە، بەڵکو شەڕخوازی و شەڕکردنییەتی دژی موسوڵمانان.

**ئافرەتێک ناوی (أم مروان) بوو لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە، پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) فەرمانی دا ئیسلامی بۆ ڕوون بکەنەوە، ئەگەر نەگەڕایەوە بیکوژن**

لەو فەرموودانەی ڕۆشنکەرەوەی فەرموودەی ناوبراون، فەرموودەکەی ئیبن مەسعودە کە پێشتر ئاماژەی پێدراوە:"دروست نییە خوێنی موسوڵمانێک بڕژێت کە شایەتی بدات هیچ خوایەک نییە بێجگە لە (الله) و منیش پێغەمبەری خودام، لە یەکێک لەم سێ حاڵەتەدا نەبێت: یەکەم: کەسێک بە ناحەق کەسێکی کوشتبێت، دووەم: پیاوێک ژنی هێنابێت و بەدرەوشتی بکات، یان ژنێک شووی کردبێت بەدرەوشتی بکات، سێیەم: کەسێک لە ئایین هەڵگەڕابێتەوە و لە کۆمەڵ جیا بووبێتەوە".

لەم فەرموودەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە ئەو کەسەی دەکوژرێت کەسێکە لە ئایین هەڵگەڕابێتەوە و لە کۆمەڵ جیا بووبێتەوە، بە تەنیا هەڵگەڕانەوە هۆکاری کوشتن نییە ئەگەر جیابوونەوەی لە کۆمەڵ لەگەڵ نەبێت، مەبەستیش لە جیابوونەوە لە کۆمەڵ شەڕکردنە دژی کۆمەڵگەی موسوڵمان، هەروەک خاتوو عائیشە لە فەرموودەیەکی تردا ڕوونی دەکاتەوە، لە پێغەمبەرەوە دەیگێڕێتەوە فەرموویەتی: "دروست نییە خوێنی موسوڵمان بڕژێت لە یەکێک لەم سێ حاڵەتەدا نەبێت: بەدرەوشتێکی خاوەن ژن، یان خاوەن مێرد، کەسێک بە ئەنقەست کەسێکی کوشتبێت، پیاوێک لە ئیسلام هەڵگەڕابێتەوە و دژی خودا و پێغەمبەر شەڕ بکات، ئەو کات یان

دەکوژرێت، یان هەڵدەواسرێت، یان دوور دەخرێتەوە»(٢٤).
ئیبن تەیمیە (٧٢٨ک مردووە) لەسەر فەرموودەکەی عائیشە دەڵێت: "ئەو جیاکەرەوەی لەم فەرموودەدا هاتووە، هەمان ئەو باسکراوەیە لە فەرموودەکەی (ئیبن مەسعود)دا هاتووە: کەسێک لە ئایین هەڵگەڕابێتەوە و لە کۆمەڵ جیا بووبێتەوە، ئەمەش بە شەڕکردن دەبێت"(٢٥).
هەروەها زانای فەرموودەناسی هیندی عەزیم ئابادی-یش (١٣٢٩ک مردووە) پێیوایە فەرموودەکەی عائیشە ڕوونکەرەوەی فەرموودەکەی ئیبن مەسعودە(٢٦).
لەلایەکی ترەوە فەرموودەی عورەینییەکان زیاتر بەرچاومان ڕۆشندەکاتەوە کە ئەو کەسانە بەهۆی هەڵگەڕانەوەیان نەکوژران، بەڵکو ئەوان لەگەڵ هەڵگەڕانەوەیان، بە ئاشکرا شەڕیان کرد، کوشتنیان ئەنجامدا، حوشتری زەکاتیان بە تاڵان برد.
هەر لە هەمان باسدا گێڕانەوەی چیرۆکی (أم مروان) و (أم قرفة) هەردووکیان لاوازن وەک لە پەراوێزدا ڕوونکراوەتەوە، ئەگەر وادابنێین دروستیش بن، هەروەک سەرەخسی وتی: ئەو دوانە شەڕکەر بوون. بە هەمان شێوە چیرۆکی پیاوە کوێرەکەش کە ئیبن عەباس گێڕایەوە، سەنەدەکەی قسەی لەسەرە و نابێتە بەڵگەیەکی دروست.

دیسان جیاوازی کردنی حەنەفی و ئیمامییەکان لە نێوان هەڵگەڕاوەی پیاو و هەڵگەڕاوەی ئافرەتدا دەیسەلمێنێت کە هەڵگەڕانەوە لە خودی خۆیدا نابێتە هۆکاری کوشتنی خاوەنەکەی، بەڵکو هۆکاری کوشتن شەڕکردنە، ئەگەر هەڵگەڕانەوە هۆکار بوایە جیاوازی پیاو و ژن نەدەکرا (٢٧).

**خەلیفە ئەبووبەکر داوای تۆبە و گەڕانەوەی لە ئافرەتێک دەکرد بەناوی (أم قرفە) ئافرەتەکە نەگەڕایەوە، خەلیفە فەرمانی دا بیکوژن لە ڕوانگەی قورئانەوە هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام وەکو تاوانێکی عەقیدەیی وێناکراوە، پەیوەندی بە مافی مرۆڤەکانەوە نییە**

بە وردبوونەوەشمان لە واقیعی سەردەمی پێغەمبەر دەبینین ئەو کەسانەی لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە، زۆربەیان پەیوەندیان کردوە بە بێ باوەڕانی قورەیشەوە و بەشداری شەڕیان کردوە دژی موسوڵمانان، ئەو کات حوکمی کوشتنیان دەرچووە.
بە پێچەوانەشەوە چەندین حاڵەتی تری هەڵگەڕانەوە لە شاری مەدینە ڕویداوە، بەڵام چونکە خاوەنەکانیان ئاشتیخواز بوون، شەڕخواز نەبوون، پێغەمبەر

(دروودی خوای لێ بێت) حوکمی کوشتنی نەداون:

بوخاری و ئەوانی تریش دەیگێڕنەوە لە جابیری کوڕی عەبدوڵڵاوە: "کابرایەکی دەشتەکی بەیعەتی لەسەر ئیسلام بە پێغەمبەردا، چەند ڕۆژێک لە مەدینە مایەوە تووشی لەرز و تایەکی بەهێز بوو، دواتر هاتە لای پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت)و وتی: ئەی محەممەد بەیعەتەکەم هەڵبوەشێنەرەوە، پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) ڕازی نەبوو، کابرا سێ جار داوای کرد و لە پاشان ڕۆیشت، پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) فەرمووی: مەدینە وەک ئامێری ئاگرخۆشکەر وایە، پیسی و خۆڵەمێشەکە لادەبات و پشکۆ گەشاوەکە دەهێڵێتەوە"(٢٨).

ئیمامی نەوەوی (٦٧٦ک مردووە) و ئیبن حەجەری عەسقەلانی لە قازی عیازەوە دەیگێڕنەوە، کە کابرای دەشتەکی مەبەستی لە قسەکەی پەشیمان بوونەوە و هەڵگەڕانەوە بوو لە ئیسلام، پێغەمبەریش (دروودی خوای لێ بێت) وازی لێهێنا و سزای نەدا(٢٩).

بە هەمانشێوە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە گێڕدراوەتەوە: "کابرایەکی مەسیحی موسوڵمان بوو، سورەتی بەقەرە و ئالی عیمرانی خوێند، بووە نوسەری پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت)، بەڵام لە پاش ماوەیەک کابرا گەڕایەوە سەر ئایینی یەکەمجاری و دەیوت: محەممەد هیچ نازانێت بێجگە لەوەی من بۆی دەنووسم، کابرا مایەوە تا لە مەدینە مرد و بە گۆڕ سپاردرا..."(٣٠)

کەواتە دەقی ئەم دوو فەرموودە دەیسەلمێنێت کە هەڵگەڕانەوە بەبێ شەڕکردن و چوونە نێو ڕیزی شەڕکەران نابێتە هۆی حەڵاڵکردنی خوێن، مرۆڤ ئازادە چۆن بیردەکاتەوە، هەر جۆرە زۆرلێکردنێک بۆ باوەڕهێنان بە ئیسلام بە توندی ڕەتکراوەتەوە.

نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە باوەڕهێنان هەڵقوڵاوی بیرکردنەوەی ئازاد و سەرپشکایەتی تەواو و قەناعەتی ناوەکی خودی مرۆڤە، هەر زۆرلێکردن و ئازاردان و بەکارهێنانی هێزێک بۆ باوەڕهێنان، دەبێتە هۆی دروستبوونی چینێکی دووڕوو، یان خاوەن کەسایەتی جیاواز، کە مەترسی ئەم چینە لەسەر کۆمەڵگە زۆر زیاترە لە مەترسی کەسێک ڕاشکاوانە بیروباوەڕی ئاشکرا بکات (٣١).

هەموو مرۆڤێک مافی خۆیەتی بیربکاتەوە، تێبفکرێت، گومانی هەبێت، باوەڕ بهێنێت، پەشیمان بێتەوە، باشتر وایە زانایانی موسوڵمان و بانگخوازان لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا بەجوانی و نەرمی مامەڵە بکەن لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئایەتە قورئانییەدا [ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦۖ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ] النحل:١٢٥.

شێخی پێشووتری ئەزهەر مەحموود

شەلتوت (١٩٦٣ز مردووە) دەڵێت: "لەسەر ئەم بابەتە (کوشتنی هەڵگەڕاوە) تێڕوانین دەگۆڕێت، کاتێک دەبینین زۆرێک لە زانایان پێیانوابووە تاوان و سزا حەددییەکان بە فەرموودەی ئاحاد ناچەسپێت، هاوکات کافر بوون لە خودی خۆیدا نابێتە هۆکاری حەڵاڵکردنی خوێن، بەڵکو ئەوەی دەبێتە هۆکاری حەڵاڵکردنی خوێن، بریتییە لە شەڕکردن دژی موسوڵمانان و بە زۆر لە ئیسلام گێڕانەوەیان"(٣٢).

## دەبێت لێکدانەوەی ئەو فەرموودانەی ئاماژە بە کوشتنی هەڵگەڕاوە دەدەن سازو تەبا بن لەگەڵ بنەما قورئانییەکاندا

لەکۆتایی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە یەکێک لە بنەما بەرزەکانی ئایینی ئیسلام بریتییە لە ئازادی بیرکردنەوە و ئاینداری، مرۆڤەکان ئازادن لە بیرکردنەوە و باوەڕهێنانندا، هاوکات هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام تاوانێکی عەقیدەییە و سزاکەی هەڵگیراوە بۆ ڕۆژی دوایی، هەر بۆیە کەسی هەڵگەڕاوە لە ئیسلامدا ئەگەر کەسێکی ئاشتیخواز و دانیشتوو بێت، هیچ جۆرە سزایەک نادرێت، واتە هەڵگەڕانەوە هۆکاری کوشتن نییە، بەڵکو کاتێک کەسی هەڵگەڕاوە سزای کوشتنی بۆ دەردەچێت، کە ببێتە کەسێکی شەڕانگێز و خوێنڕێژ، بە دەست و زوبان و پارە و سامانی هەستێت بە کاری دوژمنکارانە دژی کۆمەڵگەی موسوڵمان.

هەروەها شایانی باسکردنیشە کە بابەتی کافرکردن و حوکمدان بە هەڵگەڕانەوەی کەسێک لە ئیسلام، کارێکی زۆر قورس و مەترسیدارە، زانایانی ئیسلام زۆربەیان خۆیان لێ بە دوور گرتووە، یان بە ئاگاداری و ترسەوە مامەڵەیان لەگەڵ کردووە، تا نەگەیشتبن بە یەقینی تەواو حوکمی بێ باوەڕ بوونیان بەسەر کەسدا دەرنەکردووە، زانایانی حەنەفی یاسایەکیان هەیە دەڵێت: "ئەگەر لە بابەتێکدا چەندین ڕێگە و هۆکار هەبێت بۆ کافرکردن، تەنیا یەک ڕێگە هەبێت ڕێگربێت لە کافر کردن، پێویستە موفتی کار بەو تاقە ڕێگەیە بکات" (٣٣).

یاخود هەندێکی تریان گوتوویانە: "فەتوا نادرێت بە کافرکردنی کەسێک هەتا بتوانرێت بوارێکی دەرچوون بۆ وتەکەی بدۆزرێتەوە، یان ئەگەر لە کافرکردنیدا ڕای جیاواز هەبوو با لاوازیش بێت" (٣٤).

زۆر مەترسیدارە لە ئەمڕۆدا دەبینین کەسانی سادە، دەمارگیر، نەشارەزا، کاڵفام و هەڵچوو دێن حوکمی کافرکردن و لە دین دەرچوونی ئەم و ئەو دەدەن، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیان بەدەستەوە بێت، بۆیە پێویستە ئەم بابەتە جێبهێڵرێت بۆ کەسانی زۆر شارەزا و پسپۆڕ و لێوانلێو لە زانستەکانی

شەریعەت، کەسانی لەسەرخۆ، کەسانی دوور لە هەر دەمارگیری و توندگیری و تاقمچێتیەک.

**بەهێزترین بەڵگەیەک لەسەر کوشتنی هەڵگەڕاوە کە زۆرینەی زانایان پشتیان پێ بەستووە، بریتییە لە فەرموودەی: "هەرکەس ئایینی گۆڕی بیکوژن**

## سەرچاوە و پەراوێز:

١-بڕوانە: ابن رشد: بداية المجتهد ونهاية المقتصد، دار ابن حزم، بيروت، ط١، ٢٠٠٣، ٨٢٣/٢. الشيرازي: المهذب في فقه الإمام الشافعي، تحقيق: عادل أحمد عبد الموجود وعلي محمد معوض، دار المعرفة، بيروت، ط١، ٢٠٠٣، ٤١١/٣. المقدسي: العدة شرح العمدة، تحقيق: خليل مأمون شيحا، دار المعرفة، بيروت، ط٦، ٢٠٠٠، ص ٥٦١. ابن حزم: المحلى شرحالمجلى، تحقيق: أحمد محمد شاكر، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط٢، ٢٠٠١، ٥٨/١٣. ابن المرتضى: البحر الزخار الجامع لمذاهب علماء الأمصار، تحقيق: محمد محمد تامر، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ٢٠٠١م.

٢-بڕوانە: الكاساني: بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع، تحقيق: محمد عدنان، دار إحياء التراث العربي، بيروت، ط٢، د.ت، ١١٩/٦. المحقق الحلي: شرائع الإسلام في مسائل الحلال والحرام ، انتشارات استقلال، تهران، ط٤، ١٤١٥هـ، ٩٦٢/٤.

٣-بڕوانە: الصنعاني، عبد الرحمن بن همام: المصنف، تحقيق: مركز البحوث وتقنية المعلومات، دار التأصيل، ط٢، ٢٠١٣، ٣٤٤/٩. عياض، القاضي: الشفا بتعريف حقوق المصطفى، المطبعة الأزهرية المصرية، القاهرة، ١٣٢٧هـ، مطبوع مع شرحه نسيم الرياض للخفاجي، ٤٥١/٤. الدمشقي: رحمة الأمة في اختلاف الائمة، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٩٩٥، ص ٢٨٣. ابن قدامة: المغني، تحقيق: محمد شرف الدين خطاب والسيد محمد السيد، دارالحديث، القاهرة، ط١،٢٠٠٤، ٩٣/١٢.

٤-دەقی فەرموودەکە: "مَنْ بَدّل دِينَهُ فَاقتلوهُ" أخرجه البخاري في صحيحه كتاب الجهاد والسير، باب: لا يعذب بعذاب الله (٣٠١٧).

٥-دەقی فەرموودەکە: "لا يحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ، يَشْهَدُ أَنْ لا إِلهَ إِلَّا اللهُ وَأَنِّي رسول اللهِ، إِلَّا بِإِحْدى ثلاثٍ: النَّفْسُ بِالنَّفْسِ، وَالثَّيِبُ الزَّانِي، والْمَارِقُ مِنَ الدِّينِ التَّارِكُ الْجَمَاعَةَ" أخرجه البخاري في صحيحه كتاب الديات، باب: قول الله تعالى :أن النفس بالنفس... (٦٨٧٨) ومسلم في صحيحه كتابكتاب القسامة والمحاربين والقصاص والديات، باب: ما يباح به دم المسلم(١٦٧٦).

٦-حديث العرنيين أخرجه البخاري في صحيحه في أكثر من موضع(١٥٠١،٢٣٣، ٤١٩٢،٦٨٠٥...) ومسلم في صحيحه كتاب القسامة والمحاربين والقصاص والديات، باب: حكم المحاربين والمرتدين(١٦٧١).

٧-دەقی فەرموودەکە: "أَنَّ امْـرَأَةً يُقَال لهَا أُمُّ مَـرْوانَ ارْتَـدَّتْ عَنِ الْإِسْـلامِ، فَـأَمَرَ النَّبِيُّ أَنْ يُعْرَضَ عليهَا الْإِسْـلامُ، فَـإِنْ رجَعَتْ وإِلَّا قُتِلتْ" أخرجه الدار قطنى فى سننه (٣١٨٩) والبيهقى فى الكبرى (١٦٨٦٦) من طريقين، قال الحافظ: إسنادهما ضعيفان، وفى أحد الإسنادين معمر بن بكار، قال العقيلى: فى حديثه وهم، وفى الآخر، عبد الله بن أذينة، جرحه ابن حبان وقال: لايجوز الاحتجاج به بحال، وقال ابن عدى: منكر الحديث، وقال الدار قطنى: متروك، ومن وجه آخر أخرجه الدار قطنى والبيهقى، بألفاظ متقاربة، عن عائشة، وهو ضعيف أيضا، لأن فى سنده محمد بن عبد الملك، قال أحمد وغيره فيه: يضع الحديث. انظر: الزيلعى: نصب الراية لتخريج أحاديث الهداية، تحقيق: أحمد شمس الدين، دار الكتب العلمية، بيروت، ط٢، ٢٠٠٢. ٦٨٩/٣. العظيم أبادى: التعليق المغنى على الدار قطنى، دار المحاسن، القاهرة، د.ت،١٩٦٦. ١١٨/٣.

٨-دەقی فەرموودەکە: " أَنَّ أُمَّ ولـدٍ لـرَجل كَانَتْ تَشْـتُمُ النَّبِيَّ فَكَانَ ينْهَاهَا ولا تَنْتَهِى ويزْجُرُهَا ولا تَنْزَجِرُ، فَشَتَمَتْهُ ذَاتَ يَوْمٍ فَأَخَذَ مِعْولا فوضَعَهُ فِى بَطْنِهَا، ثُمَّ اتَّكَأَ علَيْهِ حَتَّى أَنْفَذَهُ، فَقَال النَّبِيُّ: اشْهَدوا أَنَّ دَمَهَا هَدَرٌ" أخرجه أبو داود فى سننه (٤٣٦١) والنسائى فى المجتبى (٤٠٧٠) والدار قطنى فى سننه (٣١٦٩) والبيهقى فى الكبرى ١٣٣٧٥) وأورده الحافظ ابن حجر فى بلوغ المرام (١٢١٥) وقال: رواته ثقات، وأورده الألبانى فى صحيح سنن النسائى(٣٧٩٤).

٩-دەقی فەرموودەکە "إنَّ امْرَأَةً يُقَال لهَا أُمُّ قرفَةَ كَفَرَتْ بَعْدَ إِسْلامِهَا ، فَاسْتَتَابَهَا أَبُو بَكْر فلَمْ تَتُبْ ، فَقَتلهَا" أخرجه أبو عبيد فى الأموال(٤٨٤) والدار قطنى فى سننه (٣٢٠٢) والبيهقى فى الكبرى (١٦٨٧٢، ١٦٨٧٣) والمتقى الهندى فى كنز العمال(١٤٨١) وضعفه بعض العلماء لانقطاعه، لأن سعيد بن عبد العزيز لم يدرك أبا بكر، لكن الحافظ قال: أخرج الدار قطنى أثر أبى بكر من وجه حسن، وقال البيهقى: رويناه من وجهين مرسلين. انظر: الزيلعى:المصدر السابق ٦٩٢/٣. العسقلانى:فتح البارى شرح صحيح البخارى، تحقيق و ترقيم: عبدالعزيز بن باز، محمد فؤاد عبد الباقى، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ٢٠٠٤. ٢٣٣/١٣.

١٠-بڕوانە: العسقلانى : سەرچاوەی پێشوو ٢٣٣/١٣.

١١-دەقی فەرموودەکە: "..أنَّ امْرَأَةً وُجِدَتْ فِى بَعْضِ مَغَازِى النَّبِيِّ مَقْتوُلَةً فَأَنْكَرَ رسول اللهِ قَتْلَ النِّسَاءِ وُالصِّبْيَانِ" أخرجه البخارى فى صحيحه كتاب الجهاد والسير، باب: قتل الصبيان فى الحرب(٣٠١٤) ومسلم فى صحيحه كتاب الجهاد والسير، باب: تحريم قتل النساء والصبيان فى الحرب(١٧٤٤).

١٢-بڕوانە: الموصلى: الاختيار لتعليل المختار، تحقيق: على عبد الحميد أبو الخير ومحمد وهبى سليمان، دار الخير للطباعة و النشر، بيروت، ط١، ١٩٨٨، ٤٢٢/٤.

١٣-أخرجه أبو داود فى سننه (٢٦٦٩) وابن ماجه فى سننه (٢٨٤٢) وأحمد فى

مسنده (١٥٩٩٢) وابن حبان في صحيحه (٢١٦٧) والبيهقي في السنن الكبرى(١٨١٠٤) وغيرهم،وأورده الألباني في صحيح سنن ابن ماجه (٢٢٩٤) وقال محقق المسند،شعيب الأرنؤوط:صحيح لغيره.

١٤-لا يقْتلنَ النِّسَاءُ إِذَا هُنَّ ارْتَـدَدْنَ عَنِ الْإِسْلَامِ» أخرجه ابن أبي شيبة في المصنف (٢٨٩٩٤)والــدار قطني في سننه (٣٤٥٨) والبيهقي في الكبرى (١٦٨٦٩) وعبد الرزاق في المصنف (١٨٧٣١) وأورده الذهبي في المهذب في اختصار السنن الكبير (١٣١٠٣) وقال: «...قال الشافعي:والذي روى هذا ليس ممن يثبت أهل الحديث حديثه» .

١٥-بڕوانه: السرخسي: المبسوط ، قدم له: خليل محي الدين الميس، دارالفكر، بيروت، ط١٠، ٢٠٠٠،٨٩/١. الكاساني: سەرچاوەی پێشوو ١١٩/٦.

١٦-بڕوانه: المبسوط ٨٩/١٠.

١٧-المبسوط ٩٠/١٠.

١٨-بڕوانه: الكردي، أميد عثمان: عقوبة الإعدام في الشريعة الإسلامية، مؤسسة الرسالة ناشرون، بيروت، ط١، ٢٠٠٨، ص ١٣٣.

١٩-بڕوانه: عياض، القاضي: سەرچاوەی پێشوو ٤٥٢/٤. الكردي: سەرچاوەی پێشوو ، ص ١٣٤.

٢٠-دەقی فەرموودەكە: «أَنَّ النَّبِيَّ اسْتَتَابَ نَبْهَانَ أَرْبَعَ مَرَّاتٍ « أخرجه عبد الرزاق في المصنف(١٨٦٩٩) وأبو يعلى في مسنده (١٧٨٥) والبيهقي في الكبرى(١٦٨٣٣) وقال: «هذا منقطع، وروي من وجه آخر موصولًا، وليس بشيء». وأورده الهيثمي في مجمع الزوائد وقال: «»رواه أبو يعلى، وفيه المعلى بن هلال، وقد أجمعوا على ضعفه بالكذب».

٢١-أَنَّ أَبَا موسى الْأَشْعَرِيَّ قَتل جُحيْنَةَ الْكَذَّابَ، وَأَصْحَابَهُ، قَالَ أَنَسٌ: فَقَدِمْتُ على عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ فَقَالَ: مَا فَعل جُحيْنَةُ، وَأَصْحَابُهُ؟ قَالَ: فَتَغَافلت عَنْهُ - ثلَاثَ مَرَّاتٍ، فَقلت: يا أَمِيرَ الْمُؤمِنِينَ، وهلْ كَانَ سَبِيل إِلَّا الْقَتْل؟ فَقَال عُمَرُ: لوْ أَتيت بِهِمْ لعَرَضْت عليهِمْ الْإِسْلَامَ، فَإِنْ تَابوا وَإِلَّا اسْتَوْدَعْتهمْ السِّجْنَ» أخرجه عبد الرزاق في المصنف (١٨٦٩٦) وابن أبي شيبة في المصنف(٣٢٧٣٧) والطحاوي في شرح معاني الآثار(٥١٠٥) والبيهقي في الكبرى (١٦٨٨٨) وابن حزم في المحلى ٦٠/١٣ واللفظ له، وأورده زكريا الباكستاني في: ما صح من آثار الصحابة١٢٢٢/٤.

٢٢-أَنَّ رجلا وَفَدَ على عُمَرَ، فَقَال لهُ عُمَرُ: هلْ مِنْ مُغْرِبَةِ خَبَرٍ؟ فَأَخْبَرَهُ أَنَّ رجلا كَفَرَ بَعْدَ إِسْلَامِهِ، فَقَال مَا فَعلتُمْ بِهِ؟ فَقَالَ: قَرَّبْنَاهُ، وَضَرَبْنَا عُنُقَهُ، فَقَال: هلَّا حَبَسْتُمُوهُ ثلاثًا، وأَطْعَمْتُمُوهُ كلَّ يوْمٍ رغِيفًا، وأَسْقَيْتُمُوهُ؛ لعلهُ يتوبَ، اللَّهُمَّ إِنِّي لمْ أَحْضُرْ، ولمْ آمُرْ، ولمْ أَرْضَ إِذْ بلغَنِي" أخرجه مالك في الموطأ برواية أبي مصعب الزهري(١٤٤٥) وأبويوسف في الخراج، ص١٩٧. وعبدالرزاق في المصنف (١٨٦٩٥) والبيهقي في الكبرى (١٦٨٨٧) وابن حزم في المحلى ٦١/١٣ وصححه، وحسنه الألباني في التعليقات الرضية.

٢٣-عَنْ مَعْمَرٍ ، قَالَ: « أخبرني قوم من أهل الجزيرة أن قوما أسلموا، ثم لم يمكثوا إلا

قليلا حتى ارتـدوا، فكتب فيهم ميمون بن مهران إلى عمر بن عبد العزيز، فكتب إليه عمر: أن رد عليهم الجزية ودعهم. بڕوانه: عبد الرزاق : المصنف (١٨٧١٤).

٢٤-دەقی فەرمووده‌كه «لا يحِلُّ دم امرئٍ مُسلِم يشهدُ أن لا إله إلا اللهُ وأن محمداً رسول الله، إلا بإحدى ثلاثٍ: رجل زَنى بعدَ إحصانٍ فإنه يرجَمُ، ورجل خرَجَ محارباً لله ورسوله فإنَّه يقتل أو يصلّبُ أو ينفى من الأرضِ، أو يقتل نفساً فيقتل بها» أخرجه أبو داود في سننه (٤٣٥٣) و النسائي في المجتبى (٤٠٤٨) والطبراني في المعجم الأوسط (٣٧٦٠) والبيهقي في الكبرى(١٧٣١٢) وأورده الألباني في صحيح سنن النسائي (٣٧٧٨) وفي صحيح الجامع الصغير وزياداته(٧٦٤٢).

٢٥-الصارم المسلول على شاتم الرسول، تحقيق: أبو عمرو الأثرى، دار ابن رجب، ط١، ٢٠٠٣، ص٢٥٢.

٢٦-بڕوانه: العظيم آبادي: سەرچاوەی پێشوو ٨١/٣.

٢٧-بڕوانه: السرخسي: سەرچاوەی پێشوو ٨٩/١٠.

٢٨-دەقی فەرمووده‌كه»أن أعرابيا بايع رسول الله ﷺ . فأصاب الأعرابي وعك بالمدينة. فأتى النبي ﷺ فقال: يا محمد ! أقلني بيعتي. فأبى رسول الله ﷺ . ثم جائه فقال: أقلني بيعتي. فأبى. ثم جاءه فقال: أقلني بيعتي .فأبى. فخرج الأعرابي. فقال رسول الله ﷺ : "إنما المدينة كالكير. تنفي خبثها وينصع طيبها». أخرجه البخاري في صحيحه كتاب الأحكام، باب: من بايع ثم استقال البيعة (٧٢١١) ومسلم في صحيحه، كتاب الحج، باب: المدينة تنفي شرارها (١٣٨٣).

٢٩-بڕوانه: العسقلاني: سەرچاوەی پێشوو ٧٧/٥. النووي: شرح صحيح مسلم، تحقيق: أبو عبد الرحمن عادل بن سعد، دار ابن الهيثم،القاهرة، ط١، ٢٠٠٣، ٢٧٨/٥.

٣٠-كَانَ رجل نَصْرَانيّا فَأَسْلمَ وَقَرَأَ الْبَقَرَةَ وَآل عِمْرَانَ فَكَانَ يَكْتُبُ لِلنَّبِيِّ فَعَادَ نَصْرَانِيًّا فَكَانَ يقول مَا يدْرى مُحَمَّدٌ إِلَّا مَا كَتَبْتُ لهُ فَأَمَاتَهُ اللَّهُ فَدَفَنوهُ...»أخرجه البخاري في صحيحه، كتاب المناقب، باب: علامات النبوة في الإسلام (٣٦١٧)، ومسلم في صحيحه، كتاب صفات المنافقين وأحكامهم (٢٧٨١).

٣١-بڕوانه: الزلمي، د. مصطفى: التبيان لرفع غموض النسخ في القرآن، مكتب التفسير، أربيل، ط١، ٢٠٠٠، ص١٧١.

٣٢-الإسلام عقيدة وشريعة، دار الشروق، القاهرة، ط ١٨، ٢٠٠١، ص ٢٨١.

٣٣-بڕوانه: ابن عابدين: رد المحتار على الدر المختار، شرح تنوير الأبصار، تحقيق: عادل أحمد عبد الموجود وعلى محمد معوض، دار الكتب العلمية ، بيروت، ط٢،- ٢٠٠٣، ٣٥٨/٦.

٣٤-هەمان سەرچاوەی پێشوو /٣٥٨.

# هەڵکردن و لێبوردەیی لە عیرفانی ئیسلامیدا

کامەران مەلا ئەحمەد

## پێشەکی

ڕەنگە هیچ کاتێک بە ئەندازەی ئێستا موسڵمانان بە گشتی و موسڵمانانی کوردستان بە تایبەتی پێویستییان بە لێبوردن و هەڵکردن لەگەڵ یەکتر نەبووبێت. ئەگەرچی خودی ئەم داواکارییە بۆ خۆی جێگەی سەرنجە لە پەیرەوکارانی ئایینێک بکرێت کە خاوەنی پەیامی ﴿وَٱعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُواْ﴾١ و ﴿وَمَا ٱخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَيْءٍ فَحُكْمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ﴾٢ بێت، بەڵام ئەوان هێندەی ناکۆکییەکانیان بە ئامانجی دەمکوت کردنی یەکتر قوڵ دەکەنەوە، ئەوەندە بە ئامانجی گەڕان بە دوای دۆزینەوەی چارەسەرە هەنووکەییەکانی مرۆڤایەتی و خودی ئومەتی ئیسلامی نین، کە بەرۆکی ئەم ئومەتەی گرتووە. ئەگەر ئامانجی مرۆڤ چارەسەرکردنی کێشەکان بێت و ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکان بێتەوە، ئەوا گومانی تێدا نییە لە توانایدایە ئەو کارە بکات.

ئەگەر ئامانجی مرۆڤ چارەسەرکردنی کێشەکان بێت و ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکان بێتەوە، ئەوا گومانی تێدا نییە لە توانایدایە ئەو کارە بکات. هەر بۆیە پێویستە نزیکترین ڕێگا و بەردەستترین کەرەستە بەکاربهێنێت، کە کارئاسانی بۆ دەکات لە بەدیهێنانی ئامانجەکەی، بۆیە بە ئامانجی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک تا لە ڕێیەوە بتوانین یەکتر قبوڵ بکەین بە جیاوازییەکانەوە و ناکۆکییەکان تێپەڕێنین کە ڕێگە نەدەین ببێتە هۆکاری لێکترازانمان، ئەوا ئەو سامانە مەعنەوییەی کە عاریفەکانمان بەرهەمیان هێناوە، دەتوانێت کۆمەکمان بکات، چونکە عاریفەکان هێندەی دەیانەوێت لە ڕێگەی پەروەردەکردنی ڕۆح و عەقڵ و جڵەوکردنی دەروونەوە یەکڕیزی نێوان مرۆڤەکان بپارێزن، هێندە کار لە سەر تۆخکردنەوەی جیاوازییەکان ناکەنەوە بە ئامانجی لێکترازانی مرۆڤایەتی بە ئایینە جیاوازەکانیشەوە، چجای بگات بە خودی ئومەتی ئیسلامی.
یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی مرۆڤ چ لەسەر ئاستی تاک و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بریتییە لە جیاوازی و جیاواز دەرکەوتن. قۆناغی ژیانی هەر مرۆڤێک/ تاکە کەسێک پڕیەتی لە جیاوازی و گۆڕانکاری بەرچاو. بەهەمان شێوە کۆمەڵگەکانیش بەردەوام لە گۆڕانکاریدان و ناتوانن تاسەر لەیەک قاڵب و ڕەنگدا بمێننەوە، چونکە سروشتی ژیانی مرۆڤ وایە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە پێداویستی و ئامانجەکانی دەگۆڕێن، بەمەش هۆکارەکان دەگۆڕێن، تەنانەت هەندێکجار خودی گۆڕانی هۆکارەکان سەرچاوەی گۆڕینی پێداویستی و ئامانجەکانی مرۆڤن لە ژیاندا. ئەمەش پێویستی بە نوێبوونەوە هەیە کە گومانی تێدا نییە جیاوازییەکان زەقتر دەکاتەوە و ڕاجیاوازییەکان بەرجەستەتر دەکات، ئەمەش پێویستی بە هەڵکردن لەگەڵ یەکتر و لێبوردەیی زیاتر هەیە.

## بۆچی عیرفان لە بارەی هەڵکردن و یەکتر قبوڵکردنەوەوە؟

عیرفان بریتییە لەو بەشەی ئایین کە سنوورەکەی تەواو بەرتەسکە و لە چوارچێوەی ئەزموونی تاکەکەسیدا قەتیس دەکات، بەڵام ئازادی ئەزموونکردنی تاکەکەسی پاراستووە. بەمەش پانتایی ئەزموونکردنی لەلایەن تاکە جیاوازەکانەوە پاراستووە و ڕێزی گرتووە و ڕووبەرێکی فراوانتر لە ئازادی دەداتە ئەوانی دیکە، چ لە بواری بیرکردنەوە و تێگەیشتن و ئەزموونکردندا. گومانیشی تێدا نییە ئەزموونی هەر تاکێک جیاوازە لە ئەزموونی تاکێکی دیکە، بەمەش جیاوازی دەردەکەوێت و فرەڕەنگی دەبێتە دیارترین جیاکاری نێوان تاکەکان، ئەمەش باشترین دەروازەیە بۆ قبوڵکردنی جیاوازییەکان و هەڵکردن

لەگەڵ یەکتریدا. جگە لەوەی کە خودی عیرفان لە سەر ئەزموون جیاوازی دامەزراوە بە جۆرێک (بە ئەندازەیەک کە ڕێگاکانی گەیشتن بە خودای بە ئەندازەی ژمارەی مرۆڤەکان، یان هەناسەدانیانی فراوان کردووە)٣ تا ڕێگای گەیشتن بە خودا لە تاکە ڕێگایەکدا کورت و قەتیس ناکاتەوە.

مەعنەوییەت دوو بەشی سەرەکی هەیە. یەکەم: بریتییە لە کۆی ئەو ئەزموونە کەسییانەی لەسەر ئاستی تاک ئەنجام دەدرێت و کەس ناتوانێت بەشداری تێدا بکات. وەک بابەتە ڕۆحی و ئیمانییەکان. دووەم: ئەخلاقیاتی مەعنەوییە. واتە بە سەنتەرکردنی ئەخلاق وەک ئەرک و وەک بابەتێکی مەعنەوی قوڵ. ئەگەر ئەزموونکردنی ئیمان بابەتێکی کەسی بێت، هەروەها مەرجیش نەبێت مرۆڤەکان هەموویان لە ژیاندا کە بەشدارن ئیماندار بن، ئەوا گومانی تێدا نییە کە مرۆڤەکان هەم دەبێت و هەم دەتوانن ئەخلاقییانە مامەڵە بکەن. کەواتە خاڵی بە یەکگەیشتن و هاوبەشی مرۆڤەکان لە مامەڵە ئەخلاقییەکاندایە. هەر بۆیە پێویستە لەسەردەمی نوێدا ئەخلاق بکرێتە سەنتەری مەعنەوی ئایین و هەموو مرۆڤەکان بە دەوریدا کۆبکرێنەوە. ئەگەر ئەم بابەتە بۆ تەواوی مرۆڤەکان دروست بێت و ڕاست بێت، ئەوا بۆ شوێنکەوتوانی یەک ئایینی وەک ئیسلام تەواو دروستتر و پێویستترە.

## ناکۆکییەکان چین و هۆکارەکانی چین؟

مەعریفەی کلاسیکی ئیسلامی لە سێ بازنەی حەقیقەت/ ئیمان و شەریعەت/ فیقهـ و تەریقەت/ مەعنەوییەت پێکهاتووە. هەرچی بابەتی ئیمانە لە زانستی کەلامدا گەنگەشە کراوە و قسەی لەبارەوە کراوە و بابەتێکی بنەڕەتیشە، چونکە باس لە ئیمانی ئیسلامی و تێڕوانینی موسڵمانە بۆ زاتی خودا و جیهانی نەبینراو و ڕۆژی دوایی و هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە جیهانی نەبینراوەوە هەیە. ئەمەش بناغەی جیهانبینی موسڵمان ڕەنگرێژ دەکات. سەرەتاییترین ناکۆکی نێوان موسڵمانان و دەرکەوتنی گرووپە جیاوازەکان لە دەرکەوتنی ڕاجیاوازی لەبارەی بابەتە کەلامییەکانەوە سەریانهەڵدا. ناکۆکییەکان بە ئەندازەیەک پەرەیانسەندووە، کە نەک گرووپەکان هەریەکەیان خۆی بە ڕاستترین و دروستترین گرووپ دەزانێت، بەڵکو مافی بە خۆی داوە کە ئەوانی دیکە ئەگەر تەکفیریشیان نەکات و لە بازنەی ئیمان نەشیانکاتە دەرەوە، ئەوا بێگومان بە لادەر گومڕا و سەرلێشێواو و شوێنکەوتوانی ئارەزوبازی ناوزەدی کردوون. ئەمەش وایکردووە لەجیاتی دەستەبەرکردنی فەزا و کەشێک بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی جیدی لەبارەی پرسەکانەوە، سەنگەریان لە یەکتر گرتووە و میتۆدی

جەدەلییان بەکارهێناوە بە ئامانجی دەمکوتکردنی ئەوانی دیکە، نەک گەیشتن بە حەقیقەت. دەرخستنی ئەوەیە کە بەرامبەر نەزانە و خۆی خاوەن زانستە و پلەی لەو بەرزترە.٤ لە زانستی فیقهدا ناکۆکییەکان زیاتر لەبارەی پابەندبوون بە سوننەتی پێغەمبەر و داهێنانکاری و بیدعەتەوە قوڵکراونەتەوە، بە جۆرێک پەیڕەوکارانی پێڕۆیەک/ مەزهەبێک ئەنجامدانی بەشێک لە پەرستشەکان بە بیدعە و داهێنان ئەژماردەکەن لەکاتێکدا پێشەوای ئەو دەستەیە خوێندکار و مامۆستای یەکتربوون، وەک شافیعی و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل. هەردووکیشیان بۆ کارەکانیان بەڵگەی خۆیان هەیە، بەڵام هێشتا ئەمە نەبووەتە هۆی ئەوەی پەیڕەوکارانی ئەم دوو پێڕۆیە ڕێز لە یەکتر بگرن و جیاوازییەکانی یەکتر قبوڵ بکەن.

## یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی مرۆڤ چ لەسەرئاستی تاک و چ لەسەرئاستی کۆمەڵگە بریتییە لە جیاوازی و جیاواز دەرکەوتن

دروستبوونی جیاوازییەکان لە هەربوارێکدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی، ئەوانیش:

یەکەم: تەئویلکردنی فەرمانێک بە گوێرەی ناوکۆی ئایەتەکە، یان فەرموودەکە، یان بە گوێرەی واتای ئەو چەمکەی حوکم و یاساکەی لەسەر دامەزراوە. بۆ نموونە، لای شافیعییەکان ئەگەر ژن و مێرد، یان هەر پیاو و ئافرەتێکی بێگانە بە یەکتر، واتە جگە لە دایک، نەنک، خوشک، پوور و خەسو، یان هەر دوانەیەک شیری یەک ئافرەتیان خواردبێت، ئەگەر جەستەیان بەریەک بکەوێت و لە نێوان ئەو دوو بەشە داپۆشراو نەبن ئەوا پێویستە هەردووکیان دەستنوێژ بگرنەوە، چونکە دەستنوێژەکەیان شکاوە و ناتوانن نوێژی پێوە بکەن، بەڵام لای ئەبوحەنیفە و پەیڕەوکارانی پێڕۆکەی تەنیا بە بەرکەوتن دەستنوێژ ناشکێت، بەڵکو بە سەرجێیی کردن دەشکێت. بەڵگەی شافیعییەکان و حەنەفییەکان یەک ئایەتە (أَوْ لاَمَسْتُمُ النِّسَاءَ)٥، فەیلەسوف و شەرعزانی گەورەی قورتوبە، ئیبن ڕوشد (٥٩٥ کۆچی) دەڵێت: هۆکاری ئەم ڕاجیاوازییە ئەوەیە چەمکی (لمس) لە زمانی عەرەبیدا بە هەردوو واتای بەریەککەوتن و سەرجێییکردن هاتووە.٦ ئەمەش جیاوازی واتای زمانەوانی چەمکەکەیە نەک شتێکی دیکە.

دووەم: زۆرێک لە ڕاجیاوازەکان لەسەر ئەو فەرموودانە دروستبووە کە گرووپێک فەرموودەکەیان لا دروستە و ئەو ڕشتە و سەنەدی پێی گێڕدراوەتەوە بە ڕاستی دادەنێن و گرووپەکەی دیکە یان ئەو فەرموودەیەی پێنەگەیشتووە، یان

ڕشتەکەی بۆ ساغ نەبووەتەوە، هەر بۆیە ئەو گرووپەی پێیوایە ڕشتەی فەرموودەکە ساغبووەتەوە و دروستە کاری پێدەکەن و ئەوی دیکە کاری پێناکەن، نموونەی ئەمەش ئەوەندە زۆرە خەریکە هیچ بابەتێکی فیقهی نەمێنێتەوە ڕاجیاوازی دروست نەکردبێت. لە دیارترین نموونەش خوێندنی دوعای قنوتە لە نوێژی بەیانیدا. بەلای مالکی و شافیعییەکان خوێندنی دوعای قنوت لە ڕکاتی دووەمی نوێژی بەیانیدا سوننەتە، بەڵام ئەبو حەنیفە لای وایە تەنیا لە نوێژی ویتردا دەخوێنرێت. چەند بۆچوونێکی جیاوازی دیکەش هەیە. ئیبن ڕوشد دەڵێت: هۆکاری ڕاجیاوازی زانایان بە هۆی بوونی جیاوازییە لەو فەرموودانەی لەبارەی قنوتەوە گێڕدراونەتەوە و هەندێکیش بە گوێرەی قیاسکردن لەسەر پەرستشەکان دروستبووە.٧

ئەگەرچی هەردوو هۆکارەکە زۆر ئاسایین، بەڵام هۆکاری دەمارگیری شوێنکەوتوانی پێڕۆ جیاوازەکان بۆ پێڕۆکەیان و پێشەواکەیان وای کردووە نەک ناتوانن یەکتر قبوڵ بکەن و شتەکە بە دۆخێکی ئاسایی دانانێن، بەڵکو شوێنکەوتەی پێڕۆیەکیان بە بیانوی ئەوەی ئەوانی دیکە دوای شتە داهێنراوەکان کەوتوون تەنانەت سڵاویان لێناکەن، کە یەکێک لە مافە سەرەکی و سەرەتاییەکانی نێوان هەر دوو موسڵمانێکە.

## چۆن عیرفان ئەم کێشەیە چارەسەر دەکات؟

بۆ دۆزینەوەی چارەسەر لە کایەی عیرفاندا سوودم لە دیدی هەردوو عاریفی گەورە ئەبو حامیدی غەزالی (٥٠٥ کۆچی) و موحییەدینی ئیبن عەرەبی (٦٩١ کۆچی) وەرگرتووە.

## خودی گۆڕانی هۆکارەکان سەرچاوەی گۆڕینی پێداویستی و ئامانجەکانی مرۆڤن لە ژیاندا

گومانی تێدا نییە ژیاری ئیسلامی پڕیەتی لە گرووپی جیاوازی کەلامی و فەلسەفی و فیقهی و عیرفانی. لە زۆربەی بارەکاندا ئەم گرووپانە، کە هەموویان موسڵمان بوون و لەسەر باوەڕبوون بە خودا و پێغەمبەرایەتی محەممەد و قورئان کە کەلام و قسەی خودایە، ناکۆکییان نەبووە وەک خاڵی بنەڕەتی، بەڵکو لە وردەکاری و ئەو میتۆدەدا جیاوازبوون کە بەکاریانهێناوە بۆ خوێندنەوەی دەقەکان و تێگەیشتن لێیان، بەڵام ئەم ڕا جیاوازی و ناکۆکییانەیان لە نێوان خۆیاندا بە ئەندازەیەک توندبووە لای بەشێکی زۆریان نەک هەر ڕەتکراوەتەوە، بەڵکو تا ئاستی بە کافرکردن و لە دین کردنە دەرەوەش گەیشتووە. کتێبەکان پڕن لە

چەمکەکانی (گومڕا، لادەر، سەرلێشێواو و سەرلێتێکدەر، بیدعەچی، هەواپەرست، خورافی، ....هتد). دەبیندرێت هەندێجار هیچ هەناسەیەکیان بۆ یەکتر قبوڵکردن و پێکەوە ژیان لە نێوان خۆیاندا نەهێشتووەتەوە. چ جا بگات بە ڕەخساندنی کەشێکی هێمن و ئازاد لە پێناو گفتوگۆکردن لەسەر خاڵە جیاوازەکان و قبوڵکردنی جیاوازییەکان. پاش ئەوەی فەلسەفە وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبی زۆر بە توندی ڕووبەڕووی بوونەوە و دژایەتیان کرد، بەڵام ئەم دژایەتیکردنە نەبووە ڕێگر لەبەردەم بڵاوبوونەوەی فەلسەفە، بە تایبەتی کاتێک دەوڵەت خۆی پشتگیری بزووتنەوەی وەرگێڕانی کرد٨. ئەوەی عیرفان و عاریفەکان تا ڕادەیەک لە گرووپەکانی تر جیادەکاتەوە ئەم خاڵە جەوهەرییەیە، کە ئەوان نەک هەر جیاوازییەکانی ناو مەعریفەی ئیسلامیان قبوڵ کردووە، بەڵکو جیاوازییەکانی ناو جیهان و ژیاری ئیسلامیشیان قبوڵ کردووە. مەبەستم لە جیاوازییەکانی ناو مەعریفەی ئیسلامی موتەکەلیم و فەیلەسوف و فەقیهە موسڵمانەکان و جیاوازییەکانی ناو جیهانی ئیسلامی موسڵمان و جولەکە و کریستیان و زەردەشتی و ئایینەکانی ترە کە پێش هاتنی ئیسلام بوونیان هەبووە و لە دوای فتوحات چەندین کۆمەڵگەی جیاواز و ئایینی جیاواز هاتنە ناو جیهانی ئیسلامی و لە سنووری دەسەڵاتی سیاسی خیلافەتی ئیسلامی دەژیان و بوونە بەشێک و پێکهێنەرێکی بنەڕەتی لە دروستکردن و سەرپێخستنی ئەو شتەی پێی دەوترێت (ژیاری ئیسلامی). عاریفەکان کۆی جیاوازییەکانیان قبوڵە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئومێدیان وایە هەر گرووپ و ئایین و ئایینزایەک لە دەرەوەی ئیسلامیش هۆکار و ڕێگەی ڕزگاربوون (نەجات) بێت و مرۆڤ بگەیەنێت بە خودا و لە دوارۆژدا مرۆڤ سەربەرز و ڕووسووری لای خودا بێت.

**عاریفەکان کۆی جیاوازییەکانیان قبوڵە، نەک هەر ئەوە، بەڵکو ئومێدیان وایە هەر گرووپ و ئایین و ئایینزایەک لە دەرەوەی ئیسلامیش هۆکار و ڕێگەی ڕزگاربوون (نەجات) بێت**

## غەزالی

غەزالی لە کتێبی - فیصل التفرقة بين الاسلام و الزندقة- دەردەکەوێت کە بانگەشەکارێکی سەرسەختی ئایدیای ئاسانکاری ئایینییە٩. تەواو هەوڵدەدات ڕووبەری تەکفیرکردن بەرتەسک بکاتەوە، بەمەش ڕووبەرێکی زیاتر بە دەرکەوتنی جیاوازییەکان ببەخشێت. لە سەرتادا باس لە ڕاجیاوازی نێوان گرووپە کەلامییە

ئیسلامییەکان و دواتر لەناو یەک پێڕۆدا دەکات و دەڵێت: (حەنبەلییەکان، ئەشعەرییەکان بە کافر دادەنێن، پێیان وایە پێغەمبەر بە درۆ دەخەنەوە لە هەندێک بابەتدا، ئەشعەرییەکان، موعتەزیلەکان بە کافر دادەنێن لەوەی پێغەمبەر بە درۆ دەخەنەوە لە هەندێک بابەتی تردا، موعتەزیلەکان، ئەشعەرییەکان بە کافر دادەنێن لە سەلماندنی هەبوونی سیفاتی دێرینی خودا پێشینان بە کافر دادەنێن و پێغەمبەر بە درۆ دەخەنەوە، هەربۆیە هەرگیز لەم تەکفیر و بە کافردانانە ڕزگارت نابێت هەتا نەزانی پێغەمبەر بەدرۆخستنەوە، یان بە ڕاست دانانی چییە؟ حەقیقەتی ئەو دوانە چییە؟)١٠. پێشتر ئاماژە بەوە دەکات کە (هەر کەس بانگەشەی ئەوە بکات، هەر کەس شتێک بڵێ پێچەوانەی ئەشعەرییەکان بێت، یان موعتەزیلەکان کافرە، دەستی لێ بشۆ و کاتی خۆتی لەگەڵ بەفیڕۆ مەدە، چونکە ئەو موقەلیدێکی چاوکوێرە، ڕەنگە هاوڕێبازەکەی زیاتر ئارەزووی بە لای ئەشعەرییەکاندا بێت وەک لە پێڕۆیەکی تر، ئیدی پێی وابێ هەر شتێک لەوەوە دەربچێت پێچەوانەی پێڕۆکەی خۆی بێت، کوفرە، پێویستە لێی بپرسرێت: لە کوێوە بۆی سەلمێنرا کە حەق و ڕاستی لەسەر ئەو تاپۆ کراوە؟ ناکرێت پێچەوانەی پێشینانمان بین تەنیا لەبەر ئەوەی لە ڕووی کات و سەردەمەوە لە پێش ئێمەوە بوون؟)١١. لێرەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە پێشەوا غەزالی خۆی کافر کراوە لەبەر ئەوەی لە چەند بابەتێک پێچەوانەی ئەشعەرییەکان بیری کردووەتەوە و زانایانی ئەو سەردەمە دیدی غەزالییان پێ قبوڵ نەکراوە. لە ڕێگەی ئەم دەقەوە غەزالی یەکێک لە بنەڕەتیترین کێشەکانی سەردەمی خۆیمان بۆ بەرجەستە دەکات، ئەویش ڕێگەنەدانە بە بیرکردنەوەی جیاواز چ لە سەر ئاستی یەک گرووپ بێت، یان لە دەرەوەی گرووپێکیش بێت، بەڵام بۆ بەرتەسک کردنەوەی ڕووبەری تەکفیر پەنا بۆ دیدێکی وجودی دەبات و میتۆدێک بۆ تەئویلی دەقە ئایینییەکان دادەنێت و پێی وایە هەر تەئویلێک لە چوارچێوەی ئەم میتۆدە ناکرێت هیچ کەس بە کافر دابنرێت، بۆیە دەڵێت: (بە ڕاستدانان سەردەکێشێت بۆ بە ڕاستدانانی هەواڵێک، یان ئەو کەسەی هەواڵەکەی بڵاوکردووەتەوە و بانگەشەی بۆ دەکات و دانپێدانانی بوونی ئەو شتەیە کە پێغەمبەر ڕایگەیاندووە. خودی بوونیش خۆی پێنج پلەی هەیە کە بریتین لە: بوونی خودی، بوونی هەستی، بوونی خەیاڵی، بوونی عەقڵی، بوونی شوبهەیی، بۆیە هەرکەس پێغەمبەر بە یەکێک لەم پێنج ئاستە بە ڕاست دابنێت، ئەوا کافر نییە)١٢. واتە هەر شتێک بوونی هەیە و پێغەمبەر هەواڵی لەسەر داوە لە یەکێک لەم پێنج پلەیە بەدەر نییە. ئیدی بە هەر کام لەم پلانە تەئویلی هەواڵەکەی

پێغەمبەر بکەی، پێغەمبەرت بە درۆ نەخستووەتەوە، کەواتە کافر نیت با لە رووکەشدا وادەربکەوێت پێچەوانەی پلەکانی تریش بن، گرنگ ئەوەیە دروست دێتەوە لەگەڵ یەکێک لەم پێنج پلە وجودییە بۆ هەرشتێک. ئەمە روون دیارە کە دەیەوێت بازنەی جیاوازییەکان بەم میتۆدە فراوانتر بکات لە ناو بازنەی مەعریفەی ئیسلامیدا و را جیاوازی و تێگەیشتن و تەئویلی جیاواز قبوڵ بکەین. هەرچی پەیوەندی بە ئایینەکانی ترەوەیە دەڵێت: (من دەڵێم: رەحمەتی خودا زۆرێک لە خەڵکانی پێش ئیمە دەگرێتەوە و لە رزگار بوانن ئەگەر چی ئەهلی دۆزەخیش بن، رەنگە بە شێوەیەکی ئاسان بخرێنە دۆزەخەوە بۆ ماوەی کاتژمێرێک، یان کەمتر، بەڵکو دەڵێم: ئومێدم وایە زۆرێک لە کریستیانەکانی تورک و رۆم بە ویستی خودا بەر رەحمی خودا بکەون و رزگاریان بێت لە دۆزەخ، مەبەستم ئەوانەیە کە دوورە دەستن و هیچ هەواڵێکیان لەسەر پێغەمبەر پێ نەگەیشتووە. ئەوان دەبن بە سێ بەشەوە: بەشێکیان ناوی پێغەمبەریان هەر نەبیستووە. بەشی دووەمیان ناو و ناوبانگ و سیفەت و موعجیزەکانیان بیستووە و تێکەڵاوی موسڵمانان بوون و دراوسێی دەوڵەتی ئیسلامین، بەڵام نکۆڵی دەکەن، ئەمانە مولحیدن. گرووپی سێیەم: ئەوانەن ناوی پێغەمبەریان بیستووە، بەڵام سیفەت و کەسایەتییەکەی ناناسن، بەڵکو وایان بیستووە کە محەممەد پیاوێکی درۆزنە لەسەر ئەمە پەروەردە کراون و راهاتوون، ئەمانەش حوکمی گرووپی یەکەمیان هەیە وەک ئەوەی هیچیان نەبیستبێت)١٣. بیانوو هێنانەوە بۆ بە رزگاربوو دانانی کەسانێک کە موسڵمان نین هیچ نییە جگە لە هەوڵدانێکی جیدی بۆ کەم کردنەوەی بازنەی کردنە دەرەوەی ئەوانی دی لە رەحمەتی خودایی. بەمەش دەردەکەوێت ئەو هەنگاوەی پێشەوا غەزالی ناویەتی بەراورد بە سەردەم و دۆخی کولتووری، سیاسی، مەعریفی و ئابووری خۆی، هەنگاوێکی تەواو بوێرانە و نوێ بووە.

## هەرگیز لەم تەکفیر و بە کافردانانە رزگارت نابێت هەتا نەزانی پێغەمبەر بەدرۆخستنەوە، یان بە راست دانانی چییە

### ئیبن عەرەبی

تەسەوف لە زوهد و سلوکەوە گەشەی سەند بۆ تەسەوفی عەشق و فەنا و توانەوە، پاشان گەیشتن بە قۆناغی تێرامانی فەلسەفی. قۆناغی تەسەوفی فەلسەفی لەلایەن دوو تەوژمەوە نوێنەرایەتی دەکرێت ئەوانیش: ئیشراقییەکان بە رابەرایەتی سوهرەوەردی و وجودییەکان

بە ڕابەرایەتی ئیبن عەرەبی.(١٤) ناکرێت باسی ئیبن عەرەبی بکرێت و وجود سەنتەر نەبێت. ئیبن عەرەبی وجودی کردە بابەتێکی سەنتەری لە تەسەوفدا و تەئویلی کردە میتۆد. وجود خۆی و قورئان دوو دیوی یەک حەقیقەتن. وجود ناکۆتایە لە دەرکەوتەکانیدا و قورئانیش دەقێکی والایە بۆ تەئویل کردن. وجود خودا خۆیەتی بە ڕەهایی. (هەندێک لە موحەقیقین/ ئەهلی دڵ دەڵێن: لا الە الا الله یەکتاپەرستی خەڵکییە بەگشتی - خەڵکی سادە و ڕەشۆک- لاهو الا هو یەکتاپەرستیی کەسە تایبەتەکانە، بەڵام لاهو الا هو باڵاترە، چونکە ئەوەی یەکەم پەرستراوێتی جگە لە خودا لە هەموو شتێک دادەماڵێت، بەڵام ئەوەی دووەم جگە لەو هیچی تر بوونی نییە، دەسەلمێنن).(١٥)

## غەزالی خۆی کافرکراوە لەبەرئەوەی لە چەند بابەتێک پێچەوانەی ئەشعەرییەکان بیری کردووەتەوە

ئەگەر چی لە بنەڕەتدا ئەم تێڕوانینە وجودییە، غەزالی وروژاندی، بەڵام گواسترایەوە بۆ سوهرەوەردی. ئەوەی لای ئیبن عەرەبی بە ڕوونی دەردەکەوێت ئەوەیە کە هەموو هەوڵێکی لە پێناو تێپەڕاندنی هەرچی ناکۆکییەکانە بۆ داننان بە جیاوازییەکان. جیاوازییەکان وجودین، بەڵام ناکۆکییەکان مێژووین. نەک هەر ئاساییە ئەگەر جیاواز بین، بەڵکو بێگومان جیاواز دەبین، چونکە ئەبوتالیبی مەککی وتەنی (هیچ کات خودای گەورە دوو جار لەسەر یەک وێنە و شێوە خۆی بۆ بەندەیەکی دەرناخات و تەجەللای بۆ ناکات!)(١٦)، چونکە خودا ناکۆتا دەرکەوتنی هەیە لە ڕێگەی وێنە ناکۆتاییەکانییەوە. ئەم وێنە ناکۆتایانە لەناو یەک ئاییندا دەبنە هۆی دەرکەوتنی گرووپگەلێکی جیاواز و لەسەرئاستی گەردونیش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ئایینگەلێکی جیاواز بە پێی کات و سەردەمە جیاوازەکان. ئیدی فرەیی ڕوودەدات، بەڵام کامیان ڕێگە ڕاستەکەن؟ بە درێژایی مێژوو ئێمە ڕووبەڕووی جەنگی شوناس دەبینەوە. لەلایەک لەناو جیهانی ئیسلامیدا گرووپە کەلامییەکان جەنگێکی تولانی زارەکییان لەسەربنەمای بەرگریکردن لە خودا بەرپاکردووە و دنیایەک جیاوازی لە نێوانیاندا سەریهەڵداوە و لە زۆر باردا یەکتری تەکفیر دەکەن. ناتوانن پێکەوە کۆببنەوە، هەموو یەکتربینینێکیان لەپێناو سەرخستنی عەقیدەی خۆی و بەزاندنی ئەوی دیکەیە. لەلایەکی تریشەوە خودی ئیبن عەرەبی لە سەردەمێکدا دەژی شاهیدی جەنگێکی جیهانی خوێناوی وەک جەنگی

خاچپەرستەکانە. موسڵمانەکان دەڵێن هەرکەس بکوژرێت پلەی بەرزە لای خودا، چونکە شەهیدە و کریستیانەکانیش پێیان وایە ئەوان لە پێناو خودادا دەجەنگن. ئیدی ئەمە بۆ ئیبن عەرەبی دەبێتە جێگەی پرسیار وەک ئەوەی بڵێ: ئایا جیاوازییەکان هەن تا هەرکەس خۆی بە خاوەنی حەقیقەت بزانێت و ئەوی دی تەکفیر بکات تا ئاستی حەڵاڵکردنی ڕشتنی خوێنی یەکتر، یان لەبنەڕەتدا حەقیقەت ناکۆتا دەرکەوتنی هەیە و هەر کەسە و بەپێی پلە وجودییەکەی بۆی دەردەکەوێت و حەقیقەتی لایە، ئیدی بەمەش جیاوازییەکان بابەتێکی وجودین، نەک مێژوویی کرد. (ما من دابة الا هو ءاخذ بناصيتها إن ربي على صراط مستقيم - هود ٥٦) هیچ زیندەوەرێک نییە ئیللا نەوچەوانی - چارەنووسی — بە دەست خودایە، خودا بۆ کوێی بوێت دەیبات بۆ ئەو پنتە، پەروەردگاری من خۆی لەسەر ڕێگە ڕاستەکەیە. ئیدی خودا بە تەنیا لە سەر ڕێگە ڕاستەکەیە و هەرچی هەیە چارەنووسی لە دەست ئەودایە، ئەو بۆ کوێی بوێت بۆ ئەو شوێنەی دەنێرێت، ئەمە سیستمێکی تەکوینی/ بەدیهێنانکارانەیە، لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤە. ئیدی جیاوازییەکان بابەتێکی تەکوینی وجودین. (ئەوان لە هەوڵەکانیاندا لە ئەنجامدانی کارەکانیان لەسەر ڕێگە ڕاستەکەن، چونکە چارەنووسیان بە دەست ئەو کەسەیە، کە خۆی لەسەر ڕێگە ڕاستەکەیە) (١٧). لە ڕووی جودییەوە (کاتێک هەموو بوون لەناو خودادا هەیە و ئەویش بە نەفەسێک/ هەناسەیەکی وجودی هەناسەیەکی دا و ئەم هەناسەدانەشی دایە پاڵ سیفەتی ڕەحمانی خۆی، چونکە ڕەحمی بە بوون کرد، ئەم پاڵدانی نەفەسە بۆ لای ڕەحمانییەتی خۆی داخوازی دەرکەوتنی جیهانی کرد بە وێنە جیاوازەکانییەوە، کە وتمان بەشی دیاری حەزرەتی حەق خۆیەتی)(١٨).

بەم دەرکەوتە ناکۆتاییانەیەوە جیهانی پڕ کرد لە فرەیی، ئیدی (بە کورتی دەبێت هەر کەسێک عەقیدەیەکی هەبێت بەرامبەر بە پەروەردگارەکەی تا بتوانێت لە ڕێگەی ئەو عەقیدەیەوە داواکارییەکانی ئاڕاستەی خودا بکات و بگەڕێتەوە بۆ لای)(١٩)، بەڵام ئەوەش دەزانین هەرکەس عەقیدەیەکی بەرامبەر خودا هەبێت ناکاتە ئەوەی ئەو خودایەی ئەو لە عەقیدەی خۆیدا بڕیاری لەسەر داوە، حەقیقەتی خودا خۆی بێت، نەخێر، بەڵکو وێنەیەکە لە وێنە ناکۆتاکانی خودا. ئیدی بە ئەندازەی ژمارەی مرۆڤ و ئایین و گرووپەکان عەقیدە و دەرکەوتەی خودامان دەبێت، کەواتە پێویست ناکات یەکتری لەم وجودە بەرینە بکەینە دەرەوە و هەر کەسە و حەقیقەت تەنیا بۆ خۆی قۆرخ بکات، چونکە ( هیچ کەس ئیعتیقاد و باوەڕێکی نابێت بەرامبەر بە خودا تەنیا ئەوە نەبێت

كە لە ناخی خۆیدا هەڵیگرتووە، ئەو پەرستراوەی لە ئیعتیقادەكاندا هەیە پەرستراو و خودایەكی دروستكراوی باوەڕەكانە، نەك حەقیقەتی خودا خۆی! كەواتە لە قیامەتیشدا هەر ئەو خودایە دەبیننەوە كە لێرە باوەڕیان پێهێناوە بە پێی پلەبەندی مرۆڤەكان لە هەبوونی زانست و زانیارییان دەربارەی خودا)(٢٠)، هەر بۆیە لە پێناو هەڵتەكاندنی تەكفیر كردنی یەكتر و كردنە دەرەوەی یەكتر لە بازنەی یەكتر قبوڵكردندا دەڵێت: (نەكەی خۆت وابەستەی یەك عەقیدەی دیاریكراو بكەیت و ئەوانی دیكە تەكفیر بكەی، چونكە هەم چاكەیەكی زۆرت لەكیس دەچێت و تەنانەت زانستی ناسینی شتەكان وەك ئەوەی خۆیان لە ڕاستیدا چۆن هەن تا بیانناسی لەدەستی دەدەیت، كەواتە لە خودی خۆتدا ببە بە هیوا بۆ قبوڵكردنی كۆی وێنەكانی دەركەوتنی خودا، چونكە خودا زۆر لەوە گەورەتر و فراوانترە لە یەك وێنەی بەرتەسكدا كۆی بكەیتەوە - فأینما تولوا فثم وجه الله – البقره١١٥. چونكە ڕوو لە هەر شتێك دەكەی، لە هەر شوێنێك دەكەی خودا لەوێیە)(٢١)، لێرە تەواو بابەتەكە یەكلایی دەكاتەوە ئەوەی هەرچی هەمان بەرهەمی ئیعتیقاد و باوەڕی ناوەكی خۆمانە، ئەو خودایەش كە لە ناخماندایە خودایەكە خۆمان دروستمان كردووە، ئیدی چۆن لەسەر خودایەك لەگەڵ یەكتر بجەنگین و یەكتر تەكفیر بكەین كە كەسمان لامان ڕوون نییە ئیعتیقادی كاممان ڕاستتر و دروستترە؟ بەڵكو پێویستە خۆمان ببینە وەرگری هەموو وێنەكان. هەربۆیە دەڵێت: (ئیدی جگە لە ئیعتیقاد و باوەڕەكان هیچ شتێكی تر بوونی نییە، كەواتە هەموویان پێكاویانە و هەمووشیان لای خودا پاداشتی خۆیان هەیە، هەركەسیش پاداشتی هەبوو بەختەوەرە)(٢٢)، لەوەی كە داوامان لێدەكات تا ئاستێك بەرزببینەوە بتوانین هەموو وێنەكان قبوڵ بكەین، خۆی ئەزموونی كردووە و پێی گەیشتووە:

وقد كنت قبل اليوم أنكر صاحبي
إذا لم يكن ديني الى دينه دان
وقد صار قلبي قابلا كل صورة
فمرعى لغزلان، و دير لرهبان
وبيت لوثان، و كعبة طائف
و الواح تورات، و مصحف قرآن
أدين بدين الحب، أنى توجهت
ركائبه، فالحب ديني وإيماني (٢٣).

تا دوێنێ ئەگەر هاوڕێكەم هەمان ئایینی من نەبوایە نكۆڵیم لێ دەكرد. بەڵام ئیدی دڵم وای لێهاتووە هەموو وێنەكان قبوڵ دەكات و وەریاندەگرێت. لەوەڕگەی ئاسكەكان و خەڵوەتگەی كەشیشەكانە، ماڵی بتپەرستی و كەعبەی تەوافكارانە، پارچەكانی تەورات و پەڕەكانی قورئانە، من مل دەدەم بە ئایینی خۆشەویستی ڕوو لە هەر شوێنیك بكات، خۆشەویستی ئایین و ئیمانی منە.

**بیانوو هێنانەوە بۆ بە ڕزگاربوو دانانی کەسانێک کە موسڵمان نین هیچ نییە جگە لە هەوڵدانێکی جیدی بۆ کەم کردنەوەی بازنەی کردنە دەرەوەی ئەوانی دی لە ڕەحمەتی خودایی**

## دەرەنجامەکان:

١- ڕاجیاوازی دیاردەیەکی سروشتییە، بەتایبەتی لە بواری ئاییندا کە دەق سەنتەرییە و دەقیش لە سروشتی خۆیدا چەندین ئاستی دەرکەوتنی هەیە و قبوڵی چەندین ڕاڤە و لێکدانەوەی جیاواز دەکات، بە مەرجێک ڕۆح و ئامانجە سەرەکییەکەی لە دەست نەدات.

٢- هەر یەک لە غەزالی و ئیبن عەرەبی نوێنەرایەتی عەقڵێکی کراوەتر دەکەن لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی بە هۆی ڕاجیاوازی و تێگەیشتنی جیاوازەوە لە نێوان پەیڕەوکارانی ئایینەکاندا کە ئیسلام و موسڵمانان، و پەیڕەوی کارانی ئایینەکانی دیکە دروستبووە.

٣- لە ئێستادا کە دەرماگیری مەزهەبی و شوێنکەوتنی کوێرانەی گرووپەکان لە کوردستاندا بازاڕیان گەرمە، خەمخۆرانی پاراستنی بیرکردنەوەی ئازاد و ڕاجیاوازی لە هەموو کات زیاتر پێویستییان بە گەڕانەوە بۆ لای غەزالی و ئیبن عەرەبی و فەخرەدینی ڕازی و هاوشێوەکانیان هەیە، کە بەوپەڕی توانایانەوە هەوڵیان داوە ئەم کێشەیە بە سروشتی وەربگرن و چارەسەرێکی ئەپستمۆلۆژی و عەقڵانییانەی بۆ بدۆزنەوە.

## پەراوێزەکان


١-سورەتی ئالی عیمران ئایەتی ١٠٣.

٢-سورەتی الشوری ئایەتی ١٠.

٣- الهیتمي المكي، أحمد شهاب الدین بن حجر. الفتاوى الحدیثیة. شركة مكتبة و مطبعة مصطفى البابي الحلبي وأولاده بمصر. الطبعة الثانیة ١٩٧٠. ص ٧٧.

٤- الغزالي، أبو حامید محمد بن محمد بن محمد الغزالي. إحیاء علوم الدین. دار الكتاب العربي. بیروت – لبنان. ٢٠٠٨.ص ١٠٣٧.

٥- سورەتی نیساء ئایەتی ٤٣.

٦- ابن رشد، أبوالولید محمد بن أحمد بن محمد بن رشد القرطبي. بدایة المجتهد و نهایة المقتصد. دار ابن حزم. بیروت – لبنان. الطبعة الثانیة ٢٠٠٦. ص ٣٦.

٧- سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ١١٢.

٨- - معصوم، د.فؤاد. اخودان الصفاء فلسفتهم و غایاتهم. الناشر دار المدى. الطبعة الثالثة ٢٠٠٨. ص ١٢٢.

٩- د.سعیدییف و سلوم. أرثر و توفیق. الفلسفة العربیة الأسلامیة الكلام و

المشائية و التصوف. دار الفارابي بيروت - لبنان. الطبعة الأولى ٢٠٠٠. ص ٢٩١-٢٩٢.
١٠- الغزالي، أبوحاميد محمد بن محمد. مجموعة رسائل الغزالي - رسالة فصل التفرقة بين الأسلام و الزندیقة. دار الفكر للطباعة و النشر بيروت -لبنان. الطبعة الأولى ٢٠٠٣. ص ٢٣٩- ٢٤٠.
١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٢٣٨.
١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٤٠.
١٣- هەمان سەرچاوە، لا ٢٥٢ - ٢٥٣.
١٤- د.سعيدييف و سلوم. أرثر و توفيق. الفلسفة العربية الأسلامية الكلام و المشائية و التصوف. دار الفارابي بيروت - لبنان. الطبعة الأولى ٢٠٠٠. ص ٢٧٥.
١٥- الغزالي، أبوحاميد محمد بن محمد. مجموعة رسائل الغزالي - رسالة مشكاة الأنوار. دار الفكر للطباعة و النشر بيروت -لبنان. الطبعة الأولى ٢٠٠٣. ص ٢٧٨. هەروها بڕوانە: إحياء علوم الدين. دار الكتاب العربي بيروت - لبنان. ٢٠٠٨. ص ١٦٨٦.
١٦- جامي، الملا عبدالرحمن بن أحمد بن محمد الملقب بنورالدين. شرح فصوص الحكم. دار الكتب العلمية بيروت - لبنان. الطبعة الثانية ٢٠٠٩. ص ٢١٦ .
١٧- ابن عربي، الشيخ الأكبر محي الدين محمد بن علي بن أحمد الحاتمي الطائي الأندلسي. فصوص الحكم/ فص حكمة أحدية في كلمة هودية بشرح جامي . دار الكتب العلمية بيروت - لبنان. الطبعة الثانية ٢٠٠٩. ص ٢٤٩ .
١٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ٢٥٩.
١٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ٢٦٤.
٢٠- هەمان سەرچاوە لا ٢٦٤- ٢٦٥
٢١- هەمان سەرچاوە لا ٢٦٥.
٢٢- هەمان سەرچاوەلا ٢٦٧.
٢٣- ابن عربي، الشيخ الأكبر محي الدين محمد بن علي بن أحمد الحاتمي الطائي الأندلسي. ديوان ترجمان الأشــواق مع شرحه فتح الذخائر و الأغلاق شرح ترجمان الأشواق. دار المعرفة بيروت - لبنان. الطبعة الأولى ٢٠٠٥. ص ٦٢.

تێبینی: بەیتی یەکەمی شعرەکە لە دیوانەکەی بەردەستمدا نەبوو، بەڵام زۆرترین سەرچاوە ئاماژەیان پێداوە.

# ئێران لە نێوان بەرداشی باوەڕی زەردەشت و مەسیحدا

د. ماجد خەلیل

## دەروازە

بابەتی باوەڕ لە ئێراندا، بابەتێکی تێکهەڵکێشە بە تێڕامانە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە. بیروباوەڕ و ئایین لە مێژووی گەلانی ئێراندا شوێنێکی بەرین و دیاری لە گۆڕان و قۆناغەکانی مێژووی ئەو وڵاتە داگیرکردووە، دەکرێ بڵێین بیروباوەڕ لە کۆن و ئێستادا هێزی گەورەی بزوێنەری مێژووی ئێران و ڕۆشنبیری و کولتوورەکەیەتی، بەردەوام ئەم هێزە توانیویەتی کۆنترۆڵی ڕەوتی سیاسی و پانتاییەکانی مەعریفە و ڕۆشنبیری ئێرانییەکان بکات، دیارە ئێرانییەکان وەکو لقێکی هیندۆ ئەوروپی و ڕەچەڵەک ئاریایی لە قۆناغەکانی مێژووی کۆندا لەگەڵ شاڵاوە گەورەکانی کۆچە بەناوبانگەکانی مێژوودا لە باشووری سیبریا و دەوروبەری دەریای ڕەش و دەریای قەزوینەوە هەموو ئەوانەیان پێکهێنا کە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات ڕووەو هیند و ئێران هاتن.

ئەم شاڵاوی کۆچە وەرچەرخانێك بوو بەرەو کامڵبوونی پرۆسێسی تەکوینی میللەتانی ئێران، بەشەکانی تری ئەم شاڵاوانە ڕووەو باشووری خۆرئاوا بەرەو یۆنان و ئیتاڵیا و ئیسپانیا جوڵان و لە ڕۆژئاواشەوە فەڕەنسا و ئینگلتەرا، پاشان تێپەڕبوونیان بەرەو ئەورووپای ناوەڕاست درێژەی هەبوو، بەمەش دەتوانین بڵێین لەم قۆناغەدا مەرجەعی ڕۆشنبیری هەموو ئەو نەتەوانە مەرجەعێکی هیندۆ ئەورووپی بوو، لێرەدا هیندۆ ئەورووپی هەموو ئەو خەڵکانەی دەگرتەوە جگە لەکەمێك لەوانەی کە زمانە فنلندی و مەجەرییەکانیان بەکار دەهێنا، بەم جۆرە دەتوانین بڵێین بازنەیەکی گەورەی مەرجەعی ڕۆشنبیری مرۆڤایەتی، لە چوارچێوەی هیندۆ ئەورووپییەکانەوە گەشەی کرد، ئەوەی لێرەدا پەیوەستە بە بیروباوەڕەکانەوە پەرەسەندنی بیروباوەڕی فرەخودایی بوو لەم کیشوەرانەدا، لە بەرامبەردا سامییەکان وەکو مەرجەعی بەرامبەری ڕۆشنبیری مرۆڤایەتی، لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە بیروباوەڕی تاقانە پەرستی خۆی بەرەو شوێنە دوورەدەستەکان گواستەوە، ئەمە لە کاتێکدا فرەخودایی و تقوسی سروشت و دیاردەکان و بتپەرستی پێکهاتەی ڕۆحی میللەتانی ئێرانی پێکدەهێنا.

لێکۆڵینەوەکەمان دەرخستنی ئەو وێنانەیە کە ماجەراکانی بەیەکدادانی دوو کولتوور و دوو مەرجەعی ڕۆشنبیری جیاواز دەگرێتەخۆ، ئەم بەیەکدادانە لە کاریگەربوون بە ڕۆشنبیری سامییەکان، یۆنان و ڕۆمانیشی گرتەوە. دیارە یۆنان و ڕۆمانەکان وەکو باسکرا ڕۆشنبیرییەکی هیندۆ ئەورووپاییان هەبوو، کەواتە دەتوانین بڵێین شارستانیەتی ئەورووپیش لەو بەیەکدادانەدا خۆی بینیوەتەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە خزاندنی بیروباوەڕی تاکخوداییە بۆ نێو فەرهەنگ و ڕۆشنبیری ئێرانی کۆن، لەم نێوەندانەشدا ماجەراگەلێك دەکرێ بخرێتەڕوو کە دیارترینیان خۆی لە بڵاوبوونەوەی مەسیحییەتدا دەبینێتەوە، چونکە ئەم بیروباوەڕە بە هێزترین فاکتی بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری سامییەکان بوو، ئەمە لەکاتێکدا ئایینی زەردەشتی وەکو بەشێکی گەورەی ئەو قۆناغە پێکهاتەیەکی فراوانی ڕۆحی ئێرانییەکانی داگیر کردبوو. ئەم ئایینە بەردەوام لە گۆڕاندابوو بەجۆرێك لە دوا قۆناغەکانیدا هێدی هێدی خەسڵەتەکانی تاکخودایی لە گوتاری موبدانەکانییەوە ئاماژەی پێدەکرا، بەڵام ئەم ئاماژەپێدانەش لەخۆیدا هەڵگری پرسێکە، ئایا ئەم گۆڕانە لە فەلسەفەی نەهج و سیراعی بەندایەتیدا بۆ؟

دیارە ئایینی زەردەشت لە سەرەتادا لەنێو بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتدا نەبووەتە هەوڵێك بۆ ڕاکێشانی خەڵك و پەیوەست کردنیان بە دەوڵەتەوە، ئەودەمانە دەوڵەت تەنها لە ڕێگای جەنگەوە هەیمەنەی خۆی بەسەر

خەڵکیدا سەپاندووە، یان هۆشیارییەکە لەو ئاستەدا نەبووە کە ئایین بکرێتە هۆکارێك بۆ کارکردنە سەر لایەنی ڕۆحی و چەسپاندنی دەسەڵات و نفوزی سیاسی.

دیارە بەکارهێنانی ئایین لە ڕۆژگاری ساسانییەکانەوە هاتە گۆڕێ، ئەو دەمانەی ئایینیش لە زەردەشتدا لەلای ماد و ئارییەکان هەنگاوێکی باشی لە پۆلیتیزمەوە بەرەو هینۆتیزم نابوو، لەلایەکی تریشەوە مەسیحییەت و یەهودییەت لە بەشە جیاوازەکانی وڵاتدا بڵاوبووبونەوە، کەواتە لە قۆناغەکانی دواتریشدا وەك چۆن زەردەشتییەت بووە ئایینی ڕەسمی ئێران و ساسانەکان، ئاوەهاش لە مەرسومی میلانی ٣١٣ز مەسیحییەت بوو بە ئایینی ڕەسمی ڕۆمە بیزەنتینیەکان، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین قۆناغی بڵاوبوونەوەی مەسیح لە ئێراندا قۆناغی ڕۆڵبینینی ئایینە لە نەخشی سیاسی دەوڵەتدا. بەنیسبەت ئێرانیشەوە ئەم سەرەتایە چەند ڕەهەند هەڵدەگرێ، ڕەهەندێك بەکارهێنانی ئایینە لە بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت و سیاسەتی نێو دەوڵەتیدا، ڕەهەندێکی تریش بەکارهێنانی سیاسەتە لە چەوسانەوەی ئایین و ئازادی ئایینیدا.

ئەم قۆناغەش کاتێك دێتە گۆڕێ کە ململانێی ئایینی دەخوڵقێنێ، ئێمە دەکرێ بڵێین بۆچی ئایینی مەسیحی بە مەرجەعە ڕۆشنبیرییە سامییەکەیەوە لە ژینگەیەکی وەکو ئەوروپادا سەرکەوت و لە ئێراندا دۆڕاندی، مەگەر هەر دوو لەوانە هەڵگری تایبەتمەندی هیندۆ ئەوروپی نەبوون، دیارە لێرەدا هەر ململانێی ئایینەکانە ئەم دوو شارستانیەتەی هێشتەوە، بەجۆرێك بوونی زەردەشت لە ئێراندا بوو بە بەربەستی نماکردنی مەسیحییەت، هەرچەندە لاوازی و پیربوونی بنەماکانی زەردەشت و سواوی سیاسەت و چالاکییەکانی لە دڵی ئێرانییەکاندا بەرە بەرە بەرەو کوژانەوە دەچوو، بەڵام ئەوان تەواوی ڕابردووی خۆیان بە گونجاندن و تواندنەوەی ئایینەکانی ترەوە خەریك کرد، لەم سەروبەندەدا ماندوبوونی زەردەشت و تەسکی تێڕوانینی فەلسەفەی یەهودییەکان بۆ نەژاد و ڕەسەنی نەتەوەکانی تر، لە بەرامبەردا لێبوردەیی و نوێیەتی مەسیح و چالاکی موبەشیرەکانی تا ڕادەیەك لە سەرەتاوە دەستپێکی بڵاوبوونەوەی ئەو ئایینەیان لە ئێراندا خزاندە سنوورەکانییەوە.

ئەم قۆناغە دەوڵەمەندە بە ماجەراکانی بە یەکدادانی دوو مەرجەعی ڕۆشنبیری، لەبەر ئەوە ئەم قۆناغە ماناکانی مێژووی ململانێی لە ئێراندا زیندوو ڕاگرت، هەر بۆیە ئەم ململانێیە زەردەشتییەتی لە مردویەتی ڕزگار کرد، بەڵکو بەرگێکی نەتەوەییشی کرد بە بەریدا، هەر بۆیە ئەم شێوازە لە دوای ئەشکانییەکانەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت و بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر مەیلی کیسرا و شاکانی فارس داگیر دەکات، بەجۆرێك بە ئایینی

کردنی دەوڵەت لە ئێراندا دەبێتە کولتوور و لە دوای ڕوخانی ساسانیەکانیش ئایین هێزی بزوێنەری تەواوی بزووتنەوە بەر هەڵستکارەکانی سەردەمی خیلافەتی ئیسلامی دەبێت، دواجار لە سەردەمی سەفەوییەکان و پاشان قاجار و ئێستای ئێرانیشدا، ئەم هێزە هەموو بەرینایەتی سیاسی لە خۆیدا جێدەکاتەوە و مانا نەتەوەییەکانیش لەو هەولانەدا وەکو دیارە زیندو ڕاگیراون. ئەم گرنگییە بایەخێکی وای هێنایە ئاراوە کە سەرەتایەك لە مێژووی ئێراندا بدۆزینەوە بۆ قسەکردن لە بابەتی ئایینێك کە ئەویش مەسیحییەتە.

## قۆناغی بڵاوبوونەوەی مەسیح لە ئێر اندا قۆناغی ڕۆڵبینینی ئایینە لە نەخشی سیاسی دەوڵەتدا

## بە سیاسیکردنی باوەڕی زەردەشت لە ئێران

کۆتایی دەسەڵاتی ئەشکانییەکان سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ تەسك کردنەوەی جموجۆڵ و چالاکییەکانی مەسیحییەت لە ئێراندا، لەلایەکی تریشەوە سەرەتایەك بوو بۆ بەکارهێنانی ئایین وەکو ئامێرێکی کارا لە ڕاکێشانی لایەنی ڕۆحی و پتەوکردنی ڕایەڵەکانی نێوان جەماوەر و دەسەڵات، ئەم دۆخە نوێیە لە کاتێکدا بوو کە (ئەردەشێری کوڕی پاپەکان) بنەماڵەی ساسانییەکان، هەستانەوەکانی خۆی لە فۆڕمی شۆڕشێکی ئایینیدا، لە ناوچەکانی فارسەوە دەستپێکرد، ئەو لە چەند شەڕێکدا لە ساڵی ٢٢٤ز توانی ئەردەوانی پێنجەم (٢٠٩-٢٢٤)ز دواهەمین پاشای پارت لە نێوبەرێت، بەمەش توانی ئیمراتۆریەتی ساسانی لەسەر بناغەیەکی ئایینی دابمەزرێنێت، کارەکانی ئەدەشێر هەوڵێك بوون بۆ زیندووکردنەوەی ئایینی زەردەشت، ئەو لەم پێناوەدا بەرەنگاری چەندین لەمپەر بووەوە.

لەوانە:

١.شەڕکردن لەگەڵ ئیمراتۆریەتی ڕۆمانی ڕۆژهەلات.

٢.ڕێگرتن لە فراوانبوونی نفوسی مەسیحییەت لەولاتەکەیدا.

٣.زاڵبوون بەسەر کێشە ئایینییەکانی تری وەکو (میترایی، مانگ پەرستی، أناهیتا، بوزایی).(١)

لەم پێناوەدا زەردەشتییەکان کە زانیان بنەماڵەی ساسانییەکان پشگیریان دەکەن لە برەوپێدان و سەپاندنی ئایینەکەیاندا، ئیتر هیچ دوودڵییەکیان نەما لە بوونی دەستەڵاتی بێ سنووریان، لێرەوە گوشاری دەوڵەتی و مەزهەبی لە خواستی پێشەوا ئایینیەکانەوە سەرچاوەی دەگرت.(٢)

دیارە ساسانییەکان سەرەتا لە هەرێمی فارسەوە سەرەتاکانی دەسەڵات گرتنە دەستیان دیاری کرد، ئەوان سەرەتا

لەڕووی مەزهەبییەوە دەرکەوتن و باپیرانیان کاهین بوون لە پەرستگاکانی ئاگردا، بەڵام ئەردەشیر ڕەوتی ئەوانی گۆڕی، ئەو لەسەپاندنی دەسەڵاتی ناوەند و کۆکردنەوەی ئاڤێستا و بەڕەسمی ناسینی ئایینی زەردەشت وەکو باوەڕێکی ڕەسمی لە کاروباری دەوڵەتدا و دابەشکردنی خەڵك بۆ چینەکان، ئەمانەی هەموو کردە بەرنامەی کاری ئیمراتۆریەتەکەی.(٣)

## بوونی زەردەشت لە ئێراندا بوو بە بەربەستی نماکردنی مەسیحییەت

ئەم مەبدەئەی کە ئەردەشێر پشتی پێبەست دەبوایە لەسەر ئەساسی پەیڕەوێکی دیاری کراوبێت، کە ئەویش ئاڤێستا بوو، ئەوەبوو فەرمانی کۆکردنەوەی دا لە یەك بەرگدا و بڕیاریشی دا بە زمانێك کە ئەویش زمانی پەهلەوی فارسی بوو بنووسرێتەوە(٤)، لە بەرامبەریشدا (تەنسری) موغی گەورەی زەردەشتییەکان هەوڵی سەرخستنی بانگەشەکانی ئەردەشێری دا لە دامەزراندنی دەوڵەتی ساسانیدا و سەرەکیترین ڕۆڵیشی لەو پێناوەدا بینی،(٥) ئەمەش لەبەرئەوەبوو کە ئەوان ئەشکانییەکانیان بە هۆکاری لاوازیان دەزانی، هەر بۆیە کەوتنە خۆ بۆ چەسپاندنی پایەکانی دەسەڵاتیان، لە پشتگیری کردنی بانگەوازی ساسانییەکاندا(٦)، موغەکان لەگەڵ بە فەرمی بوونی ئایینەکەیان دەسەڵاتی تەواویان پێدرا بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینەکەیان(٧)، تەنانەت داواشیان لێکرا کە سەرپەرشتی ئایینی هەموو دەوڵەتی ساسان بن.(٨) لێرەوە ئەم سیاسەتە نوێیە لەگەڵ بوونی مەسیحییەکاندا بە یەکدادانی سەختی دروست کرد، دیارە مەسیحییەت لە کۆتاییەکانی سەدەی دووەمدا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ساسانیدا گەشەی کردبوو، هلیس (١٩٦-٢٢٦)ز لە کتێبەکەیدا (شەریعەتی وڵاتان) دەنووسێت، ئێمە لە هەر کوێ هەبین بە مەسیحی دەناسرێینەوە، ئەو لێرەدا باس لە مەسیحییەکانی ئەو قۆناغەی ئێران دەکات و دەڵێت "ئەو برایانەمان کە لە وڵاتی پارتەکانن دوو ژن ناهێنن، ئەوانەی لە وڵاتی فارسن کچەکانیان لە خۆیان مارە ناکەن، دانیشتوانی مادیش لە مردووەکانیان ڕاناکەن و زیندەبەچاڵیان ناکەن، هەروەها ناشیانخەنە بەردەمی سەگ تا بیخوات، ئەوانەش کە لە ئورهان ژن و خوشکەکانیان لەسەر داوێن پیسی ناکوژن،(٩) دیارە ئەم گۆڕانە کۆمەڵایەتی و کولتووری و مەزهەبییە دەبوایە لەگەڵ یاسا و ستراتیژی نوێی کۆمەڵگای ساسانیدا بە یەکدادانی دروستبکردایە، تەنانەت بوداکانیش لەگەڵ زەردەشت کە ئایینی ڕەسمی دەوڵەت بوو بە یەکدادانیان

دروستـــکـــرد(١٠)، تـا ئـەو کـاتـە لـەو شوێنانەیدا کە زەردەشتیەت نەیتوانی بوو بنەماکانی خۆی بەهێز بکات سەپاندنی دەسەڵاتی ساسانی تێیدا گرفت بوو، بۆ نموونە زەردەشتیەت نەیتوانی بوو لەناو میللەتانی چیایی و شوانکار و نیمچە کۆچەرییەکاندا بڵاوبێتەوە، کاتێکیش کرایە ئایینی ڕەسمی لەو ناوچانەدا، ئیتر ئەوێ بووبووە مەڵبەندێکی ئایینی مەسیحی(١١) بەمەش دەتوانین بڵێین ڕابوونی مەسیحییەت لەناو ساسانەکاندا هێشتا جم و جوڵ و چالاکییەکیان هەر مابوو، بەڵام ئەوەی بەتەواوی دۆخی ئەوانی شێواند، دانپێدانانی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی بوو بە ئایینی مەسیحی، وەکو ئایینێکی ڕەسمی ڕۆمانی ڕۆژهەڵات، ئەمەش لە مەرسومی میلانی ساڵی ٣١٣ز، لەلایەن ئیمراتۆر قوستەنتین ڕاگەیەنرا(١٢) ئەم ڕووداوە سەرەتای گۆڕانێك بوو دەربارەی مەسیحییەکانی ناو ئیمراتۆریەتی ساسانی، ئەوان لەلایەن فارسەکانەوە بە چاوی هەڵسوڕاوی ڕۆمانەکان سەیر دەکران و لەلایەن ڕۆمانەکانیشەوە بوونی کەمایەتی ئەوان لە ئامێزی دووژمندا جێگای گومان بوو، ئەم تێڕوانینە بە پەیامێك لەلایەن پاشای ساسانەوە ئاڕاستەی مەسیحییەکان کرا و ئاگادارکرانەوە، لێرەوە سەرەتای پێکدادان ڕوویدا، بەتایبەتی لە شارە گەورەکان و ناوچە سەرسنوورییەکاندا، دواجار بەشێکی زۆر لە مەسیحییەکان کـــوژران و بەشێکی گەورەشیان لێ گیرا و ژمارەیەکی زۆریشیان ئاوارە و دەستبەسەر بوون(١٣)، هەروەها فشاری زەردەشتییەکانیش بەشێکی زۆری مەسیحییەکانی لە جەور و ستەم بێبەش نەکرد و هەڵاتن بۆ سەر چیاکان، ئێستاش شوێنەواری دێر و کەنیسەکانی ئەوان بە سەر شاخەکانەوە ماونەتەوە(١٤)، بەم جۆرە دەتوانین بڵێین بە فەرمی بوونی ئایینی زەردەشتی لە دەستپێکی دەوڵەتی ساسانیدا سەرەتایەك بوو بۆ سنووردارکردنی مەسیحییەت، بەڵام ئەم ڕەوش و سنووردارکردنە لەسەر ڕابوونی مەسیحییەت بە درێژایی فەرمانڕەوای پاشا ساسانییەکان، لەیەك ئاستدا نەبووە، بەڵکو زۆرجار ئاڕاستەی پێچەوانەی گرتەبەر.

## کۆتایی دەسەڵاتی ئەشکانییەکان سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ تەسك کردنەوەی جموجۆڵ و چالاکییەکانی مەسیحییەت لە ئێر اندا

## شوێنی پەیوەندییەکانی ساسانی و بیزەنتی لە دیاری کردنی ئازادی مەسیحییەکان

کاتێك ئایینی زەردەشت بوو بە ئایینی فەرمی، ئەمە واتایەك بوو کە مافی پەیڕەوانی ئایینەکانی تری پێشێل دەکرد،

ئـەوان تـەنها دەیانـتـوانی ئایینی خۆیان بە شێوەیەکی ڕێژەیی لەناو خانەوادەی خـۆیـانـدا پـەرە پێـبـدەن، ئـازادی کاری مەسیحییەکان لە قۆناغێکی ئاوەهادا زیاتر بوو لە ئایینەکانی تر، هەر بۆیە لە قۆناغەکانی تردا دەبینین، ئەم ئازادییە لـە پـڕوپـاگـەنـدەکـردن بـۆ ئایینی عیسا سـنـووردار دەکـرێـت، چونکە پاشاکانی دوای ئەردەشێری پابکان بە کاریگەری ڕۆڵی پیاوانی ئایینی زەردەشـتی لەنێو دامەزراوە و کارگێڕییەکاندا، دەستیانکرد بە ئازار و سزادانی مەسیحییەکان، بۆ زیاتر ناساندنی ئەم دۆخە نموونەیەك دەخەمە پێش چاو، کە باس لە پێکدادانی دوو کەسی گورجی دەکات لەگەڵ موغێکی زەردەشتیدا، ئەم دوو کەسەیان بە تاوانی بوون بە مەسیحی دەستگیر کرد، پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە دایك و باوکی یەکێک لە دوو گورجییەکە مەسحیی دەبێت، هەر بۆیە ئەوەی کە مەسیحی زادە بوو ڕێگەیان بە ئازادبوونی دا، بەڵام ئەوی تریان بە هۆی ئەوەی کە لە ئایینی زەردەشـت هەڵـگەڕاوەتەوە و دایـك و باوکی زەردەشتین لەسێدارەی دەدەن. (١٥) ئـەم نـموونـەیـە پـیـشـانـدانی ئەو واقیعەیە کە مامەڵەیەکی ناتەندروست دەبـەخـشـێـتـە ڕابـوونـی مەسیحییەت و لـــەڕووی کـۆمـەڵایـەتـی و لـــەڕووی یەکسان وەستاندنیان لەبەردەم یاسادا جیاوازییەکی لەڕادەبەدەریان دەرهەق دەکـرا، لە سـاڵانی (٢٤٠-٢١٧) پاشـای دووەمی ساسانی شاپوور کوڕی ئەردەشیر دەسـەڵاتی گرتە دەسـت، شـاپـوور هەوڵی دا لـەنێوان زەردەشـت و مەسیحییەتدا جـۆرە بـاوەڕێکی نـوێ هەڵبژێرێـت، دیـارە هەوڵەکانی ئەمیش دەکرێ جۆرێك بێت لە مراندنی مەسیحییەت تاوەکو نەهێڵن لەچوارچێوەی خۆیدا فراوانتر بێت(١٦).

## موغەکان لەگەڵ بە فەرمی بوونی ئایینەکەیان دەسەڵاتی تەواویان پێدرا بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینەکەیان

دەکرێ بڵێین بـەردەوام ئایین کێشەیەکی گـەورەبـووە، لـەم پێـنـاوەشـدا هـەریـەك لـەسـەرکـردە سـاسـانـیـەکان بـەجـۆرێك و ستراتیژێکەوە بەرەنگاری ئەم پەیامە دەبـوونـەوە، زۆربـەی کاتیش ئەم ئایینە نـەخـشـی سـیـاسـی نـێـوان فـارسـەکان و بیزەنـتـیـەکان بـووە، بـە تـایـبـەتی لە سـەردەمی شـاپـوورەوە و لـەو دەمـانـەی مەسـیـحـیـیەتیش بـووە ئـاییـنی ڕەسـمی بیزەنتییەکان(١٧)، دیارە ئەم واقیعەی ڕۆمـانـەکـان لـە کـەڵـك وەرگـرتـن لـە ئایینـدا پێدەچێت کاریگەری سیاسەتە سـەرکـەوتـوانـەکـەی سـاسـانـیـیـەکانی لەپشتەوە بێت، لە سەردەمی شاپووردا دەســەڵات و هێز لای پـیـاوانـی ئـایـیـنی زەردەشـتـیـدا ڕووی لـە فـراوانـبـوون کـرد بوو، بەشێك لە تواناکان لەدەستی شادا

بوو، بەڵام بەشێکی بەرچاوی تواناکان لە دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی زەردەشتیدا بوو، تەنانەت هەندێک کات هێزی پیاوانی ئایینی زۆر زاڵتر بوو بەسەر پاشاکان، تەنانەت کار دەگەیشتە ئەوەی کە دەیانتوانی پاشا لابەرن و یەکێکی تر لەجێگاکەیدا دیاری بکەن، هەر لەم کاتەدا (کریتو) وەکو موغی موغەکان زیاتر لە زەردەشتییەکانی تر بەرچاو دەکەوت، لە ڕاستیدا (کریتو) لە ئەوپەڕی دەسەڵاتدا بوو، مەسیحییەکانیش لە تەنگەبەرییەکی ئازادی زیاتردا خۆیان دەبینییەوە، مانیش هەر لەم کاتەدا بە هۆی کارەکانی کریتۆوە زیندانی کرا و بوو بە هۆکاری مردنیشی لە ساڵی (٢٧٦ز)دا.

## بە فەرمی بوونی ئایینی زەردەشتی لە دەستپێکی دەوڵەتی ساسانیدا سەرەتایەك بوو بۆ سنووردارکردنی مەسیحییەت

ئەم ئایینە لەگەڵ تاج لەسەر نانی شاپووردا ٢٤٢ز وەکو ئایینێك بەڕەسمی ڕاگەیەنرابوو، بۆ باڵادەستبوونی تواناکانی (کریتو) ئەوە بەسە کە بڵێین ئەوان مافی قەدەغەکردنی ئایینەکانی تریان هەبوو، ئەوان جیا لە پاشاکانی تر خاوەنی چەند نوسراوێکن، تەنانەت لە شەش نوسراوی کریتودا، بانگەشە بۆ میعراج کراوە، میعراجێک کە بەهەشت و دۆزەخی پیشاندرابێت، لە هەمان نوسراوەکانی ئەواندا شانازی خۆی باس دەکات و باس لە ڕاوەدونانی ئایینەکانی تر دەکات لە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆری ساسانیدا و ناوی دەرکراوەکانی (یەهودی، مانەوی، زەنادقە، نەصرانییەکان دەبات)، لێرەوە دەتوانین بڵێین چاودێری دەوڵەتی ساسانییەکان و ڕۆم بەڵگە گەلێکی ترن لەسەر ئەزیەت و ئازاری مەسیحییەکان لە سەردەمی ساسانیەکاندا، چونکە لەناو ساسان و ڕۆمدا، دین بە تەواوی تێکەڵی دنیای سیاسەت و ئیدارەی وڵات بووبوو(١٨)، ئەم ڕەوشە دەربارەی مەسیحییەکان بە هەوراز و نشێوێکی فراواندا ڕووبەڕووبووەوە، بۆ ئەوەی زۆر ڕۆنەچین لەم لێکۆڵینەوەماندا، تەنها دوو ڕووی جیاوازی واقیعی ئەو سەردەمە وەردەگرین، کە تێیدا دوو مامەڵەی جودا لەلایەن شاکانی فارسەوە دەرهەق بە مەسیحییەکان دەکرێت، بۆ نموونە تێڕوانینی (یەزدگورد) و شاپووری دووەم بۆ مەسیحییەکان دوڕووی جیاوازیان هەبوو، هەر ئەمەش وای کرد کە سیفەتەکانی (اپیم) بۆ یەزدگورد، واتە تاوانبار و دوالاکتاف بۆ شاپوور بەکاربهێنرێت، یەکەمیان میانەڕەو و لەسەر خۆبوو لەگەڵ مەسیحییەکان، هەر بۆیە زەردەشتییەکانیش بەم ناوە ناساندیان(١٩)، چونکە لەم سەردەمەدا پەیوەندی مەسیح و زەردەشتیەت لە

قۆناغێکی نوێدا بوو، ئەو کاتە ئێران گۆڕانێکی دیاری لە سیاسەتدا کرد دەربارەی مەسیحییەکان، دەوڵەت بواری دا بە ئازادی کار و تەبشیر و دامەزراوەی کەنیسەکانیان و تەواوی مەسیحییە بەندکراوەکانیان ئازاد کرد، هەروەها کۆبوونەوە ئایینییەکانیان کرد بۆ یەکخستنی کەنیسەکانیان، کە بەپێی کەنیسەی بیزەنتی دەجولانەوە، دیارە ئەم کارە لە ئەنجامی نزیکبوونەوەی نێوان دەوڵەتی فارس و ڕۆمی ڕۆژهەڵات بوو، هەر ئەمەش بوو کە زەردەشتییەکان ئەم پاشا فارسەیان بە تاوانبار ناو دەبرد(٢٠)، مەسیحییەکانیش هەندێکیان خراپ سوودیان لەم ئازادییە وەرگرت و شۆڕشیان دژی ئایینی ڕەسمی دەوڵەت دەکرد(٢١)، بەدەر لەم ڕەوشە بارودۆخی تریش هەبووە کە ئاڵۆزی ڕابوونی مەسیحییەتی گرتووەتەوە، ئەمەش ڕێك لەگەڵ تێکچوونی پەیوەندییەکانی فارس و ڕۆمدا ڕاستەوانە دەگۆڕا، بۆ نموونە شاپووری دووەم کە بە (زوالاکتاف) ناسرابوو، چونکە ئازار و سزای مەسیحییەکانی لەسەردەمی خۆیدا گەیاندبووە لوتکە و زۆرێك لە مەسیحییەکانی لەم قۆناغەدا بە شەهادەت گەیاند، یادداشتی ئەم مەسیحییە لەنێوچوانە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە و بە زمانی سریانی نوسراوەتەوە، لەم یاداشتانەدا جگە لە ڕووداوەکانی شەهادەتی مەسیحییەکان، سەرگوزەشتەی زەردەشتییە بە مەسیحی بووەکانیش هەمووی باسکراوە(٢٢)، ئەم ڕەوشە ناڵەبارەی مەسیحییەکان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت لەئەرمەنستان، چونکە ئەمانە مەترسیان لەسەر ساسانییەکانیش دروست کردبوو،

## بەردەوام ئایین کێشەیەکی گەورەبووە، لەم پێناوەشدا هەریەك لەسەرکردە ساسانیەکان بەجۆرێك و ستر اتیژێکەوە بەرەنگاری ئەم پەیامە دەبوونەوە

دیارە ئەرمەنستان بەردەوام کێشەیەکی زیندووی نێوان فارس و ڕۆمی ڕۆژهەڵات بووە، ئەم کێشەیەش لەپێش هەموو هۆکارەکانەوە هۆکارێکی ئایینی بووە، شاپووری دووەم ساڵی ٣٦٨ز ناردی بە دوای (ارشاکی دووەم) و چاوی دەرهێنا و کوشتی، دواتریش پەلاماری ئەرمەنستانی دا و کەوتە سوتاندنی کەنیسەکانیان و ئازار و چەوسانەوەی مەسیحییەکانی دا تاوەکو بێنە سەر ئایینی زەردەشتی(٢٣)، زۆر و ستەمی شاپووری دووەم وای لە باوەڕدارانی مەسیحی کرد کە وڵات جێبێڵن، داب و نەریتی کڵێسای مارتومای هیندی باسی ئەوە دەکات کە کەسێکی تر بە ناوی بازرگان ڕووی کردووەتە وڵاتی

هیند لەگەڵ ٤٠٠ کەسی مەسیحیدا لە ساڵی ٣٤٥ز، هەڵاتنی ئەمانە لە وڵاتی ساسان بۆ هیند دەگەڕێتەوە بۆ ئاڵۆزی ئازادییەکانی ئەوان لە ئێراندا(٢٤)، هەر بۆیە مەسیحییەکان بەردەوام قوربانی ئەم دۆخە سیاسییە بوون، بۆ نموونە مارسیلۆس، یەکێك بوو لەسەربازە ڕۆمانەکان ئەم سەربازە لە کاتێکدا هەر دوو ئیمپراتۆری ڕۆمانی و ساسانی خەریکی کۆکردنەوەی خەڵك بوون لە هەموو چینەکان، کەوتە ژێر بانگەشەی پیاوانی ئایینی مەسیحی کە دژی جەنگ و کوشتار بوون، چونکە باوەڕگەیان ڕێگای کاولکاری پێنەدەدان، لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەدا سەرکردەی ڕۆمانی (ترتلیان) دەڵێت: شەڕ شتێکە دەبێ مەسیحییەکانیش بیکەن، ئەوە بوو ماریلیۆ بڕیاری ڕەدکردنەوەی جەنگی دا، هەر بۆیە ساڵی ٢٩٨ز لە مەیدانی جەنگدا ئەم سەربازەیان سەربڕی، ئەم هەڵوێستەش کارێکی کرد کە هەموو مەسیحییەکانی وڵات دژی شەڕکردن بوون و شەڕیان نەکرد(٢٥)، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین ئەم گۆڕانەش لەسەردەمی شاپووری دووەمدا ڕوویدا، هیچ جیاوازییەکی نەتەوەیی نەبوو، بەڵکو جیاوازییەکی ئایینی بوو، بۆ نموونە شاپووری دووەم ئەرمینیای بە مەترسی دەزانی، چونکە ئەرستۆقراتەکانی ئەوێ دابەش بووبوون بۆ لایەنگیری ڕۆمان و ساسانەکان، جەنگ لەوێ (٣٨٨-٣٥٠)ز خایاند، بەڵام هیچ دەرەنجامێکی دروستی لێ نەکەوتەوە،(٢٦)، چونکە ئەو ناوچەیە بەردەوام مایەی ململانێی نێوان ڕۆم و ساسانییەکان بوو، لەبەرئەوە خەڵکی ئەو ناوچەیە بە هۆی ئەوەی بووبوونە مەسیحی، مەیلیان زیاتر بەرەوڕووی ڕۆمانەکان بوو لە کاتێکدا ئەرمەنستان لەڕووی جوگرافییەوە لەژێر دەسەڵاتی ئێراندا بوو، هەر بۆیە مەسیحی بوونی خەڵکی و لکانی بە ئێرانەوە مایەی بەیەکدادانی بەردەوامی ئەم دوو هێزە بوو.(٢٧)

**چاودێری دەوڵەتی ساسانییەکان و ڕۆم بەڵگە گەلێکی ترن لەسەر ئەزیەت و ئازاری مەسیحییەکان لە سەردەمی ساسانیەکاندا، چونکە لەناو ساسان و ڕۆمدا، دین بە تەواوی تێکەڵی دنیای سیاسەت و ئیدارەی وڵات بووبوو**

ئەم دوو نموونەیەی باسکران، دەرخستنی نموونەی واقیعە جیاوازەکانی ئەو سەردەمە بوون، ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا مابێتەوە بیڵێین کاریگەرییەکانی مەسیحییەکانە لەسەر لایەنی کولتووری و فەرهەنگ و نووسینی ئێرانییەکان، ئەوان لەو سەردەمانەدا کە ئازادیان پێدرابوو توانیبوویان بەرهەم و جێ دەستیان لە سیاسەت و نەخشی

وڵاتدا هەبووبێت، بۆ نموونە کاتێك کە قەیسەری دووەم بە هۆی توندوتیژییەوە حەوت کەس لە فەیلەسوفەکانی یۆنان دەردەکات، ئەوان هەڵدێن بۆلای (خسرو انوشیروان) و بوونە ڕاوێژکاری فەلسەفی ئەم پاشایە و بە گەرمی پێشوازیان لێکرا و شوێنیان کرایەوە، پێشنیازەکانی (پریسکیانوس) یەکێک لە فەیلەسوفە پەناهێنەرەکان بۆ لای دەربار وەکو کتێبێك ناسێنرا، هەرچەندە تا ئەمڕۆ چەند بەشێکی بە زمانی لاتینی ماوەتەوە، بەم جۆرە لە قۆناغی دەسەڵاتی هەندێک لە پاشاکانی ساسانی گرنگی دان بە عیلم و زانست و دەرکەوتنی زاناگەلێکی جۆراوجۆر لە نێو تەواوی ئایینەکانی سەردەمیاندا دەرکەوتن، بە گوێرەی ئەمە دەکرێت بەرهەمی بەجێماوی مەسیحییە ئێرانییەکان مابێتەوە، بە هەمان شێوەی بەرهەمی نووسراوی مەسیحییە ئێرانییەکان بە زمانی سریانی دانراوە، لەبەر ئەوە ئەوان (نەسگوری) بوون و زمانی ئایینی و مەسیحەکانی ئێرانیش سریانی بوو، بەم جۆرە نەسگورییەکان ناچاربوون بەرهەمەکانی خۆیان بە زمانێک لە ئاستی تێگەیشتنی خەڵك بێت، پەهلەوییەکانیش ئەو نووسراوانەیان وەرگێڕا، لەم ڕووەوە چەند بەشێك لە کتێبی پیرۆز وەرگێڕدراوە، هەرچەندە ئەمڕۆ، تەنها بەرهەمێکی بەجێماوی مەسیحییەکان بە زمانی پەهلەوی کە وەرگێڕدراوی بەشەکانی (زەبور داودە)

ئەم بەرهەمە نووسینێکی تایبەتە بە ناوی (پەهلەوی زەبوری)، دەبێت ئەوەش بزانرێت لە سەدەی چوارەمی زایینیدا پیاوانی ئایینی زەردەشتی داهێنەری نووسینی ئاڤێستا بوون، ئەوان کارتێکرانی نووسینی پەهلەوی و زەبووری پەهلەویان لەسەر دیارە، لەلایەکی ترەوە مەسیحییە ئێرانییەکان زۆرێك لە بەرهەمەکانی خۆیان بە زمانی (سغدی) وەرگێڕاوە، سغدییەکان قەومێکی ئێرانی بوون، کە لە سغد لە مەڵبەندی سەمەرقەند دەژیان، دیارە خەڵکانی پێڕەوی ئایینە جیاوازەکان لەوێ زۆربوون، چونکە خەڵکی ئەوێ بە بازرگانییەوە خەریك بوون، ئەوان بە درێژایی ڕێگای ئاوریشمی تەورێز بازرگانییان دەکرد.

لە ڕاستیدا ئەم هۆکاری جۆراوجۆری مەزهەبی سوغدییەکانە، هەروەها سەفەرە فراوانەکانی ئەم نەتەوانە هۆکاری ئاشنایی ئەوان بوو بە مەزهەبە جیاوازەکان، لەلایەکی ترەوە بە هۆی ئەوەی کە زمانی سغدییەکان وەکو زمانێکی میانجی نێوان نەتەوە جیاوازەکان دەژمێردرا، چونکە پەیوەندی فەرهەنگی زۆریان لەگەڵ ئایین و نەتەوە جیاوازەکان هەبوو، بووە هۆی بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت، بە هەموو واتا فەرهەنگی و کولتوورییەکانییەوە، هەر بۆیە لە ناو بازرگانە سوغدییەکانەوە بە خێرایی ئەم دینە بڵاوبووەوە، لەناو ئەم سوغدیانەدا یادداشت گەلێك هەن بە زمانی

سوغدی، بەشێك لەو نووسراوانە باس لە سەرگوزەشتەی کچێکی زەردەشتی دەکەن بە ناوی ناهید، کچێك کە باوکی پیاوێکی ئایینی زەردەشتییە، باسەکە لە مەسیح بوونی کچەکەدایە، بە جۆرێك کاریگەری دەکاتە سەر باوکی و دەیکات بە مەسیحی، لە کاتێکدا ئەم هەواڵە دەگاتە پیاوانی دەوڵەت، ئەوان بە بەرچاوی کچەوە، باوکی دەکوژن و پاشان کچەکەش دوای ئەوەی کە سورن لەسەر پەشیمان نەبوونەوە.(٢٨)

## پەراوێزو سەرچاوەکان:


١.اربرکریسنی: ایران فی عهد الساسانی، و یحیی المنیاب، ١٩٥٧، لا ٢٠.
٢.اربرکریستنس: هەمان سەرچاوە، لا ٤٨.
٣.دکتر حسن باغ بدی، مسح در ایران، وەرگێرانی لە فارسیەوە ماجید خەلیل، ل٢١.
٤.دکتر حسن باغ بدی، هەمان سەرچاوە
٥.اربر، کریستنس: هەمان سەرچاوە، لا ١٣٠-١٣١.
٦.کەیوان ئازاد ئەنوەر: مانیزم، چ١، سلیمانی، ٢٠٠٤، لا ٤٤.
٧.المسعودی، مروج الزهب و معادن جوهر، ج١، ٢٣٠.
٨.اربر، کریستنس، هەمان سەرچاوە، ٧٤.
٩.جون لودیمر: تاریخ الکنیسە، ط١، قاهرە، ١٩٨٢، لا ٢١.
١٠.اربر کریستنس: هەمان سەرچاوە، لا ٤٧.
١١.د.رەشاد میران: ڕەوشی ئایینی و نەتەوەی کورد، چ٢، ٢٠٠٠، لا ٢٨.
١٢.د.قحطان عبدالستار الهدیثی: دراسات فی التاریخ الساسانی و البیزنگی، لا٢٥٢.
١٣.اربر کریستنس: هەمان سەرچاوە، لا ٢٧.
١٤.رەشاد میران: هەمان سەرچاوە، لا ٢٧.
١٥.دکتر حسن باغ بدی، هەمان سەرچاوە
١٦.الشهرستانی: الملك والنمل، چ٢ ، ج٢ ، ٢٢.
١٧.د.قحطان عبدالستار الهدیثی، هەمان سەرچاوە، لا ٨٩.
١٨.د.عبدالله رازی: تاریخ کامل ایران-از تاسیس سلسله ماد تا انقراض قاجاریە، تهران، لا٣٤٦.
١٩.د.قحطان عبدالستار الحدیثی، هەمان سەرچاوە، لا ٨٩.
٢٠.دکتر حسن باغ بدی، هەمان سەرچاوە
٢١.هەمان سەرچاوە
٢٢.د. قحتان عەبدوستار، ل٨٩
٢٣.دکتر حسن باغ بدی، هەمان سەرچاوە
٢٤.شاسوار هەرشەمی: مێژووی ئارامیەکان لە کوردستان، ١٩٩٩، چ٢، سلێمانی، لا ١١٨.
٢٥.هەمان سەرچاوە
٢٦.ئارام داود: مێژووی کەنیسەی کوردی لەسەدەی ساسانیەکاندا، سلێمانی، ٢٠٠٢، لا ٣١.
٢٧.دکتر حسن باغ بدی، هەمان سەرچاوە
٢٨.هەمان سەرچاوە

وەرگێڕان

ئایینناسی

# پرسی نەتەوەیی لەژێر ڕۆشنایی گوتاری ئیسلامی سیاسیدا

نووسینی: سەریەست نەبی - بەشی یەکەم

وەرگێڕانی: ئایینناسی

## پێشەکی

ئایا دەکرێت دیاردەکانی لادان لە ئاگایی جەماوەری موسڵمانان و هەندێک لە ڕەوتە ئیسلامییەکان -کە زۆر جار بەدی دەکرێن لە کۆمەڵگا کوردستانییەکاندا- جیا بکەینەوە لە هەناوی ئایدۆلۆژیا سەرەکییەکەی کە ناسراوە بە ئیسلامی سیاسی؟ ئایا دەگونجێت بۆ ئەوانەی لە بواری زانستی سیاسەتدا کاردەکەن قسە لەسەر جۆرێک لە ئیسلامی سیاسی نەتەوەیی بکەن کە خواستە ئایدۆلۆژییەکان بێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندییە سیاسی و مێژووییەکانی نەتەوەی کورد؟

ئایا دەگونجێت بۆ ئەوانەی لە بواری زانستی سیاسەتدا کاردەکەن قسە لەسەر جۆرێک لە ئیسلامی سیاسی نەتەوەیی بکەن کە خواستە ئایدۆلۆژییەکان بێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندییە سیاسی و مێژوویەکانی نەتەوەی کورد؟ ئایا گوتاری ئیسلامی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی دەتوانێت ببێتە جێگرەوەیەکی مێژوویی و چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ پرسی نەتەوەیی لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا، بە تایبەت پرسی نەتەوەیی کورد کە زۆرینەی لەسەر ئایینی ئیسلامن و لە هەمان کاتدا ستەمی نەتەوەیی لێدەکرێت لەلایەن سیستمە سیاییەکانی (عەرەب، فارس و تورک) کە قسەکردنیان لە سەر ئایینی ئیسلام قۆرخ کردووە بۆ خۆیان؟ ئەو جیاوازییە تراتژیدییەی کە سەرنجی زۆرێک لە چاودێرەکان ڕادەکێشێت بە لای خۆیدا ئەو ڕاستییەیە کە ئەوە بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەکە سیستمی سیاسی ئەو دەوڵەتانە شەڕی جینۆساید دژ بە کورد بەرپا دەکەن بەبێ ئەوەی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە سەرکۆنە بکرێت، لە کاتێکدا ئەو دەوڵەتانەی کە خودی کورد بەناوی ئیسلامەوە شەڕی کردووە لە سەردەمێک لە سەردەمەکاندا داکۆکی لە کورد دەکەن و دەیپارێزن لەو وڵاتە موسڵمانانەی کە کورد لە خاکەکەیدا دەژی. هەر ئەو دەوڵەتانە کە بە (دارولکوفر) ناسراون، ئازادی کولتووری و زمانەوانی دەبەخشن بە کوردەکان و دان دەنێن بە شوناسیاندا، لە کاتێکدا لەو وڵاتە موسڵمانانەی کە کوردی بەسەردا دابەش کراوە ئەوە بەدی ناکرێت. ئەم جیاوازییە دیار و گەورەیە قەبارە و قووڵی ئەو تراژیدیایە دەردەخات کە لە ڕووی مێژووییەوە ڕووبەڕووی کورد بووەتەوە لەلایەن سیستمە سیاسییەکانەوە، ئەو دەوڵەتانەی کە زۆر جار ئایینی ئیسلام و گوتارە پیرۆزەکەی وەک پاساوێک بەکاردەهێنن بۆ پیادەکردنی سیاسەتی ڕەتکردنەوەی چەوساندنەوە و جینۆساید. لە هەمان کاتدا هەندێک ڕەوتی سیاسی و پارت و جوڵانەوەی ئیسلامی لە پشت ئەو سیستمانەوە خۆیان حەشار داوە و بە مەبەستی پاساوهێنانەوە بۆ سیاسەتە داپڵۆسێنەرەکانیان دەرحەق بە نەتەوەی کورد لە سەرتاسەری جیهاندا و لە هەمان کاتدا ڕەتی ئەو دۆخە کارەساتبارەی کورد دەکەنەوە و شکۆی سیمبول و سەرکردەکانیان دەشکێنن و تەکفیر دەکرێن لەبەر ئەوەی دژ بە ستەمکاری وەستاونەتەوە و لەدژی ڕاپەڕیون، نموونەی مەئمون هوزەیبی ڕابەری گشتی ئیخوان لە کۆنگرەیەک لە کاتی جەنگی کەنداوی دووەم وتی، کوردەکان لە ئایینی ئیسلام دەرچوون.

هەروەها ڕاشد غەنوشی ڕابەر و تیۆرسێنی بزووتنەوەی نەهزەی توونسی پرسی کورد بە فیتنەی کوردی دەناسێنێت. بە شێوەیەکی گشتی ئەوە هەڵوێستی بەشێک

لە ئیسلامی سیاسییە بەرامبەر بە کورد لە دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم، بەشێک لە هێزەکانی ئیسلامی سیاسی لە جیهانی عەرەبیدا ئەو کارەیان بە ئەهریمەن کرد و لە دژی وەستانەوە.
لەم توێژینەوەیەدا قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کە پێکهاتەی ئایدۆلۆژی بیری سیاسی باو لە لای ئیسلامییەکان دژ بە گوتاری ڕزگاریخوازی پرسی کورد و ئامانجە سیاسییەکانییەتی، یان تەبایە لەگەڵی؟ هەروەها لایەنگری گوتاری ئیسلامی سیاسی و قبوڵکردنی ئایدۆلۆژیاکەی چەند لەگەڵ بیری نەتەوەیی دێتەوە؟ بەکارهێنانی سیفەتی نەتەوەیی و زمان بۆ پێناسەکردنی ئەو گوتارە و بانگەشەکردن بۆی، نابێتە هۆی بەرهەمهێنانی گوتارێکی نەتەوەیی و سیاسی ڕزگاریخواز لە ئیسلامدا؟ ئاماژەش بۆ ئەوە ئەو گوتارەیە کە بەردەوام بەرهەم دەهێنرێتەوە و بانگەشەی بۆ دەکرێت لە کۆمەڵگەی نەتەوەییدا، لە زەمینەیەکی ئایدۆلۆژی و نەتەوەیی نێوەندگەرا کە ڕێگە نادات بە دروستبوونی بیرکردنەوەیەکی نەتەوەیی سەربەخۆ.
ئەم توێژینەوەیە مەبەستێتی کە وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە: ئایا گوتاری ئیسلامی سیاسی وەڵامی خواستەکانی پرسی نەتەوەیی نەتەوەی کورد و ئامانجەکانی بۆ ڕزگاری و یەکسانی دەداتەوە؟ گریمانەی پێچەوانە کە ئەم توێژینەوەیە لایەنگری دەکات، دەڵێت مەرجەعیەتی سیاسی و ئایدۆلۆژی کە ڕەوتی ئیسلامی سیاسیی کورد پشتی پێ دەبەستێت، بە هیچ شێوەیەک دان نانێت بە مافی نەتەوەی کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە دوور لە ڕێنوێنییە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانی پڕۆژەی (ئوممەت)ی ئیسلامی کە وڵاتە هاوبەشەکانیش بەشێکن لە پیادەکردنی سیاسەتی داپڵۆسین و ڕەتکردنەوەی مافی شوناسی نەتەوەی کورد وەک بەشێکی گەورە لەو ئایدۆلۆژیایە.
سەرباری ئەوە، پشتبەستن بەم چەمک سیاسییانە دەتوانێت ببێتە هۆی دروستکردنی دابەشبوون لە ئاگایی نەتەوەیی و دروستکردنی جیاکاری لەسەر بنەمای شوناسی ئایینی لە کۆمەڵگەی نەتەوەییدا و ئەمەش هەژموونی شوناسی ئایینی باڵادەست دەکات بەسەر ئاگایی نەتەوەییدا، بە تایبەت کە گوتاری پارتەکانی ئیسلامی سیاسی زیاتر بایەخ بە لایەنە ئایینییەکە دەدات بەراورد بە هەر لایەنیکی دیکە. ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی بایەخێکی ئەوتۆ نادەن بەو کارەساتانەی کە بەسەر کەمینە ئایینییەکاندا هات بە هۆی گرووپە توندڕەوەکانەوە، لە کاتێکدا هەر ئەو ڕەوتە ئیسلامییانە بێ دوودڵی خۆپیشاندان دەکەن و نارەزایەتی دەردەبڕن لە شەقامی کوردیدا وەک پشتیوانییەک بۆ ئازاری موسڵمانەکانی ڕۆهینگا، یاخود غەززە.

## چەمکی ئیسلامی سیاسی

چەمکی ئیسلامی سیاسی، چەمکێکە لە ڕووی بەکارهێنانەوە بەربڵاوە و بە تەواوی بەو ڕەوت و جووڵانەوە سیاسییانە دەوترێت کە پێی وایە ئیسلام نەوەک تەنها بیروباوەڕێک، بەڵکو سیستمێکی سیاسی سەرتاپاگیرە کە دیدیی خۆی لە شەریعەتی ئیسلامەوە وەردەگرێت کە لە لای سوننەکان بە چەمکی (دەسەڵاتی خودا) و لە لای شیعەکانیش بە چەمکی (ویلایەتی فەقیه) دەناسرێت. نووسەری کتێبی «ئیسلامی سیاسی» دەڵێت: بۆ یەکەمین جار لەم کتێبەدا ناونیشانی «ئیسلامی سیاسی» بەکارهێنرا وەک سیفەتێک بۆ ئەو گرووپ و کۆمەڵانەی هەر لە بنەمادا ئامانجی سیاسییان هەیە، ئەگەر چی هەندێک بەرگێکی ئایینی دەکەن بە بەریدا، بۆ نموونە دەڵێن کە سیاسەت بە شێکە لە ئیسلام، یاخود دەڵێن سیاسی بوون فەرزە لەسەر موسڵمان.

ئەگەر تەنها لەڕووی جووڵانەوەیەکی ڕێکخراوەوە لە ئیسلامی سیاسی بڕوانین بەبێ ئەوەی وەک دیاردەیەکی بیر و ئایدۆلۆژیا گرنگی پێبدەین کە شێوازی بیرکردنەوە دیاری دەکات لەلای بەشێکی زۆر لە موسڵمانەکان بەبێ ئەوەی پەیوەست بن بە شێوەیەکی دیاریکراو لە کاری ڕێکخراوەییەوە، ئەوا ئەم جۆرە ناساندنە دروستە، ئەم حاڵەتە لە کاتی هاوپشتیدا بە شێوەیەکی خۆڕسکانە دەردەکەوێت وەک حەزێک بۆ دووبارە بەدەستهێنانەوەی دەسەڵاتی خیلافەتی ئیسلامی. ئەم شێوازە سەرەتاییەش لە ئاگایی سیاسی ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن بەشێک لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکانی سووریا و عێراق هاوسۆزیان دەربڕی بۆ ژیان لە ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامی/ داعش-دا.

## ئەو دەوڵەتانە کە بە (دارولکوفر) ناسراون، ئازادی کولتووری و زمانەوانی دەبەخشن بە کوردەکان و دان دەنێن بە شوناسیاندا

ئیسلامی سیاسی دیاردەیەکی گشتگیرترە لەوەی تەنها وەک ڕێکخراوێک بناسرێت، کە کارەکەی لە پرۆگرامێکی سیاسی دیاریکراوەوە وەربگرێت، کە بریتییە لە گوتارێکی ئایدۆلۆژی و سیاسی سەرتاپاگیر کە خۆی لە قەرەی پرسیار و ئاڵنگارییە هاوچەرخەکان دەدات و هەوڵدەدات وەڵامەکان لە سەدەی حەوتەمی زایینییەوە وەربگرێت. سەرباری ئەوەش پێویستە بە ئاگا بین لە ڕاپۆرت و بڕیارە خێراکان لەو بارەوە، بەو پێیەی کە ئیسلامی سیاسی تەنها دیاردەیەکی ڕۆژئاوایی نییە، کە بە دوور بێت لە کات و شوێن، بەڵکو پەیوەندییەکی نزیکی

هەیە لەگەڵ پرسە هاوچەرخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان.
کەواتە باشتر وایە بگەڕێین بە دوای ڕیشەی ڕاستەقینەی ئەم دیاردەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێستادا، بەو پێیەی کە بە دوای ڕەوایەتی مێژوویی خۆیدا دەگەڕێت هەر وەک ئەوەی درێژکراوەی پیرۆزی یەکەمین پڕۆژە و درێژەپێدەری بێت. پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، بۆچی ململانێکان شێوەیەکی ئایینی وەردەگرن لە گوتاری ئیسلامی سیاسیدا؟ و بۆچی ئایین لە دیدی زۆرینەی موسڵمانەکانەوە خۆی وەک ڕزگارکەر دەبینێت و بووەتە ئاڵنگارییەک لە بەرامبەر گوتاری نەتەوەیی کورد، بەتایبەت لە کوردستانی باشوور و باکووردا؟
لە لایەکی دیکەوە ژمارەیەک لە مێژوونووسەکان پێیان وایە کە ئینگلیزە ڕۆژهەڵاتناسەکان ڕۆڵیان هەبووە لە دارشتنەوەی چەمکی ئیسلامی سیاسیدا لە بەرژەوەندی ئایدۆلۆژیا داگیرکەرییەکەیاندا، هاوکات ژمارەیەکی دیکە پێیان وایە کە ئەمەریکا ڕۆڵی هەبووە لە پاڵپشتی کردنی جووڵانەوەکانی ئیسلامی سیاسی لە سەردەمی ئێستادا، لەو بارەوە بە بۆچوونی نووسەری کتێبی «گەمەی ئەهریمەن» بێت ئیسلامی سیاسی بەم شێوەیە پێناسە دەکات «وێنەیەکی شێوێنراوی بیروباوەڕی ئایینییە، بریتییە لە ئایدۆلۆژیایەکی گۆڕاو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتیوانی کردووە و بناغەی دارشتووە، نموونەی ئیخوان موسلمون، ئێران لە سەردەمی ئایەتوڵڵا خومەینی، وەهابی توندڕەو لە سعودیە، حەماس، حزبوڵڵا، موجاهیدە ئەفغانەکان و ئوسامە بن لادن.

## مەرجەعیەتی سیاسی و ئایدۆلۆژی کە ڕەوتی ئیسلامی سیاسیی کورد پشتی پێ دەبەستێت، بە هیچ شێوەیەک دان نانێت بە مافی نەتەوەی کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی

بێگومان ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە ئیسلامی پێش ئەو ڕێکەوتە بە دوور بووە لەم سیاسەتە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەگەر زۆرێک لە ناکۆکییە مێژووییەکانی ئیسلام بگێڕینەوە بۆ ناکۆکیی لە بەرژەوەندییە سیاسییەکاندا، بەو پێیەی ئیسلام وەک ئایین و ئایدۆلۆژیا هیچ کات بە دوور نەبووە لە ململانێ سیاسییەکانەوە، هەروەها لە هەمان کاتدا ناکرێت ئەوە ڕەتبکەینەوە کە ئیسلامی سیاسی دوور بووە لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی لە ڕۆژئاوای سەرمایەداریدا، لەبەر ئەوەی هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە تێوەگلاوە لەگەڵ هەواڵگری بەریتانی و فەڕەنسی و ئەڵمانیدا. دوای پەنجاکانی

سەدەی پێشوو، گرووپە ئیسلامییەکان پەیوندییان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دروستکرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی کۆمۆنیزم و شەپۆلی دیموکراسی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامیدا. ئەمەریکییەکان هیچ دوودڵ نەبوون لە پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ ئەو گرووپانە. ئەو پەیوەندییە لە هەشتاکاندا گەیشتە لوتکە، بە شێوەیەک کە ڕۆناڵد ڕیگان سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا لە کاتی پێشوازیکردن لە سەرکردەی گرووپە ئیسلامییە چەکدارەکان لە کۆشکی سپی، وەک دامەزرێنەرانی ئەمەریکا ناویهێنان. ئەو کاتە ناوی (جەنگاوەران لە پێناو ئازادی) بەخشرا بەو چەکدارە ئیسلامیانەی کە دژ بە ستەمکاری کۆمۆنیزم شەڕیان دەکرد، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و زۆرێک لە دامەزراوە سیاسییەکان پشتیوانییان لە ئیسلامی سیاسی دەکرد لە سوریا و میسر. هەڵبەت لێرەدا نابێت لەو بارەوە هەڵە بکەین لەبەر ئەوەی هۆکاری دەرەکی ناتوانێت کاریگەری دروست بکات گەر هەل و مەرجی ناوخۆیی ئامادە نەبێت بۆ وەرگرتنی ئەو پشتیوانییە، بەو پێیەی کە هەر پشتیوانی دەرەکی ڕۆژئاوا بوو، بووە هۆی سەرخستنی ئیسلامی سیاسی و بڵاوبوونەوەی.

دیاردەی ئیسلامی سیاسی لە هەردوو جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا دابەش بووە بەسەر دوو جەمسەردا، جەمسەرێک داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی دەکات کە پڕۆژەکەی خیلافەتی ئیسلامییە و جەمسەرێک کە عەلمانییە و داوای دەوڵەتێکی عەلمانی دەکات وەک تەنها چارەسەرێک بۆ ڕزگاربوون لە پاشکۆیی و دواکەوتوویی و ستەمکاری. ئەم مشتومڕە لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم بەربڵاو بوو، بە تایبەت دوای کەوتنی دەوڵەتی خیلافەی عوسمانی لەسەر دەستی کەمال ئەتاتورک لە ساڵی ١٩٢٤ و ئەمەش نیگەرانی لە لای موسڵمانەکان دروست کرد تایبەت بە شوناس و چارەنووسیان. دوای چەندین سەدە لە ژیان لە ژێر سایەی خیلافەتی ئیسلامی، موسڵمانەکان بۆ یەکەمین جار هەستیان کرد کە لە ژێر دەسەڵاتێکدا دەژین کە نامۆیە پێیان، ئەم هەستە دواتر بەرکەوتنی لە بواری بیرکردنەوەدا لێکەوتەوە لە نێوان ڕۆشنبیران و بیریارە موسڵمانەکان، کە دیارترینیان ئەوەی نێوان فەرەح ئەنتوان و شێخ محەممەد عەبدە بوو لە ساڵی (١٨٤٩-١٩٠٥) و ڕەشید ڕەزا (١٨٦٥-١٩٣٥) لە هەردوو گۆڤاری «مەنار» و «جامعە» لە (١٩٠٢)، کە بۆ چەندین دەیە درێژەی کێشا. لێرەوە گوتاری ئیسلامی سیاسی سەریهەڵدا کە خواستی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی و گێڕانەوەی خیلافەتی ئیسلامی لێکەوتەوە.

بەپێی بۆچوونێکی تایبەت دەکرێت

جمالەدین ئەفغانی (١٨٣٨-١٨٩٧) وەک یەکەمین تیۆرسێنی ئیسلامی سیاسی دابنرێت، بۆ نموونە ئەفغانی سروش بەخشی شێخ محەممەد عەبدە بوو، کە بووە خوێندکاری و ڕۆڵی هەبوو لە دروستکردنی بیرکردنەوەی ڕەشید ڕەزا، کە ئەویش بە نۆبەی خۆی کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی حەسەن بەننا (١٩٠٦-١٩٤٩) دروست کرد، کە بە دامەزرێنەری جووڵانەوەی ئیخوان موسلمین دادەنرێت لە میسر لە ساڵی ١٩٢٨دا، لە ژێر کاریگەری بیرکردنەوەکانی بەننا-دا، ئەبو ئەعلای مەودودی (١٩٠٣-١٩٧٩) چەمکی ئیسلامی سیاسی هێنایە ئاراوە و کۆمەڵەی ئیسلامی لە پاکستان دامەزراند، هەر لە ژێر کاریگەری حەسەن بەننا چەند کەسی دیکە دەرکەوتن کە توانیان کاریگەری قووڵ لەسەر پەرەسەندنی بیر و ڕێکخستنی ئیسلامی سیاسی دابنێن، نموونەی سەید قوتب، ئوسامە بن لادن، عەبدوڵڵا عەزام، ئەیمەن زەواهیری و چەندانی دیکە، تێکڕای ئەو ناوانەش بەو تیۆرسێنە توندڕەو و کاریگەرانە هەژمار دەکرێن، کە پاڵنەری سەرەکییان دەگەڕێتەوە بۆ هەرەسهێنانی دەسەڵاتی ئیسلامی لە قۆناغی دوای جەنگی جیهانی یەکەم، ئەوان بەر لەهەر شتێک دەیانویست کۆمەڵگەی ئیسلامی پێگەی ڕاستەقینەی خۆی لە جیهاندا بەدەست بهێنێتەوە، لەبەر ئەوەش ئەوان کێشەکەیان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بینییەوە، بەو پێیەی کە دەستبەرداری ئایین بووە، هەوڵیان دا ئیسلام بگێڕنەوە بۆ ڕۆڵە سەرەکییەکەی لە ژیاندا بە مەبەستی باشترکردنی دۆخی گشتی کۆمەڵگەی موسڵمانان.

## ئینگلیزە ڕۆژهەڵاتناسەکان ڕۆڵیان هەبووە لە داڕشتنەوەی چەمکی ئیسلامی سیاسیدا لە بەرژەوەندی ئایدۆلۆژیا داگیرکەرییەکەیاندا

ئەبو ئەعلای مەودودی بە دوور نەبوو لە کاریگەری ڕۆژهەڵاتناسە ڕۆژئاواییەکان تایبەت بە ئیسلامی سیاسی کە ئامانجیان- هەروەک سەمیر ئەمین دەڵێت- ئەوە بوو بیسەلمێنن "موسڵمانی باوەڕدار بە ئیسلام ناتوانێت لە دەوڵەتێکدا بژی کە موسڵمان نەبێت"، بەم شێوەیە ئەوان ئامادەکارییان دەکرد بۆ دابەشکردنی وڵات، لەبەر ئەوەی بە پێی بۆچوونی ئەوان، ئیسلام جیاکاری ناکات لە نێوان جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت. لێرەوە ئەبو ئەعلای مەودودی بیرۆکەی دەسەڵاتی خودای پەسەند کرد و بیرۆکەی هاوڵاتی و گەلی ڕەتکردەوە و جەختی لەوە کردەوە کە دەبێت یاسای شەریعەت بۆ هەمیشە کاری پێبکرێت. بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەو باوەڕە ساڵی ١٩٣٩ مەودودی وتارێکی لە

ژێر ناونیشانی «تیۆری ئیسلامی سیاسی» پێشکەش کرد لە بەرامبەر تیۆری نەتەوەیی هیندی، کە لە لایەن کۆنگرەی نیشتمانیی هیندستانەوە بانگەشەی بۆ دەکرا وەک هەوڵێک بۆ ڕەتکردنەوەی بۆچوونە نیشتمانییە نەتەوەییەکان کە بە پێی بۆچوونی مەودودی ساختەیە و دژ بە بەها ئیسلامییەکانە. لە ڕاستیدا ئەو وتارە وەک بەیاننامەی دامەزراندن وابوو بۆ گوتاری ئیسلامی سیاسی.

## ناوی (جەنگاوەران لە پێناو ئازادی) بەخشرا بەو چەکدارە ئیسلامییانەی کە دژ بە ستەمکاری کۆمۆنیزم شەڕیان دەکرد

بە پێی بۆچوونێک دەکرێت کە مێژووی ئیسلامی سیاسی دابەش بکرێت بەسەر چوار قۆناغی سەرەکیدا:

یەکەم، قۆناغی لەدایک بوون، یاخود منداڵدانی تیۆرەکە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەستپێدەکات لەگەڵ بیرۆکەکانی جەمالەدین ئەفغانی و شێخ محەممەد عەبدە و ڕەشید ڕەزا و کۆتایی دێت بە حەسەن بەننا. بە شێوەیەک کە ئاگایی بە شوناس لە شێوەی ئاگایی ئایینی لە بەرامبەر بە ئاڵنگاری هاتنی ئەوی تری ڕۆژئاوایی –مەسیحی- کە لە لای دەستەبژێری ئیسلامییەکان نیگەرانی بەرامبەر بە شوناس دروست کرد و وای کرد زیاتر لەو هاتووە نوێیە بترسن. ئەفغانی یەکێک بوو لەو کەسانەی کە زیاترین نیگەرانی هەبوو لە فراوانخوازی ئەورووپییەکان. هیچ شتێک هێندەی پاراستنی شوناسی ئیسلامی ئەفغانی بە خۆیەوە سەرقاڵ نەکردبوو، لە ڕێگەی بانگهێشتکردنی موسڵمانەکان تا لە ئایینەکەی خۆیان تێبگەن و بە شێوەیەکی دروست ڕێوڕەسمەکانی جێبەجێ بکەن و هەر ئەمەش – بەپێی بۆچوونی ئەفغانی- دەتوانێت وەک نەتەوەیەکی بەهێز و یەکگرتوو بیانهێڵێتەوە. موسڵمانەکانیش ناتوانن شوناسی خۆیان بپارێزن و هێزی خۆیان بەدەست بهێننەوە لە بەرامبەر ئەوی دیکە تەنها بە گەڕانەوە نەبێت بۆ ئیسلام و بەهاکانی، لەبەر ئەوەی گەلە موسڵمانەکان –بە پێی بۆچوونی ئەفغانی- زیاتر لاواز بوون بە هۆی ئەوەی کە شەپۆلە یەک لەدوای یەکەکانی تاریکی، ڕاستی ئیسلامیان تێکداوە.

بەم شێوەیە و لە ڕێگەی شۆکەوە خودئاگایی لەلای پێشەنگەکانی ئیسلامی سیاسی لە دەرەنجامی بەریەککەوتن لەگەڵ ئەوی تری ڕۆژئاواییدا دروست بوو، هەڵبەت داگیرکاری تورکیا بە شێوەیەک لە شێوەکان داگیرکاری بوو بۆ عەرەبەکان، بەڵام هەڵبەت ئەمە بەئاگابوون لە جیاکاری دروست نەکرد، بەو پێیەی کە ئەوە ئاڵنگاری ڕۆژئاوایی- مەسیحی بوو کە جۆرێک لە ئاگاییەکی

گشتی و هاوبەشی دروست دەکرد لەسەر بنەمای دەمارگیری ئیسلامی لەبری بەئاگابوون لە مێژووی نەتەوەیی خۆیان، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش لە ڕووی سیاسییەوە لە خواستی برایەتی ئیسلامی-عوسمانییەکاندا خۆی بینییەوە.

قۆناغی دووەم بە ڕووخانی دەوڵەتی خیلافەی عوسمانی دەستپێدەکات لەسەر دەستی مستەفا کەمال ئەتاتورک لەساڵی ١٩٢٤ و دامەزراندنی جووڵانەوەی ئیخوان موسلمین لە میسر لە ساڵی ١٩٢٨ بە هۆی هەڵوەشانەوەی خیلافەتی ئیسلامی. دەکرێت ئەم قۆناغە ناوبنرێت بە قۆناغی ئایدۆلۆژی و جێبەجێکردنی سیاسی ڕاستەوخۆ، بە شێوەیەک کە ئیخوان موسلمین دەستیان کرد بە گۆڕینی نیگەرانییەکانی ئەفغانی و ئەو پرسیارانەی کە پێشتر محەممەد عەبدە و ڕەشید ڕەزا خستبویانە ڕوو سەبارەت بە نیگەرانی ئایدۆلۆژییەکانیان بەم شێوەیە: بە چ شێوەیەک دەکرێت سەرچاوە ئایدۆلۆژییە خۆییەکانمان ئامادە بکەین لە بەرامبەر بە پەرەسەندنی هەژموونی ڕۆژئاوا.

**جەمالەدین ئەفغانی پێیوایە موسڵمانەکان ناتوانن شوناسی خۆیان بپارێزن و هێزی خۆیان بەدەست بهێننەوە لە بەرامبەر ئەوی دیکە تەنها بە گەڕانەوە نەبێت بۆ ئیسلام و بەهاکانی**

لەم قۆناغەدا زۆر بە ڕوونی کاریگەری بیرۆکەکانی حەسەن بەننا دەرکەوت بەسەر دەستەبژێرە ئیسلامییەکاندا، کە کەوتبوونە گومان لەو دامەزراوە نیشتمانییانەی کە لە ماوەی داگیرکاریدا دروست ببوون. ئەو دەستەبژێرانە کەوتنە ئەوەی بانگەواز بۆ بۆچوونەکانی خۆیان بکەن. لێرەدا جێگەی خۆیەتی کە جەخت لەوە بکەینەوە کە سەرباری ئەوەی حەسەن بەننا دەڵێت بیرۆکەکانی لە ڕەشید ڕەزاوە وەرگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی هەبووە کە ئەم دوو کەسەی لێک جیا کردووەتەوە لە ڕێگە و ئامانجەکانیان، یەکەم پشتی بەستووە بە چالاکی تیۆری، لە کاتێکدا کە بەننا و لەگەڵیدا جووڵانەوەی ئیخوان موسلمین بیری بانگخوازی گواستەوە بۆ بواری کۆمەڵایەتی، هەر ئەمەش جیاکاری دەکات لە نێوان جوڵانەوەی چاکسازی ئیسلامی و جوڵانەوەی ئیخوان لەسەر ئاستی مێژووی ئیسلامی سیاسی.

قۆناغی سێهەم بە شەڕی فەڵەستین دەستپێدەکات لە ساڵی ١٩٤٨، کە تێیدا زۆرێک لە وڵاتە عەرەبییەکان تا هەشتاکانی سەدەی بیستەم سەربەخۆیان بەدەست هێنا. دروشمی باڵا لەو کاتەدا بریتی بوو لە سەروەری کە لە لایەن ئیسلامییەکانەوە بەرز کرابووەوە لەبەرامبەر ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەن سەروەری نەبوون بەسەر خاکەکەیاندا، ئەوان پێیان وابوو ئەو سنوور و گەلانەی لەلایەن ڕۆژئاوای

داگیرکەری-مەسیحی-یەوە دروست کراوە هۆکاری سەرەکی بووە بۆ شکستی نەتەوەی موسڵمان و ئامادەکاری کردووە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی جولەکە لەناو دڵی جیهانی ئیسلامدا. بیرۆکەی سەروەری لە لای مەودودی وەک گوتاری دابڕان وابوو لەگەڵ دەوڵەتی نیشتمانی لە هیندستان و پاساو بوو بۆ دامەزراندنی نەتەوە و دەوڵەتێک لەسەر بنەمای شوناسی ئایینی ئیسلامی لە پاکستان، کە توانی ڕۆڵێکی هاوشێوەی زیاتر توندڕەوانە بگێڕێت لە وڵاتە عەرەبییەکاندا. بە شێوەیەک کە سەید قوتب – تیۆرسێنی دیار لەم قۆناغەدا- زیاتر پشتی بە چەمکی سەروەری بەست بۆ تەکفیر کردنی تەواوی دەوڵەتە نیشتمانییە ئیسلامییەکان و تەنها بە (جاهلی) ناوی نەبرد هەروەک مەودودی کردی و هەر لە ڕوانگەیەوە داوای کرد لەبری ئەوە جیهاد بکرێت.

قۆناغی چوارەم: ئەو قۆناغەیە کە لەگەڵ شەڕی ئەفغانستان دەستپێدەکات لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی پێشوو دژ بە دەستوەردانی یەکێتی سۆڤێت لە ئەفغانستان. ئەم قۆناغە بە جیهادی سنووربڕ و دروستبوونی ڕێکخراوە بناژۆخوازەکان ناسرایەوە، کە سروشتێکی نێونەتەوەیی هەبوو، بەو پێیەی کە گوتاری جیهادی ڕەهەندێکی جیهانی وەرگرت. لەسەر ئاستی پراکتیک چالاکییە جیهادییەکان سروشتێکی خوێناوی توندیان بە خۆوە بینی هاوشێوەی ئەو کوشتارانەی لە جەزائیر ڕوویاندا لە نەوەدەکانی سەدەی پێشوو، بە شێوەیەک کە توندوتیژی پیرۆز سروشتێکی نێودەوڵەتی بە خۆوە بینی (هێرشەکانی ١١ سپتێمبەر)، دیارترین ئەو جیهادییانەی کە ئەم سەردەمەیان بە ناوەوە ناسرا بریتی بوون لە ئوسامە بن لادن، ئەیمەن زەواهیری، سەیفولئیسلام خەتاب، عەبدوڵڵا عەزام و تا دەگاتە ئەبووبەکر بەغدادی.

**ئیسلامی سیاسی لە هەردوو جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا دابەش بووە بەسەر دوو جەمسەردا، جەمسەرێک داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی دەکات کە پڕۆژەکەی خیلافەتی ئیسلامییە و جەمسەرێک کە عەلمانییە و داوای دەوڵەتێکی عەلمانی دەکات**

### دیاریکەرەکانی گوتار و سەرچاوەکانی

حەسەن بەننا پێی وابوو ئیسلام سیستمێکی سەرتاپاگیرە کە کاروبارەکانی ئەم دونیا و ئەو دونیا ڕێکدەخاتەوە، بریتییە لە ئایینی دەوڵەت، کتێبی پیرۆز و شمشێرە، حکومەت و نەتەوەیە، دروستکردن و هێزە، ڕەحمەت و

دادپەروەریـیـە، کولـتـوور و یـاسـایـە، مــادە و ســامــانــە، بـەدەسـتـهـێـنـان و دەوڵەمەندییە، جیهاد و بانگەواز، یاخود سوپا و بیرۆکەیە، هەروەها بریتییە لە بیروباوەڕێکی دروست و خوداپەرستی، پەیـوەنـدی ئـایـین بـە سـیـاسـەتـەوە بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکان دادەنرێت لە ئیسلامدا، هەر لـەم ڕوانگەیەشەوە بـوو کـە بـەنـنـا ڕەتـی کـردەوە تـەنها وەک گـرووپێکی بـانگـخـواز و ڕێـنـوێـنـیکەر لە ئـیـخـوان مـوسـلـمـین بـڕوانـێـت، بـەڵکو دەبێت گرنگی بە کاروباری سیاسی بدرێت و هـەر هـەوڵـێـک بـۆ دوورخـسـتـنـەوەی ئایین لـە سـیـاسـەت بـەلادان دابنرێت لە بـیـروبـاوەڕی ئـیـسـلامی. حـەسـەن بـەنـنـا یەکێک بـوو لـەو کـەسـانـەی کـە بـاوەڕی بـە ســەروەری و گـێـڕانـەوەی دەســەڵات بـوو بـۆ دەوڵـەتـی ئـیـسـلامی، لـەلای ئەو پەیوەندییەکی پیرۆز هەیە لەنێوان ئایین و دەوڵـەت و بە بۆچوونی ئەو بە یەکێک لە بنەماکانی بیروباوەڕی ئیسلامی دادەنرێت و دروشـمـی «ئـیـسـلام ئـایـین و دەوڵـەت» بوو بە دروشمێکی جێگر لەلای زۆرینەی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی لـەدوای ئەم مێژووەوە.

هــەروەک ڕوونــە کــە ئــەو بـیـروبـاوەڕە سەرەکییەی کە ئیسلامی سیاسی لێوەی دەسـتـپـێـدەکات بـریـتـیـیـە لـە بـیـرۆکـەی سەروەری کە لەسەر بنەمای سەرتاپاگیری ئیسلام بیناکراوە، بەو پێیەی کە ئایین و دونیایە، کتێبی پیرۆز و شمشێرە، کاروباری حکومەت و دەوڵەتەکان ڕێکدەخات، ئەو دەوڵـەتـانـەی کـە خـودا ناکاتە سـەرچاوەی یـاسـاکانی و پـێی وایـە دەتـوانـێـت ببێتە خــاوەن ســـەروەری بـە بـێ خـــودا و بە یاسایەک کاروبارەکانی بەڕێوە دەبات کە یـاسـای خـودا نییە، لـە ڕووی شـەرعـەوە ئـەو حکومەتە "تـاغـوتـە" هـەروەک چۆن مـەودودی نـاوی دەبـات، بـەو پێیەی کە تەنها خودا دروستکەری بوون و سەروەری باڵایە هەر بۆیە دەبێت تەواوی سیستمی سیاسی ملکەچی سـەروەری بـاڵا بێت و هیچ شتێکی دیکە نەکرێت بە هاوبەشی. ئـەم چـەمکـەی سـەروەری بـەم شێوەیە مـەودودی باسی لێوە دەکـات: سـەروەری و خیلافە بە مانای ئەوە دێت کە دەبێت سەرچاوەی سەرەکی یاساکانی خودا بێت و پێویستە دەوڵەت پەیڕەوی لە یاساکانی خـودا بکات. هەروەها دەڵێت: هـەر وەک لە قورئاندا هاتووە تەنها خودا سـەروەری باڵایە و ئەوەی لەگەڵ ئەم باوەڕە نەبێت، تاغوتە هـەروەک چۆن لە قـورئـانـدا باس کـراوە، ئـەو بیروڕایە دژ بە بەندایەتییە بۆ خـودا، لەبەر ئەوەی بۆ باوەڕهێنان بە خـودا پێویـسـتـە مـرۆڤ ئـەو دەسـەڵاتـانـە ڕەتبکاتـەوە، لـەبـەر ئـەوە بـاوەڕهـێـنـان بە خودا و کوفر کردن بە تاغوت، دوانەیەکی پێکەوە لکاون هـەروەک چـۆن ملکەچی بۆ خـودا، تـاغـوت ئـەو پـەڕی دوو ڕوویـی تـەواوە. لـەسـەر ئـەو بنـەمایە مـەودودی کۆمەڵگا ئیسلامییەکانی سەردەمەکەی خـۆی وەسـف دەکـات بــەوەی کـە ئـەو

کۆمەڵگایانە تەنها بە وتە ئیسلامین نەوەک بە کردار، لەبەر ئەوەی ناکرێت کۆمەڵگەیەک ئیسلامی بێت و پەیڕەوی لە سیستمێکی دژ بە ئیسلام بکات.

## سەید قوتب زیاترپشتی بە چەمکی سەروەری بەست بۆ تەکفیرکردنی تەواوی دەوڵەتە نیشتمانییە ئیسلامییەکان

ئەوەی خرایە ڕوو پێشەکییەکی گەورە و دامەزرێنەرە بۆ تەکفیر کردنی کۆمەڵگا و دەوڵەت و سیستمەکانی حوکمڕانی ئەو وڵاتانەی کە ئیسلامی نین، هەروەها پاساو دەهێنێتەوە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژییەکی بێسنوور لە دژیان، مەودودی پێی وایە ئەوە بەس نییە کە کۆمەڵگاکان موسڵمان بن تا تەکفیر نەکرێن، ئەو خوازیاری ئەوەیە کە دەوڵەت نەوەک هەر دەبێت ئیسلامی بێت وەک شوناس، بەڵکو دەبێت لە بنەما و پێکهاتە و سیستمەکەشیدا ئیسلامی بێت، هەر لەسەر ئەو بنەمایە ئێستا دەکرێت کە جیاکاری بکرێت لەنێوان موسڵمان و ئیسلامی، یاخود ڕێکخراو و جووڵانەوەکان بە ئیسلامی ناوبهێنرێت ئەوانەی کە خاوەن گوتاری ئیسلامی سیاسین. بەم شێوەیە ئەو ئیسلامییانەی کە زیاتر بناژۆخواز بوون وەک قوتابییەکانی سەید قوتب و ئیمام خومەینی دەبوایە یاخی بوونایە لەو دەوڵەت و سیستمە ئیسلامییانەی کە گەندەڵ بوون و دەبوایە حوکمڕانەکانیان تەکفیر بکردایە لەبەر ئەوەی هەڵگەڕاوە بوون.

تێکەڵکردنی تێزەکەی بەننا لەسەر سەرتاپاگیری ئیسلام (وەک ئایین و دەوڵەت) لەگەڵ خواستی سەروەری لەلای مەودودی لەسەر دەستی سەید قوتب دەبێتە گوتارێکی جیهادی تەکفیری کە لە کتێبە بەناوبانگەکەی (مەشخەڵی ڕێ) گرنگترین بیروباوەڕە بناژۆخوازکانی دەخاتە ڕوو. بە پێی بۆچوونی زۆرێک لە لێکۆڵەرەوەکان لە بواری کۆمەڵ و گرووپە ئیسلامییەکان، ئەم کتێبە بە مزگێنیهێنی شۆڕشی ئیسلامی بناژۆخواز دادەنرێت لە سەدەی بیستەم و بە بنەمای ئایدۆلۆژی جووڵانەوە ئیسلامییە هاوچەرخەکان دادەنرێت، کە تێیدا نەوەک تەنها دەوڵەت و سیستمە سیاسییەکان تەکفیر دەکران، بەڵکو کۆمەڵگاش تەکفیر کرا و ئیدی جیهاد تەنها لە دژی دارولکوفر ڕانەگەیەنرا، بەڵکو بوو بە پێویستییەک لە هەموو شوێنێک بە بێ ڕەچاوکردنی کات و شوێن، یاخود سنوورێکی جوگرافی دژ بە هەر سیستم و دەسەڵاتێک کە ملکەچی ویستی خودا نەبێت. بەم شێوەیە جیهاد بوو بە ئەرک لەسەر شانی هەر موسڵمانێک جا لەهەر شوێنێک بێت و لە هەر جێیەک کە جاهلیەت بوونی هەبێت. لەسەر ئەم ڕێگەیە سەید قوتب بەردەوام

بوو لەسەر تەکفیر کردنێکی سەرتاپاگیر و سوودی لە دوانەیی و دژبەیەکی مەودودی وەرگرت بۆ جیاکاری لەنێوان هەردوو جیهانی حاکمییەت و سەروەری، دواجار قوتب گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە تەکفیری تەواوی کۆمەڵگاکان بکات بە کۆمەڵگا موسڵمانەکانیشەوە، لەبەر ئەوەی ملکەچی سەروەری خودا نەبوون، بە بۆچوونی ئەو کۆمەڵگەی جاهلی، ئەو کۆمەڵگایەیە کە بە تەنها ملکەچی خوداوەند نابێت و لە یاسا و ڕێساکاندا ڕەنگ ناداتەوە، بەم پێناسەیەش تەواوی کۆمەڵگاکانی سەر ڕووی زەوی دەچنە چوارچێوەی کۆمەڵگەی جاهیلییەوە، دواتر قوتب لە تەکفیر کردندا وردتر دەبێتەوە و دەڵێت "ئەو کۆمەڵگانە کافرن، تەنانەت گەر نوێژ بکەن و بەڕۆژوو بن و حەج بکەن، کافرن گەر تەنانەت دان بە بوونی خودا بهێنن و ڕێگە بە خەڵک بەدەن کە ئەرکە ئایینییەکانیان جێبەجێ بکەن تا ئەو کاتەی کە ملکەچی شەریعەتی مرۆڤ بن جگە لە شەریعەتی خودا"، دواتر سەید قوتب پاساو بۆ تەواوی ئەوانە دەهێنێتەوە و دەڵێت "هەندێک کۆمەڵگا هەیە وا خۆی دەناسێنێت کە موسڵمانە، ئەم کۆمەڵگایە لەبەر ئەوە پێیان ناوترێت جاهلی لەبەر ئەوەی کە باوەڕیان بە خودا نییە، یاخود ئەرکە ئایینییەکانیان جێبەجێ ناکەن، بەو کۆمەڵگایانە دەوترێت جاهلی لەبەر ئەوەی تەنها ملکەچی خودا نین لە ژیاندا، ئەم کۆمەڵگایانە تایبەتمەندترین خەسڵەتەکانی خوا دەبەخشن بە غەیری خودا و باوەڕ بە سەروەرییەک دەهێنن غەیری خودایە.

ڕاگەیاندنی تاک و تەنیایی خوداوەند بە تەنها مەبەستی ڕەها و باڵا ئەژمار دەکرێت و قوتب وەک پاساو بەکاری دەهێنێت بۆ جیهاد کردن و شۆڕشی سەرتاسەری لەسەر هەموو جۆرەکانی حوکمڕانی مرۆڤ، لە هەر شوێنێک مرۆڤ دەسەڵاتێکی سەپاندبێت بەدەر لە خودا بە مەبەستی گێڕانەوەی ئەو دەسەڵاتە پیرۆزەی کە لەلایەن مرۆڤەوە داگیرکراوە. بەم شێوەیە هەر دەسەڵاتێکی مەدەنی، یاخود سیستمی سیاسی نیشتمانی-نەتەوەیی، یاخود دیموکراتی، یاخود هەر سەروەرییەک کە درابێتە پاڵ نەتەوەیەک بە مانای ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی خودایە لەسەر زەوی، هەروەها جیهاد کردن وەک ئەرک لەدژی ئەو جاهلییەتە بە مانای تێکشکاندنی مەملەکەتی مرۆڤە وەک سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی مەملەکەتی خوداوەند لەسەر زەوی، واتە "سەندنەوەی دەسەڵات لەدەستی مرۆڤ و گێڕانەوەی بۆ لای خوداوەند و باڵادەستکردنی سەروەری شەریعەتی خوداوەند لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی یاسا مرۆڤایەتییەکان. لێرەوە سەید قوتب دەگاتە دەرەنجامێکی سەرەکی کە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە باوەڕی ڕاستەقینە بەستێتەوە بە باوەڕ بە بوونی سەروەری خوداوەند، بە شێوەیەک کە ئەگەر دان

بە سەروەری خوداوەنددا نەنرێت، نە ئیسلام بوونی دەبێت و نە باوەڕ بە خودا. بیرۆکە و بیروباوەڕەکانی سەید قوتب دواتر بوون بە سەرچاوەیەکی نەبڕاوە بۆ چەندین نەوە لە جیهادییە گەنجەکان، ئەو بیروباوەڕانە بوون بە سەرچاوەی تیۆری بۆ پیادەکردنی ئەوپەڕی توندوتیژی لە ژینگەکەیاندا، لە ژێر ڕۆشنای ئەو بیروباوەڕەدا ئەو کەسانە تەکفیری هەموو شتێکیان کرد، بە بۆچوونی ئەوان کەسانی ئەو کۆمەڵگایانە جاهلی و کافر بوون و پێویستی دەکرد کە جیهاد لە دژیان ڕابگەیەنرێت، بە پێی بۆچوونی ئەوان هەر کەسێک تەکفیری کافر نەکات بۆ خۆی دەبێت بە کافر، بە بۆچوونی ئەوان هەڵبژاردنەکان، پەرلەمانەکان و دیموکراسیی سەرجەمیان کوفرن لەبەر ئەوەی لە قورئاندا باسیان لێوە نەکراوە. تەکفیرییەکان بە ئەندازەیەک زیادەڕەویان کرد کە مزگەوتەکانیشیان بە پەرستگای جاهلی ناوزەد کرد، لەبەرئەوەی ئەوانەی کە تێیدا نوێژ دەکەن لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە هەر بۆیە نوێژکردن لەگەڵیان وەک ئەوە وایە کە بە ڕاست بزانرێن لەگەڵ ئەوەی کە کافرن". لە ژێر دروشمی سەید قوتب بە تێکشکاندنی مەملەکەتی جاهیلی مرۆڤ، بەشێک لە جووڵانەوەکانی ئیسلامی سیاسی هێدی هێدی دەگۆڕێن بۆ توندوتیژییەکی پیرۆز لە ژێر ناونیشانی (جیهاد) بە مەبەستی دامەزراندنی دەسەڵاتی خودا.

**بەننا ڕەتی کردەوە تەنها وەک گرووپێکی بانگخوازو ڕێنوێنیکەر لە ئیخوان موسلمین بڕوانێت، بەڵکو دەبێت گرنگی بە کاروباری سیاسی بدرێت**

### ئیسلام لە کوردستان

ئیسلام ئایینی زۆرینەی کوردە، مەبەست لە ئیسلام بە تەواوی ئایینزاکانی کە بریتییە لە ئیسلامی سوونەنە، ئیسلامی سۆفیگەرانە، ئیسلامی ئیمامی و دەروونی، ئەهلی حەق (یارسان)، دوانزە ئیمامی و چەندانی دیکە.

لەناو کورددا ئایینزایەکی باڵا دەست نییە تا بکرێت بوترێت کە زۆرینەی کورد لە سەر ئەو ئایینزایەن. لەناو کورددا تەنها ئایدۆلۆژیایەکی ئیسلامی نییە کە تەواوی بیروباوەڕە پیرۆزەکانی تێدا جێ ببێتەوە بە بێ جیاوازی و بەریەککەوتن، بۆچوونێکی لەم شێوەیە وەهمە و ڕاست نییە و کە دەڵێت زۆرینەی کورد لەسەر ئایینزایەکن. لێرەوە دەبێت بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم بانگەوازانەدا بکرێت و جەخت بکرێتەوە لە جیاکردنەوەی ئیسلام وەک ئایینێکی ئاسمانی و ئەوەی سیاسی و دونیایی و پەیوەندیدارە بە دەسەڵاتەوە.

کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە دەوڵەمەندە بە فرەیی ئایینزاکان

تێیدا، ئەگەر کەسێکیش بانگەشەی ئەوە بکات و بیەوێت تەواوی کورد بە موسڵمان بکات لە ڕووی سیاسییەوە، یاخود گوتاری نەتەوەیی ببەستێتەوە بە ئیسلامەوە، لێی دەپرسین: مەبەستت لە چ ئیسلامێکە؟ ئایا مەبەستت ئیسلامی شیعەیە، یاخود سووننە، یا یارسانی؟ ئایا مەبەست لەو ئیسلامەیە کە سەید قوتب باسی لێوە دەکات، یاخود بن لادن، یاخود ئەوەی ئایەتوڵلا خومەینی باسی لێوە دەکات؟ بێگومان دەبێت ئاییزاکە دیاری بکات، دواتر ئیسلامی سیاسی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی دەبێت لەگەڵ بیروڕای زۆرینەی کورد سەربارى بوونی پەیڕەوانی ئایینی تر وەکو ئێزیدی کە لە بنەمادا لەگەڵی ناکۆکە. لێرەدا بایەخ و پێویستی جیاکاری لەنێوان کوردایەتی و ئیسلام لەسەر ئاستی نوێنەرایەتی سیاسی بکرێت، بۆ نموونە لە کوردستانی ئێران، زۆرینەی کورد لەسەر ئاییزای شیعە و یارسانین، هەر بۆیە زۆرێک لە هێزە نەتەوەییە کوردەکانی ئێران دووچاری گرفتی ئایدۆلۆژی پڕ مەترسی و پێچەوانە بوون، بە پێچەوانەی هەر گوتارێکی دیکەی فرەچەشن، بە شێوەیەک کە پەیڕەوی لە گوتارێک کرد کە دەڵێت ئەو داپڵۆسین و چەوساندنەوەیەی کە دەرهەق بە کورد ئەنجامدەدرێت، چەوساندنەوەیەکی دوو لایەنەیە هەم ئایینی و هەم نەتەوەیی، ئەم بۆچوونە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دانپێدانانێکە بەوەی کە نیوەی کورد لە ئێران گرفتیان لەگەڵ دەسەڵات هەیە، بەو پێیەی کە ئەو وڵاتە گرنگی بە لایەنی نەتەوەیی نادات، بەڵام نیوەکەی تر کە لەگەڵ شوناسی لایەنە ئایینییەکەدا دەژی کە گونجاوە لەگەڵ دەسەڵاتی باو و بەم شێوەیە چەوساندنەوەی نەتەوەیی گرفتێکی ئەوتۆی بۆ دروست ناکات.

کوردە عەلەوییەکانیش لە باکووری کوردستان ڕێژەیەکی گەورە پێکدەهێنن و سەرباری نەبوونی زانیاری دروست لەسەر ژمارەیان، بەڵام بەپێی گریمانەکان ٣٥٪ کۆمەڵگەی کوردی پێکدەهێنن. عەلەوییەکان بەردەوام لە پێشەوەی بەرگری و خەباتی ڕزگاریخوازی بوون و ڕووبەڕووی سیاسەتی جینۆساید و سڕینەوەی ناسنامە بوونەتەوە بە درێژایی مێژوو، چ لە سەردەمی عوسمانییەکان، یاخود لە سەردەمی کۆماری تورکیای عەلمانی کە مستەفا ئەتاتورک لەسەر پاشماوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دایمەزراند. لەکاتی شۆڕشی دێرسیم (١٩٣٧-١٩٣٩) کاتێک کە هۆزەکانی زازا عەلەوییەکان کە کورد بوون ڕاپەڕین دژ بە سیاسەتەکانی ڕاگواستنی زۆرەملێیانە، دەوڵەتی کەمال ئەتاتورک بە ئاسن و ئاگر ڕووبەڕووی ڕاپەڕینەکە بووەوە، کە دەرەنجام بە دەیان هەزار هاوڵاتی کورد کوژران، هەروەها کوردە عەلەوییەکانی مەرعەش لە کۆتایی ١٩٧٨ ڕووبەڕووی کوشتار بوونەوە لەلایەن سووننە توندڕەوەکان و جووڵانەوەی "گورگە

بۆرەکان"، کە جووڵانەوەیەکی نەتەوەی ڕاستڕەون بە هاندانی سوپای تورکیا ئامادەکاری کرا بۆ کودەتاکەی کەنعان ئیڤرن لەساڵی ١٩٨٠. تەنها لەو ماوە کورتەدا بە سەدان کوردی عەلەوی بوونە قوربانی و بە هەزاران کەسیش ڕاگوێزران. سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا بەردەوام کاری لەسەر دوورخستنەوەی کوردە عەلەویەکان کرد بە شێوەی جوراوجۆر تا ڕێگریان لێبکات لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لەگەڵ شوناسی خۆیان لە پەیوەندیدا بن. لە ساڵی ١٩٥٠ کاتێک دیموکراتییەکان بە سەرکردایەتی عەدنان مەندریس پرۆگرامی خۆی خستەڕوو، شێخ سەعید نەورەسی هانی لایەنگرەکانی دا تا پشتیوانی لێبکەن، لەبەر ئەوەی پێی وابوو کە دیموکراتییەکان لە ڕووی سیاسی و ئایینییەوە پشتیوانی لێدەکەن، بەڵام زۆری پێنەچوو کە حکومەتەکەی مەندریس لە نەورەسی هەڵگەڕایەوە و بێ هیوای کرد و کاری کرد لەسەر پشتیوانی کردنی شێخە کوردەکانی ناوچەکە، بە شێوەیەک کە کوردە سوونەکان زیاتر هەستیان دەکرد لە تورکەکانەوە نزیکن تا کوردە عەلەویەکان.

**سەروەری و خیلافە بە مانای ئەوە دێت کە دەبێت سەرچاوەی سەرەکی یاساکانی خودا بێت**

زۆرینەی کوردە عەلەویەکان بەهۆی کولتووری ئایینی باوی پارتە نەتەوەییە تورکەکان، بە تایبەت لە سەردەمەی سەرکەوتنی پارتی داد و گەشەپێدانی پاشخان ئیخوانی، پشتیوانیان لە پارتە نەتەوەییە توندڕەوەکان کرد، کە ئاراستەیەکی عەلمانییان هەبوو، وەک پارتی گەلی کۆماری کە لە لایەن مستەفا کەمال ئەتاتورکەوە دامەزرا. لە لایەکی دیکەوە زۆرێک لە کوردە سوونەکان لەبەر هۆکاری ئایینی پشتیوانییان لە سیاسەتەکانی پارتی داد و گەشەپێدان کرد و چوونە ناو قەوارە پەرلەمانییەکەیەوە سەرباری سیاسەتە دوژمنکارەکانی بەرامبەر بە کورد. لەهەردوو حاڵەتەکەدا دەردەکەوێت کە ڕیزبەندی سیاسی لەسەر بنەمای ئایینی بووە هۆی دروستکردنی دابەشبوون لە کۆمەڵگا لەسەر بنەمای شوناسی نەتەوەیی هاوبەش، کە بە هۆی باڵادەستکردنی ئایینەوە کارکراوە لەسەر ئاواکردنی ئاگایی نەتەوەیی. سەرباری بیروباوەڕی ڕیشەیی عەلمانییەت کە باڵی کێشابوو بەسەر سیاسەتی ناوخۆیی کۆماری تورکیا، دامەزراوە سەربازی و پەروەردەییەکانی تورکیا هەر لە سەرەتاوە کاریان کردووە لەسەر پشتیوانیکردنی ڕێگە و ڕێبازە ئایینییەکان لە کۆمەڵگای کوردستاندا، بە شێوەیەک کە کار کراوە لەسەر باڵادەستکردنی هەژموونی پیاوانی ئایینی و ئاڕاستەکردنیان بە شێوەیەک

کە خزمەت بە سیاسەتی تورکیا بکات بەرامبەر پرسی کورد. هەر بەو شێوەیەش بیری کەمالیزیم کە لە لایەن سوپای تورکیاوە سەپا بەسەر کوردستاندا، بە تایبەت لە دوای کودەتاکەی ساڵی ١٩٨٠ سروشتێکی ئیسلامی توندڕەوی هەبوو، کە لەسەر پێکهاتەی ئیسلامی-تورکی دامەزرابوو، وەک پێکەوە گونجانێکیش لەگەڵ ئەم ڕەوتەدا زۆرێک لە ناوەندەکانی هەژموونی ئایینی و ڕێگەکانی سۆفییەت کە بڵاوە لە باکووری کوردستان، توانیان زۆرێک لە خواستەکانی تورکیا جێبەجێ بکەن لە ڕێگەی دەستگرتن بەسەر ئاگایی سیاسییان لە ڕووی ئایینەوە و دوورخستنەوەی سەرنجیان لەسەر خواستە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانیان. سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیا تەنها بەوەوە نەوەستایەوە کە ئایین بەکاربهێنێت لە بەرژەوەندی خۆی، بەڵکو لە کۆتایی حەفتاکانەوە کاری کرد لەسەر بەکارهێنانەوەی ئەو هەستە ئایینییە زاڵەی کە لە کوردستان هەبوو بە شێوەیەکی سیاسی ڕێکخراو، هەروەها کاری کرد لەسەر پشتیوانیکردنی گرووپێکی ئایینی توندڕەو بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەوتە نەتەوەیی و چەپە گەنجە کوردەکان. بۆ نموونە لە شاری باتمان لە ساڵی ١٩٧٩ پارتی "حزبوڵڵای کوردی" لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بە سەرکردایەتی حسێن وەلی ئۆغلۆ وەک گرووپێکی سوننەی توندڕەو دروست بوو. جێگەی ئاماژە پێدانە کە دامەزرێنەری ئەو پارتە دەرچووی کۆلێژی زانستە سیاسییەکان بوو، هاوەڵی عەبدوڵا ئۆجەلان ڕابەر و دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان بوو، کە بە دوژمنی سەرسەختی حزبوڵڵا دادەنرێت. ئەگەر چی حزبوڵڵا سەرەتا وەک قەوارەیەکی سیاسی و ڕەوتێکی کولتووری پشتیوانی لە شۆڕشی ئێران دەکرد و وەک درێژکراوەی ئەو شۆڕشە بوو لەناو تورکیادا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهێز بوونی ئەو پارتە بە پشتیوانی و چاودێری دامەزراوە سەربازییەکانی تورکیا بوو.

### تێکەڵکردنی تێزەکەی بەننا لەسەر سەرتاپاگیری ئیسلام (وەک ئایین و دەوڵەت) لەگەڵ خواستی سەرووەری لەلای مەودودی لەسەر دەستی سەید قوتب دەبێتە گوتارێکی جیهادی تەکفیری

ئەم پارتە دروشمی "جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی" بەرز کردەوە و تەکفیری ئەندام و لایەنگری پارتی کرێکارانی کوردستانی کرد، دواتر ئەم پارتە تێوە گلا لە ئەنجامدانی کردەوەی توندوتیژ و خوێناوی کە زۆرینەی شارەکانی باکووری کوردستانی گرتەوە دژ بە پارتە نەتەوەیی و چەپەکان، بە تایبەت پارتی کرێکارانی کوردستان، لێرەوە بایەخی ئەم

پارته دەرکەوت بۆ دەزگا سەربازییەکان، بە تایبەت دوای کودەتاکەی کەنعان ئیڤرن لە ساڵی ١٩٨٠ کە ئەم پارتە دەستبەجێ بە نهێنی پشتیوانی لێکرد و لەگەڵی کاری کرد بۆ پاکتاوکردنی چالاکوان و ڕۆشنبیرە کوردەکان، بە شێوەیەک کە ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەدەستی ئەم پارتە تیرۆرکران گەیشتە نزیکەی سێ هەزار چالاکوانی نارازی و ڕۆشنبیر لە شارە کوردییەکان. دواتر محەممەد ساڵح کولوج ڕابەری پارتەکە تاوانبار کرا بە کوشتنی ٩١ کەس، هەروەها بەرپرس بوو لە ئەنجامدانی ١٥٧ هێرشی تیرۆریستی بە پێی دانپێدانانەکانی خۆی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ خۆی و دەیان کەسی تر لە هاوەڵەکانی کە تێوە گلابوون لە کاری تیرۆر لە ساڵی ٢٠١٣ بەخشران دوای پێکهاتنی ناوبراو لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆکی تورکیا.

لە ژێر سایەی دەسەڵاتی پارتی داد و گەشەپێدان، سیاسەتی تورکیا بە شێوەیەکی بەردەوام بە ئاشکرا و نهێنی کاردەکات لەسەر بە لاڕێدا بردنی ئاگایی کۆمەڵگای کوردی و دابەشکردنی لەسەر بنەمای شوناسی ئایینی لە ڕێگەی کۆمەڵە و ڕێکخراوە ئایینییە ئیخوانییەکان کە پشت بە پشتگیری شێخ و ناوەندە ئایینییەکانی ناوچەکە دەبەستن.

سەبارەت بە باشووری کوردستان، دەستەبژێرە کۆمەڵایەتییە باوەکانی ئەو سەردەمە ڕابەرایەتی جووڵانەوەی سیاسی عەلمانی کوردستانیان دەکرد، ئەم دەستەبژێرانە بۆ خۆیان ڕزگارنەبوو بوون لە میراتی ئایینی باڵادەست و گوتارە سیاسییەکەی لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ لایەنگرانی ئایینزاکانی دیکە لە کوردستان، وەک پەیڕەوانی ئایینی مەسیحی و ئێزیدی و کوردە فەیلییەکان و یارسان و شەبەک کە تێکڕایان بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگەی کوردستان پێکدەهێنن. ئەم دەستەبژێرانە تا ئاستێکی زۆر چ لەسەر ئاستی میللی و فەرمی، عەلمانییەت لە ڕەفتاریاندا ڕەنگی نەدایەوە لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەمایەتییە ئایینییەکان، سەرباری بوونی زنجیرەیەک یاسای توند و نوێنەرایەتی سیاسی و یاسایی-ئەگەر بە شێوەیەکی ڕوکەشانەش بێت- بۆ کەمینەکان لە دامەزراوەی پارتەکان، بەڵام سەرجەمی ئەو کارانەش نەیانتوانی ڕێگری لە جیاکاری بکەن لە پێگە و ڕۆڵی ئەو هاووڵاتییانەی سەر بە زۆرینەی ئایینزاکان بوون.

کولتووری زۆرینەی ئایینی و میراتەکەی لە شارەکانی هەرێم قورسایی خستە سەر بوارە گشتی و هاوبەشەکان، ئەمەش کەمایەتییە ئایینییەکانی ناچار کرد کە بە زۆر خۆیان بگونجێنن لە کاتی ئامادەبوون لە بوارە گشتییەکاندا، زۆر جاری دیکەش ناچار بوون کە مل بدەن بە هەندێک ڕەفتاری تایبەت لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگەی کولتوور و ئایینی باودا. ئەم هەڵوێستە لە لای کەمینە ئایینییەکان هەستێکی لە جۆری پەراوێزخراو و

نامۆبوون و دابەشبوونی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی دروست کرد و لەسەر ئاستی سیاسیش بووە هۆی نەهێشتنی ڕۆڵی لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا. هاوشان لەگەڵ ئەوەی خرایە ڕوو ئەم دیمەنە پێشێلکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی نەتەوەیی هێنایە ئاراوە، بە شێوەیەک کە پاڵنەر بوو بۆ هێزەکانی ئیسلامی سیاسیی شیعە تا زاڵ بن بەسەر ویستی کوردە فەیلییەکان و زۆرینەی شەبەکەکان و قۆرخکردنی دەنگەکانیان و دواتر بانگەشەی نوێنەرایەتیکردنیان لە ڕێگەی وەبەرهێنان لە کارەسات و ناخۆشییەکانیان لەسەردەمی بەعسدا، بەم شێوەیە کۆمەڵگەی کوردی، فەیلی و شەبەک لە ڕووی پراکتیک و لەسەر ئاستی سیاسی بێ پشتیوان مانەوە و لەسەر ئاستی نەتەوەییش هەستیان بە نامۆیی کرد.

هەروەها بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی کوردی ئێزیدی هەست دەکات بەوەی کە ئیتر هیچ پەیوەندییەکی بە کوردایەتییەوە نەماوە، نەوەک تەنها بە هۆی پێکهاتەی زەینی و کولتووری باو لە کۆمەڵگەی کوردستان، کە پێی وایە تەنها بووەتە موسڵمانێکی سوونە کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نییە، هەروەها هەست بەوە دەکات کەلە ڕووی سیاسییەوە پەراوێز خراوە و هیچ ڕۆڵیکی نییە لە بڕیاری نەتەوەییدا. قووڵی ئەو هەست بە پەراوێزخراوی و نامۆبوون لەلای ئێزیدییەکان کارەساتێکی گەورەیە بە تایبەت دوای ئەو کارەساتانەی کە ڕووبەڕوویان بووەوە لەسەر دەستی تیرۆریستەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە ساڵی ٢٠١٤.

بێگومان ستراکچەری زەینی و کولتووری باو لە هەرێم بە تایبەت لە شارە سەرەکییەکان تەنها هۆکار نەبوو بۆ هەستکردنی کەمایەتییە ئایینییەکان بە نامۆبوون و پەراوێزخراوی، بەڵکو هێزە کوردییەکانیش شکستیان هێنا لە خوڵقاندنی دۆخێکی لەبار بۆ بەشداری سیاسی.

**بە بۆچوونی قوتب کۆمەڵگەی جاهلی، ئەو کۆمەڵگایەیە کە بە تەنها ملکەچی خوداوەند نابێت و لە یاسا وڕێساکاندا ڕەنگ ناداتەوە، بەم پێناسەیەش تەواوی کۆمەڵگاکانی سەر ڕووی زەوی دەچنە چوارچێوەی کۆمەڵگەی جاهیلییەوە**

لەلایەکی دیکەوە ئەم دۆخە هەلومەرجێکی دروست کرد بۆ ئیسلامی سیاسی و هێزەکان تا بە باشترین شێوە کاربکەن لەسەر دروستکردنی دەسەلاتێکی کۆمەڵایەتی لە سێبەردا لە ڕێگەی قسەکردن لەگەڵ پەراوێزخراو و هەژارەکان، زیانلێکەوتوانی کێشە

ناوخۆییەکان، تووڕە لە بەربڵاوی گەندەڵی لە دامەزراوەکانی هەرێم، بەم شێوەیەش توانیان لە ڕووی جەماوەرییەوە بنکەیەکی جەماوەری فراوانی بەهێز بۆ خۆیان دروست بکەن بە پشت بەستن بەو هەستە ئایینییە بڵاوەی کە لە شەقامی ئیسلامیدا بوونی هەبوو. ئیسلامی سیاسی لە ڕێگەی پشتبەستن بە گوتاری کۆمەڵایەتی کاری کرد لەسەر دروستکردنی ئاگاییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دژ بە دەسەڵات و شوناسی گوتارە نەتەوەییەکەی و دامەزراندنی ئاگاییەک بە دوور لە شوناسی نەتەوەیی و خواستی ڕزگاریخوازی و دیموکراسی، تا ئێستا گوتاری سیاسی سەربەخۆ نییە لە کاریگەری مەرجەعییەتە ئایدۆلۆژییەکان (بەتایبەت تورکیا و ئێران) و هەڵوێستیان بەرامبەر بە نەتەوەی کورد لەناوچەکە. دەرەنجام هێز و پارتەکانی ئیسلامی سیاسی توانیان بچنە ناو دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکردن و ئیدارە گشتییەکان و هەژموونی خۆیان سەپاند لە تەواوی ژیاندا.

سەربارى ئەوەی کە دەستەبژێرە سیاسییەکانی هەرێم لەگەڵ هێزەکانی ئیسلامی سیاسی ڕێک نەبوون، ناچار بوون بە شێوەیەکی بەرژەوەندخوازانە لەگەڵ ئەو هێزانە مامەڵە بکەن لە کاتی شەڕی ناوخۆییدا، کە لە نەوەدەکاندا هەرێمی کورستانی گرتەوە لە نێوان هەردوو پارتی باڵادەستدا. دواتر ئەم دوو پارتە سەرەکییە کاریان کرد لەسەر ملدان بۆ خواستەکانی ئەم پارتانە بە مەبەستی ڕاکێشانی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی بەلای خۆیاندا، دواتر لە نێوان هەردوو لادا جۆرێک لە پێکهاتن ڕوویدا دوای ئەوەی بەریەککەتنی خوێناوی لە نێوانیاندا ڕوویدا لە کۆتایی نەوەدەکاندا، کە دەرەنجام پێکهاتن لەسەر ئەوەی کە ڕۆڵ و هەژموونیان لە نێوان پارتە نەتەوەییەکان و ڕەوتەکانی ئیسلامی بەش بکەن لەنێوان خۆیاندا. بە پێی ئەو پێکهاتنە ئەو دوو پارتە دەستیان گرت بەسەر سەرچاوەکانی بڕیاری سیاسی و ئیداری و ئاسایش و کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر قبوڵکردنی هەژمونی پارت و کۆمەڵە ئایینییەکان بەسەر بەشێکی ژیاندا.

**زۆرینەی کوردە عەلەوییەکان بەهۆی کولتووری ئایینی باوی پارتە نەتەوەییە تورکەکان، بە تایبەت لە سەردەمەی سەرکەوتنی پارتی داد وگەشەپێدانی پاشخان ئیخو انی، پشتیو انیان لە پارتە نەتەوەییە توندڕەوەکان کرد، کە ئاڕاستەیەکی عەلمانییان هەبوو**

ڕەنگە دیارترین حاڵەت کە لە سروشتی شوناسیی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕەنگیدابێتەوە ئەوە بێت کە لەکاتێکدا

کوردی موسڵمانی سوونە زۆرینە پێکدەهێنن لە ڕۆژئاوای کوردستان (سوریا)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی نەیانتوانیوە شوێنپێیەک بکەنەوە لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا.

لەگەڵ دروستبوونی شەڕی ناوخۆیی لە سوریا لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا کە سیمایەکی خوێناوی و توندی بە خۆوە بینیوە، گرووپ و کۆمەڵەکانی ئیسلامی سیاسی توندڕەو دەرکەوتن، بەشێکیان بە سەرکردایەتیکردنی ئیخوان موسلمین لە سوریا بە پشتیوانی ڕوون و ئاشکرای تورکیا و قەتەر و سروشتێکی ئیسلامی و تائیفی پێبەخشی. تورکیا لە ڕێگەی باڵە ئیسلامییەکانەوە کاری کردووە لەسەر دامەزراندنی ڕوکار بۆ ئیسلامی سیاسی و تائیفی توندڕەو لە کوردستانی سوریا تا ببێت بە جێگرەوە بۆ جووڵانەوەی سیاسی نەتەوەیی و بە ئیسلامیکردنی گوتاری سیاسی و نەتەوەیی کورد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لایەنانە جارێکی تر شکستیان هێنا لەوەی ئامادەییەکی سیاسییان هەبێت لە شەقامی کوردی سوریا و بە نادیاری مایەوە بۆیان، لەوانە بەرەی کاری نیشتمانی کورد لە سوریا بە سەرۆکایەتی مستەفا موسلم برای ساڵح موسلم هاوسەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی و پارتی ئیسلامی کورد بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ڕەمەزان شەدادی و جووڵانەوەی داد و دادپەروەری ئیسلامی کوردی لە سوریا... و چەندین پارتی دیکە.

بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکە دەکرێت جیاکاری بکرێت لەنیوان دوو دیاردەی ئیسلام لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، بە تایبەت لە باشوور و باکووری کوردستان، یەکەمینیان ئیسلامی کۆمەڵگەی گوند و کشتوکاڵی کە بە شێوەیەکی گشتی دوو ڕەوتی سۆفی باڵا دەستە، کە ئەوانیش قادری و نەقشەبەندین، ئیماندار بوونی کەسەکانیش لەم کۆمەڵگایانەدا بە میانڕەوی ناسراون و ئەوە قبوڵ دەکەن کە بە شێوەیەکی میانڕەو لەگەڵ ئایینەکانی دیکە بژین وەک مەسیحییەت و ئێزیدی و یارسانی و چەندین ئایینی دیکە ... باوەڕی ئایینی لەلای ئەم کەسانە سیمایەکی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت کە لەسەر بنەمای هاوپشتی هۆزایەتییە و ملکەچی ڕێوڕەسمەکانی هۆزە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوی دیکەدا، هەر بۆیە بەها ئایینییەکان تێکەڵ دەبن بە سیمای ڕەفتارەکانی هۆز و دامەزراوەی ئایینیش کە لە لایەن شێخ، یاخود مەلاوە نوێنەرایەتی دەکرێت تا ملکەچی دەسەڵاتی هۆز و بنەماکانی دەبێت.

شێوەی دووەم ئیسلامی شارە گەورەکانە، بە تایبەت لە شارە تازە گەشەسەندووەکان وەک (دیاربەکر) و هەولێر و سلێمانی ... و چەندین شاری دیکە، لێرە باوەڕی تاکە کەس پێش هاوپشتی هۆز دەکەوێت و خوێندنەوەیەکی ئایدۆلۆژی بۆ ئایین

پێش پابەندبوون بە ڕێورەسمەکانی هۆز دەکەوێت و خوێندنەوەی سیاسەتی بەرژەوەندخوازانە و تاکگەرایی بۆ ئایین بالادەست دەبێت لە بەرامبەر خەڵوەتکێشی و پەرەستنی سۆفیگەرانە، بە شێوەیەک کە لۆژیکی شار تێکەڵ دەبێت بە تێگەیشتنی خودی لە ئایین. بە شێوەیەکی گشتی ئیمانداری لەلای چینەکانی مامناوەند و خوارەوەی کۆمەڵگا کەمتر ئەوی دیکە قبوڵ دەکات بەراورد بە ئیمانداری پراگماتیکی لەلای چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگا، هەروەها بەراورد بە ئیمانداری گوندەکان. خوێندنەوەی پیاوانی ئایینی و گوتارەکانیان زیاتر بەپێی خواستی دامەزراوە سیاسی و بیرۆکراسییەکان و بەرژەوەندی بازاڕ دەبێت. ئەم هەڵوێستە ئەگەر بە شێوەیەکی کەمیش بێت ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە بۆچی بڵاوبوونەوەی گوتاری ئیسلامی سیاسی زیاتر لەشارەکاندا بەربڵاوە تا گوندەکان.

**کارکراوە لەسەر باڵادەستکردنی هەژموونی پیاوانی ئایینی و ئاڕاستەکردنیان بە شێوەیەک کە خزمەت بە سیاسەتی تورکیا بکات بەرامبەر پرسی کورد**

## گرفتی خودئاگایی بە شوناس و پرسی پەیوەندی

لەماوەی سی ساڵی ڕابردوودا لە بەرامبەر پشتگوێخستنی ئەو کارەساتانەی کە بەسەر کورد هاتوون لە لایەن ئیسلامی سیاسییەوە، لەناو کورددا ئەو دەنگانە سەریهەڵدا کە داوای دابڕانی کولتووری و مێژوویی دەکرد لەگەڵ ئیسلام و ئیسلامییەکان، بە تایبەت دوای کوشتارەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و نەبوونی هاوسۆزییەکی ئەوتۆ بۆ قوربانییەکان لەلایەن ئیسلامییەکانەوە و پێیان وابوو کە سیستەمە ئیسلامییەکان بەشدار بوون لە چەوساندنەوەی کورد و سەرکوتکردنیان و بێبەش کردنیان لە مافەکانیان و لە بەرامبەردا زۆرێک لەو کەسانە بانگەشەی گەڕانەوەیان دەکرد بۆ ئەو ئایین و بیروباوەڕە نەتەوەییانەی کە بەر لە ئیسلام بوونیان هەبووە، وەک جەختکردنەوەیەک بۆ ڕەسەنایەتی شوناسی کورد و تایبەتمەندییەکەی.

ئەم خواستە بەدەر نییە لە حەز بۆ شێواندنی مێژوو بە مەبەستی گەیشتن بە هەندێک خواستی ئایدۆلۆژی دیکە، بەو پێیەی کورد بەشێکی زۆری مێژووەکەیان لەگەڵ ئیسلامدا هەڵکردووە، بە شێوەیەک کە ئیسلام بووەتە بەشێکی ڕەسەن لە شوناسی مێژووییان و خودی کوردەکانیش بوون بە بەشێک لە پێکهێنەرەکانی ئەو مێژووە. سروشتی ئەو مێژووە هەر چۆنێک بێت، ناکرێت

کورد داوای ئەوە بکات کە چواردە سەدە لەو مێژووە لە یادەوەریيان بسڕنەوە و دەستبەرداری بن تەنها لەبەر ئەوەی کە بیانەوێت خۆیان بسەلمێنن بە شێوەیەکی نارێک و بە زۆر، لە بری ئەوە لەمڕۆدا کورد ئەوپەڕی پێویستی بە ئاگاییەکی مێژوویی هەیە لە ئیسلام، لێرەدا پێویستی و بایەخی جیاکاری سەرهەڵدەدات لە نێوان پیرۆز لە ئایین و ئایین وەک پەیوەندییەکی دونیایی کە بە مانای عەقڵی پراکتیتی لە ئاییندا دێت. سەبارەت بە پیرۆزیش تا ئاستێک یەکە لە تەواوی ئایینەکاندا. پیرۆزی دەکرێت ببێت بە بەشێک لە ململانێکان و ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕێت لە سیستمی بەهاکاندا، هەروەها خودی ئیسلامیش هانی ئەوە دەدات کە تایبەت و خۆییە و خوێندنەوەی خۆی لەسەر بنەمای چوارچێوەیەکی مێژوویی دونیایی دادەڕێژێتەوە. ئەم خواستە بۆ دیاریکردنی مێژوویی ئیسلام و تایبەتکردنی بە خوێندنەوەیەکی کوردی و وەڵامێکە بۆ پێویستییە مێژووییەکانی ئێستا، لەبەر ئەوەی پێشەکییەک بەرهەمدەهێنێت بۆ بەرهەمهێنانی ئاگاییەکی نەتەوەیی بە ئیسلام کە سەربەخۆ نییە لە ئیمانی قووڵی هاوبەشی تەواوی کوردە موسڵمانەکان.

ئاگایی مێژوویی ڕەخنەگرانە تایبەت بە دیالەکتیکی شوناس و ئیسلام لە هەناویدا ئاگاییەکی ڕۆشنگەرانەیە کە خۆی لە پرسیاری ئێستا و چارەنووسدا ڕەنگدەداتەوە. لە ئێستادا پرسیاری ڕۆشنگەرانەی کورد ئەمەیە، چی وا دەکات لە ئاست مێژوودا بن؟ بە شێوەیەک کە کورد بگاتە ئاستی نەتەوەکانی دیکە و هەمان پلە لە ئازادی و پێشکەوتنیان هەبێت، نەوەک تەنها لە دیاریکردنی چارەنووسدا، بەڵکو بەر لەوە – ئەمە مەرجێکی سەرەکییە – توانای بیرکردنەوە بە ئازادی و ڕەخنەگرتن لە ڕابردوو و ئێستا و شوناسی ئیسلامییان.

### سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیا کاری کرد لەسەر پشتیوانیکردنی گرووپێکی ئایینی توندڕەو بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەوتە نەتەوەیی و چەپە گەنجە کوردەکان

پێچەوانەی ئەو بانگەشانە، گوتاری شوناسی ئیسلامی سیاسییە کە ئەویش بە نۆبەی خۆی کاردانەوەی ئاگاییەکەی قەیراناوییە لە بەرامبەر دەرکەوتنی شێوەیەکی نوێ بۆ ڕێکخراوی سیاسی وەک دەوڵەت لەسەر پاشماوەکانی دەسەڵاتی خیلافە و دروستبوونی کۆمەڵگا نەتەوەییەکان و پەرەسەندنی ئاگایی کۆمەڵگای سەر بە نەتەوە لەبری پەیوەستبوونی گرووپ و کۆمەڵە ئایینییەکان، بە شێوەیەک گوتاری ئیسلامی سیاسی بوو بە دوا پەناگە بۆ گوزارشتکردن لە ئازاری ئاگاییەک کە لە

قۆناغی گواستنەوەدا بوو لە کۆمەڵگەیەکی باوەوە بۆ کۆمەڵگایەکی مۆدێرن، ئاگاییەکی دابەش بوو لە نێوان ڕابردوویەک کە لەدەستدرابوو و نەدەکرا بەدەست بهێنرێتەوە و ئێستایەک کە ئەو ئاگاییە نەیدەتوانی دەست بگرێت بەسەریدا. کەواتە ئەم گوتارە دەرەنجامی ئاگاییەکە ناتوانێت ڕووبەڕووی مۆدێرنە و سیستمی کۆڵۆنیالی ببێتەوە، کە لەلایەن دەوڵەتی نەتەوەیی نوێوە بە میرات ماوەتەوە و هاوکات لەگەڵیدا سیستم و دامەزراوەی سیاسی و سیستمی دیموکراسی و ژیانی پەرلەمانی، عەلمانییەت و سەروەری نەتەوە سەپاوە، لێرەوە بیرۆکەی "دەوڵەتی ئیسلامی" سەریهەڵدا و دروشمی "ئیسلام ئایینی دەوڵەت"ە بەرزکرایەوە.
زۆرینەی کۆمەڵەکانی ئیسلامی سیاسی لە دەوری بیروباوەڕێکی ئایدۆلۆژی کۆدەبنەوە، کە سنووری نەتەوە دەبەزێنێت بە ئاڕاستەی نێونەتەوەیی لەسەر بنەمای باوەڕ بە ڕاستی سەرتاپاگیر و ڕەهای ئیسلام. لێرەوەیە کە کۆمەڵە ئیسلامییەکان شوناسی نەتەوەیی ڕەتدەکەنەوە و پێیان وایە بیری نەتەوەیی نامۆ و دژ بە ڕۆحی ئیسلامە، یەکێک لە ڕۆشنبیرەکانی ئەم ڕەوتە بەم شێوەیە پاساو بۆ ئەو هەڵوێستە دەهێنێتەوە "بیری نەتەوەیی کوردی ئەگەر چی دژ بە بیری نەتەوەیی عەرەبی و تورکی و فارسییە لە ئامانجدا، بەڵام هەر لەیەک سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێت کە بیرێکی نا ئایینی ڕۆژئاواییە و هەمان خەسڵەتی بیر و جووڵانەوە نەتەوەییەکانی عەرەب و تورکیا و فارسە، ئەم بۆچوونە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ بیروباوەڕی دامەزرێنەرانی ئیسلامی سیاسی و هەڵوێستیان بەرامبەر بە پرسی نەتەوەیی، بەو پێیەی کە ئەبو ئەعلای مەودودی پێشتر جەختی کردبووەوە لەسەر ئەوەی کە ئیسلام بنەمای جاهلییەت هەڵدەتەکێنێت کە پێشتر تەواوی نەتەوەکانی لەسەر دروست دەکرا لە جیهاندا، هەر لەسەر ئەو بنەمایە ئیسلام ئوممەتێکی نوێ دروست دەکات لەسەر بنەمای باوەڕ و بەندایەتی و ملکەچبوون بۆ خودا.

## بەهێزبوونی حزبوڵای کوردی بە پشتیوانی و چاودێری دامەزراوە سەربازییەکانی تورکیا بوو

دواتر مەودودی بە ناشیرینی باس لەو موسڵمانانە دەکات کە شانازی بە شوناس و میراتی نەتەوەیی و سیمبولە نەتەوەییەکانیانەوە دەکەن کاتێک دەڵێت "لەناو موسڵمانەکاندا ئەمڕۆ سروودی نەتەوەیی و نیشتمانی بەرزدەبێتەوە، دوای ئەوەی کە وانەکانی لە ڕۆژئاواوە فێربوون، ئەوانە گێلن نە لە کولتووری خۆیان گەیشتوون نە لە کولتووری

ڕۆژئاوایی، هەروەها نازانن کە ئەوەی بۆ نەتەوەی ڕۆژئاوایی ئاوی ژیانە، بۆ نەتەوەی ئیسلامی ژەهرە". بە هەمان شێوە سەرکردەیەک لە جوڵانەوەی ئیسلامی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ گاڵتە بە هەر جۆرە پابەندبوونێکی هەستی نەتەوەیی دەکات و دەڵێت "ئێمە قوڵایی و پابەندبونێکی ڕۆحی لەدەست نادەین لە بەرامبەر بەدەستهێنانی کوردێکی عەلمانی کە لە بارەکان و سەماخانەکانی ڕۆژئاوا پەروەردە بووبێت لەسەر پۆخڵەواتی بیری عەلمانی"، لە چوارچێوەی ئەم گوتارەدا کە دژبەیەکییەکی ڕەها دروست دەکات لەنێوان پابەندبوون بە هەستی نەتەوەیی و پابەندبوون بە ئیسلام، لێرەوە دەکرێت بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە بۆچی بەشێک لە پەرلەمانتارە ئیسلامییەکانی کوردستان لە کاتی وتنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب هەڵناستنەسەرپێ. بەم هەڵوێستانەدا هەست بە قووڵی پابەندبوونی ئیسلامی دەکەین لەلایەن هەندێک لە ئیسلامییە کوردەکان لەسەر حیسابی نەتەوەیی، ئەمەش هۆکاری ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بۆچی هەندێک لە ئیسلامییەکانی کوردستان بێدەنگی هەڵدەبژێرن لە ئاست ئەو کارەساتانەی کە بەسەر کورد دێت لە عەفرین و ناوچەکانی دیکەی کوردستانی سوریا لەسەر دەستی میلیشیا ئیسلامییەکان بە پشتیوانی و هاوکاری سەرۆکی تورکیا.

# موقتەدا سەدر و ململانێ لەسەر دەسەڵاتی ئایینی

نووسینی: بینیدیکت ڕۆبن-دیکروز
وەرگێڕانی: عومەر ڕەشید

## پێشەکی

لە ٢٩ی ئابی ٢٠٢٢، ئایەتوڵا عوزما کازم حسێن حائیری کە بنکەکەی لە شاری قوم بوو، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، دەستبەرداربوونی خۆی لە مەرجەعیەت، واتە دەسەڵاتی ئایینی ڕاگەیاند، بەو سیفەتەی مەرجەعێکی تەقلیدی بوو لەلای کۆمەڵە شیعییەکان، پێشنیاری کرد شوێنکەوتوانی پەیڕەو لە مورشیدی باڵای ئێرانی ئایەتوڵا عەلی خامنەیی بکەن. هەروەها لە بەیاننامەکەیدا ڕەخنەی توندی لە موقتەدا سەدر گرتبوو، کە پیاوێکی ئایینی تاکڕەوی ڕێبەری ڕەوتەکەیە، ئاماژەی بەوە کردووە کە سەدر بڕوانامەی ئایینی پێویستی نییە بۆ ئەوەی سەرکردایەتی ڕەوتەکە بگرێتە دەست، چونکە ئەو لایداوە لە ڕێبازی هەردوو شەهیدە مەزنە سەدرییەکە، ئایەتوڵڵا عوزما محەممەد باقر سەدر و ئایەتوڵڵا عوزما محەممەد سادق سەدر، باوکی موقتەدا سەدر.

ئەم هەڵوێستەی حائیری گرنگییەکی زۆری هەبوو، چونکە خودی خۆی بە مەرجەعییەتی ئایینی دادەنرا بۆ ڕەوتی سەدر. بۆیە پێدەچوو ڕەخنەکانی لەو کاتە گرنگەدا هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتی سەدر دروست بکات، چونکە لە چوارچێوەی ناکۆکییەکانی بوو لەگەڵ ئەو کوتلانەی لایەنگری ئێران بوون لەسەر پرسی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، بەڵام سەدرییەکان لێدوانەکەی حائیری-یان بەس بە تورەکردن زانی، پێیان وابوو نابێتە ئاڵنگارییەکی ڕاستەقینە بۆ دەسەڵاتی سەدر، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەرییە سنووردارەکانی حائیری بوو لەناو ڕەوتی سەدردا.

سەدر بوو لە بنیاتنان و پاراستنی دەسەڵاتی ئایینی خۆی لە ڕێگەی دوو ستراتیژەوە سەرکەوتوو بوو. پارێزگاری لە فرەیی ڕێکخراوەیی ئایینی کرد، سوودی لەو شەرعیەتەش وەرگرت کە پیاوانی ئایینی باڵاتر لەخۆی وەک حائیری پێیان بەخشیبوو، لە هەمان کاتدا دڵنیا بوو لەوەی هیچ دەسەڵاتێکی ئایینی ناتوانێت ڕکابەری کاریگەرییەکانی بکات لەناو بزووتنەوەی سەدریدا. هەروەها پەنای بۆ تێکەڵەیەک برد لە پیادەکردنە ئایینییە تەقلیدی و ناتەقلیدییەکان بۆ هەمەجۆرکردنی دەسەڵاتی ئایینی خۆی. بەمشێوەیە توانی بەسەر لاوازییەکانیدا زاڵ بێت لە شێوازە تەقلیدی و کاریگەرییە ئاینییەکەدا، بە تایبەت خوێندنی ئایینی و ڕاهێنانی فەرمی لە حەوزە زانستییەکاندا.

پەیوەندی نێوان سەدر و حائیری تیشک دەخاتە سەر ململانێکان بۆ دەسەڵاتی ئایینی لەناو ڕەوتی سەدردا کە زۆرجار وەک هێزێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت. بەڵام بە ڕوانین بۆ ڕێبازی ڕەوتی سەدر لە ڕوانگەی ئایینییەوە لایەنە سیاسییەکە فراوانترە، بەتایبەتی توانای بەردەوامی سەدر بۆ کۆکردنەوەی بنکە جەماوەرییەکەی، سەرەڕای شکستەکانی ڕەوتەکە لە حوکمڕانیدا و نەبوونی دیدێکی سیاسیی یەکگرتوو. ئەمە جگە لە خستنەڕووی ڕۆڵی سیاسی سەدر لەناو ئەم دیدە ئایینییە بۆ سەرکردایەتیکردن، بە هەمان شێوە تیشک دەخاتە سەر لاوازی سەدریش وەک لایەنێکی سیاسی، بە تایبەتیش لەبەر ئەو قەیرانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە لەسەر ئاستی دەسەڵاتە ئەخلاقییەکەی کە دەسەڵاتە سیاسییەکەی لەسەر بنیات نراوە.

## فرەیی مەرجەعییەتی ئایینی لە ڕەوتی سەدردا

بۆ تێگەیشتن لەو کاریگەرییە سنووردارەی کە حائیری لەنێو ڕیزی سەدرییەکاندا هەیبوو، پێویستە بەدواداچوون بۆ شێوازی پەیوەندییەکەی بکرێت لەگەڵ ڕەوتی سەدر، لە پێش تیرۆرکردنی محەممەد سادق سەدر لە ساڵی ١٩٩٩، لەو ماوەیەدا هەردووکیان ڕکابەر بوون

بۆ کێبڕکێ لەسەر میراتی محەممەد باقر سەدر کە قوتابی بەردەستی ئەو بوون، ئەوە وای لێکردن خۆیان بە میراتگری دەسەڵاتی ئەو بزانن، بەڵام حائیری خۆی وەک مەرجەعییەت سەپاند، ئەمەش توانای زیاتری پێبەخشیبوو کە کاریگەری لەسەر ڕێبازی محەممەد سادق سەدر هەبێت بەرەو وەرگرتنی دەسەڵاتی ئایینی.
ئاماژە دراوە کە حائیری تەنانەت دانی بەو پڕوپاگەندانەدا نەناوە کە محەممەد سادق سەدر مەرجەع بێت. هەروەها هەوڵی بریکارەکانی ڕەتکردەوە کاتێک سەردانی قومیان کرد بۆ ئەوەی لەوێ نووسینگە بۆ سەدر دابمەزرێنن. ئەم ڕەتکردنەوەیە ڕێگری لە هەوڵەکانی سادق سەدر کرد بۆ فراوانکردنی تۆڕە تەقلیدییەکەی و دامەزراندنی مەرجەعییەتی تایبەتی خۆی. هەروەها باس لەوە کراوە کە حائیری نێردەکەی سەدر (ئەبو سەیف وائیلی)ی لە ماڵەکەی خۆی دەرکردووە و تۆمەتباری کردووە بە کارکردن بۆ دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕژێمی بەعس.
لەبەر ڕۆشنایی ئەم ململانێیە بۆ دەسەڵات، بۆچی محەممەد سادق سەدر، حائیری وەک میراتگری مەرجەعی تەقلیدی بۆ سەدرییەکان دەستنیشان نەکرد؟ بەپێی سەرچاوەکانی نزیک لە ڕەوتی سەدر، محەممەد سادق سەدر ئامادە نەبووە ئەم دەستنیشان کردنە بکات، سەرەڕای ئەو پەیوەندییەی کە حائیری لەگەڵ محەممەد باقر سەدر و حەوزەی زانستی لە نەجەف هەیبوو. بەڵام لە ڕۆژانی کۆتایی تەمەنیدا ئەو بڕیارەی داوە، ئەویش بە دوودڵی و لە ژێر فشاری شوێنکەوتوانیدا، کە ترسیان لە ئەگەری تیرۆرکردنی مەرجەعەکەیان و مانەوەیان بەبێ مەرجەعێکی ئایینی ئاشکرا هەبوو، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ململانێیەکی ناوخۆیی لەسەر سەرکردایەتی.
جگە لەوەش ئەندامانی ڕەوتی سەدر باسیان لەوە کردووە کە حائیری یەکێک بووە لەو پیاوە ئایینییانەی محەممەد سادق سەدر باسی کردووە، کە دەتوانێت پۆستی مەرجەعی تەقلیدی لە دوای مردنی خۆی وەربگرێت. ئەویش بە پشتبەستن بە ڕاسپاردەکانی سەدر. چینە کۆنەکەی سەدرییەکان بەشێوەیەکی بنچینەیی پەیڕەویان لە مەرجەعیەتی حائیری، یان ئایەتوڵڵا عوزما محەممەد حسێن فەزلوڵڵا (کە پێش ئەوەی بچێتە لوبنان لە حەوزەی نەجەف خوێندوویەتی)، یان ئایەتوڵا عوزما محەممەد ئیسحاق فەیاز کە لە نەجەف نیشتەجێ بووە، دەکرد، لە کاتێکدا ئەمان ژمارەیان کەم بوو، بەڵام گرنگ بەلای سەدرییەکانەوە مەرجەعییەتی ئایەتوڵا عوزما عەلی سیستانییە. گێڕانەوەی ئەم باسانە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە لەوەی کە بتوانێت بەشێک لە گوتاری سەدری پێکبهێنێت. بەکورتی و پوختی ئەوەی کە دەتوانرێت لە دیدی سەدرییەکانەوە

دەرک بکرێت ئەوەیە کە ڕەوتی سەدری لە دوای کۆچی دوایی محەممەد سادق سەدر، خاوەنی یەک دەسەڵاتی ئایینی نەبووە.

بە هەمان شێوە ڕێگەپێدانی مانەوە لەسەر مەرجەعی مردوو لە فرەیی دەسەڵاتی ئایینی ناو ڕەوتی سەدر بوو. لە ڕوانگەی شیعەی دوانزە ئیمامییەوە، وا لێکدراوەتەوە کە تەقلیدی مردوو کارێکی ناتەقلیدییە، بەڵام بۆ سەدرییەکان گرنگە بەهۆی جەختکردنەوە بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی ئایینی، بە تایبەت لە نموونەی پیاوانی ئایینی وەک محەممەد باقر سەدر، بە تایبەتتر محەممەد سادق سەدر.

## حائیری ڕەخنەی توندی لە موقتەدا سەدر گرتبوو، کە پیاوێکی ئایینی تاکڕەوە

تەقلیدی مردووەکان ڕێگە بە سەدرییەکان دەدات بەردەوام بن لە پەیڕەوکردنی مەرجەعیەتی محەممەد سادق سەدر، بەڵام ئەم پیادەکردنە ملکەچە بۆ دوو مەرج. یەکەم: گریمانە دەکرێت کە سنووردار بێت بۆ ئەو تەقلیدکارانەی کە پەیڕەوی مەرجەعیەتی ئایەتوڵڵایان کردووە کاتێک هێشتا لە ژیاندا ماوە. دووەم: دروستە بۆ تەقلیدکارەکان پابەندی حوکمەکانی سەدر بن لە حاڵەتە ئاساییەکاندا، واتە کاتێک فەتوا و حوکمە ئایینییەکە جێبەجێ دەکرێت، گۆڕانکارییەکی چاوەڕواننەکراو دروست نەکات لەسەر بارودۆخ و هەلومەرجەکان. لە ئاستە تیۆرییەکەیدا، گریمانەی ئەوە دەکرێت کەلێنێک لە نێوان نەوە کۆنەکە و نەوەیەکی گەنجی سەدرییەکان دروست بکات کە لە سەردەمی محەممەد سادق سەدردا لەدایک نەبوون، هەر بۆیەش ناچار دەبوون شوێن مەرجەعییەتی پیاوێکی ئایینی دیکە بکەون، بە تایبەت حائیری، بەڵام سەدرییەکان دەڵێن، گەنجە سەدرییەکان دەتوانن شوێن مەرجەعییەتی محەممەد سادق سەدر بکەون، بە مەرجێک لە هەمان کاتدا شوێن مەرجەعێکی دیکە بکەون کە هێشتا زیندووە و ڕێگا بەم پیادەکردنە دەدات. ئەندامێکی ڕەوتی سەدر ئەم بابەتەی ڕوونکردووەتەوە و دەڵێت: "گەنجە سەدرییەکان دەبێ شوێن موجتەهیدی زیندوو بکەون، مەگەر پێیان وابێت کە محەممەد سادق سەدر شارەزاترە لە موجتەهیدە زیندووەکان، لەم حاڵەتەشدا دەبێت شوێن فەتوای موجتەهیدێکی زیندوو بکەون کە ڕێگەیان پێدەدات ئەو کارە بکەن.

تەقلیدی مردووەکان لە کۆتاییدا دەمانگەیەنێت بە هەمەچەشنکردنی دەسەڵاتی ئایینی سەدری. لێکدانەوە جیاوازەکان بۆ ئەم پیادەکردنە کە بووەتە

هۆی وەرگرتنی تێکەڵەیەکی هەمەچەشن لە مەرجەعییەتی ئایینی، تیشک دەخاتە سەر ئاستی نەرمی نواندنی تەقلیدکارانی سەدری سەبارەت بە پرسی تەقلیدکردن. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە چۆن تەقلیدکارانی سەدری چالاکانە بەشداری ئەم پیادەکارییە دەکەن، تەنها وەک گوێڕایەڵێک بۆ ڕاسپاردە ئایینییەکان نامێننەوە. بەتایبەت بەشداری دەکەن لە نوێکردنەوەی شێوازی دیاریکردنی دەسەڵاتی ئایینی.

## هاوسەنگی نێوان فرەیی باوکانی ڕۆحی

پاش ئەو لەشکرکێشییەی کە ساڵی ٢٠٠٣ ئەمریکا پێشەوایەتی دەکرد بۆ سەر عێراق، پەیوەندی نێوان حائیری و موقتەدا سەدر لەسەر بناغەیەکی ناجێگیر بوو. هێشتا سەدر و حائیری پاڵنەرێکی بەهێزیان هەبوو بۆ هاوکاریکردن. سەدر ڕووبەڕووی ململانێیەکی ناوخۆیی بووەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی کێشمەکێشی ئەو ڕەوتەی کە باوکی دایمەزراندبوو، هەندێک لەو پیاوە ئایینیانەی پێگەیان لەو باڵاتر بوو، وەک محەممەد یەعقوبی، بەڕێوەبەری نووسینگەی محەممەد سادق سەدر لە نەجەف لە ساڵی ٢٠٠٣ کەوتنە چەلەحانێ لەگەڵی، دەیانوت دەسەڵاتی ئایینی دوای مردنی سەدر گواستراوەتەوە بۆ ئەوان، چونکە ئەوان لەنێو قوتابییەکانیاندا شارەزاتر و لێهاتووتر بوون، ئەمەش بانگەشەی سەدر بۆ میراتگرتنی مەرجەعییەتی باوکی لاواز دەکرد.

## حائیری دانی بەو پڕوپاگەندانەدا نەناوە کە محەممەد سادق سەدر مەرجەع بێت

یەعقوبی لە ١٦ی تەمموزی ٢٠٠٣ لە موقتەدا سەدر جیابووەوە، بۆ ئەوەی خۆی وەک مەرجەع بناسێنێت و کۆنترۆڵی تۆڕی ڕێکخراوەیی و دارایی محەممەد سادق سەدر بکات، بەتایبەتی کۆکردنەوەی پێنج یەک، کە فەرزێکی داراییە لەسەر سامانی باوەڕداران. بەم پێیە، بڕیارەکەی حائیری بۆ دانانی موقتەدا سەدر وەک نوێنەری خۆی لە عێراق لە ٧ی نیسانی ٢٠٠٣، کە دەسەڵاتی پێدا بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی کە بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ مەرجەعەکان دیاریکراون- وەک کۆکردنەوەی پێنج یەک و دابەشکردنی و دەرکردنی هەندێک حوکمی ئایینی- زۆر گرنگ بوو. بانگەشەی سەدری بۆ دەسەڵاتی ئایینی لەنێو سەدرییەکاندا چەسپاند، ئەمەش یارمەتی دا لە بەرپەرچدانەوەی دژەکەی. لە بەرامبەردا حائیری پێویستی بە ڕۆڵی سەدر بوو، دەرفەتێکی بۆ ڕەخساند کە کاریگەری خۆی لەناو ڕەوتی سەدریدا

بچەسپێنێت لە ڕێگەی ئەو پیاوە ئایینییانەی تازەبوون، کە لە ڕووی تیۆرییەوە ملکەچی ڕێنمایی ئایینی حائیری بوون. ئەگەر سەدر نەبوایە، حائیری ناچار دەبوو چاو بخشێنێتەوە بە پێگەی خۆی لە قوم، چونکە بەرەوڕووی ئاڵنگاری کەسانی وەک یەعقوبی دەبووەوە، کە دەیتوانی بە ئاسانی "هەر واقیعێک بیەوێت" لە عێراقدا بیچەسپێنێت. دەستنیشانکردنی حائیری بەفەرمی وەک مەرجەع بۆ بزووتنەوەی سەدری، هێزێکی کەمی بەدەست دەهێنا ئەگەر بە پاڵپشتی توانای سەدر نەبوایە بۆ کۆکردنەوەی هێزی زۆرەملێی پێویست بۆ دەستبەسەرداگرتنی خانووبەرەی بزووتنەوە ئایینییەکە و تۆڕە ڕێکخراوەییەکانی ڕەوتەکە.

هاوکاریی حائیری لەگەڵ سەدر تەنها ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییە ئایینییەکانی خۆی نەبوو، بەڵکو بەشێک بوو لە تۆڕێکی پەیوەندی کە ئێران لە ڕێگەیەوە هەوڵی بەستنەوەی سەدر و سەدرییەکانی دەدا بە بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە. بزوێنەری پەیوەندی حائیری لەگەڵ سەدر لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا، تەواو هاوتەریب بوو لەگەڵ ستراتیژی سوپای پاسداران بەرامبەر بە ڕەوتی سەدری. ئەمەش کارئاسانی کرد بۆ حائیری کە بەشداری یەکەم دیدارەکان بکات کە سەدر و بازنەی نزیک لە خۆی لەگەڵ بەرپرسە سیاسی و هەواڵگرییە ئێرانییەکان ڕاستەوخۆ دوای لەشکرکێشییەکە بە سەرکردایەتی ئەمریکا ئەنجامیاندا. کاتێک هەڵوێستی سوپای پاسداران لەسەر سەدر گۆڕا، کاتێک ویستی میلیشیای سوپای مەهدی باڵی سەربازی ڕەوتی سەدری هەڵبوەشێنێتەوە، ئەویش دوای شەڕە کارەساتبارەکەی نەجەف لە ئابی ٢٠٠٤، ویستی دەسەڵاتی سەدری کەم بکاتەوە بە بەهێزکردنی دژەکانی، پاش ئەوە حائیری بە فەرمی پشتگیری خۆی لەسەدر کشاندەوە، سەدرییەکانی ڕاسپارد کە ڕاستەوخۆ پێنج یەک بنێرن بۆ ئۆفیسەکانی خۆی.

## ڕەوتی سەدری لە دوای کۆچی دوایی محەممەد سادق سەدر، خاوەنی یەک دەسەڵاتی ئایینی نەبووە

سەرەڕای تێکچوونی پەیوەندی نێوان سەدر و حائیری کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا بە خۆیەوە بینی، دوورکەوتنەوەی کۆتایی و نەگەڕانەوە نەبوو. سەدر لە دوای ٢٠٠٤، دووبارە و سێبارە هەوڵی باشترکردنی پێگەی ئایینی خۆی دا لە چوارچێوەی خوێندنەکەی و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتە ئایینییە جیاوازەکان، لەوانە حائیری، بەڵام سەدر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم پەیوەندییانەدا

دەکرد، هەوڵیدا شەرعیەت لە مەرجەعە ئایینییە باڵاکانەوە وەربگرێت، لە هەمان کاتدا پەیوەندییە هەمەجۆرە ئایینییەکانی تری دەپاراست. بەم شێوەیە ئەو قسە و باسەی دەکران کە گوایە حائیری دەسەڵاتی ناوەندی ئایینییە بۆ سەدرییەکان و سەدر بەردەوام شوێنپێی ئەو هەڵدەگرێت و چووە بۆ ئێران بۆ ئەوەی ببێتە قوتابی ئەو، ئەم لایەنە بنچینە ستراتیژییە ئایینییەکەی سەدری داپۆشی.

## تەقلیدی مردووەکان ڕێگە بە سەدرییەکان دەدات بەردەوام بن لە پەیڕەوکردنی مەرجەعیەتی محەممەد سادق سەدر

بە وتەی سەدرییەکان، حائیری تەنیا مەرجەع نەبووە کە سەدر قوتابی بەردەستی بووبێت. بۆ نموونە پێش تیرۆرکردنی محەممەد سادق سەدر، موقتەدا سەدر بە گەنجی لە نەجەف لای محەممەد کەلەنتەری خوێندویەتی، کە سەدرییەکان بە دژێکی توندی دەزانن بەرامبەر حائیری، لەبەر ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەهێزەی لەگەڵ بنەماڵەی سەدر هەیبووە و پشتگیریکردنی لە مەرجەعییەتی محەممەد سادق سەدر و قوربانیدانی لە تیرۆرکردنەکەیدا ساڵی ١٩٩٩، دواتر و لە ساڵی ٢٠٠٣ یەکێک لە کوڕەکانیشی کوژرا. پاش ساڵی ٢٠٠٣ سەدر لە قوم لەبەر دەستی حائیری و ئایەتوڵڵا عوزما جەعفەر سوبحانی و برا بچووکەکەی حائیری عەلی ئەکبەر حائیری خوێندویەتی. لەم ساڵانەی دواییدا سەدر زیاتر هەوڵی دەدا هەڵوێستە گشتییەکانی لە نزیکەوە لەگەڵ دەسەڵاتی سیستانیدا هاوتەریب بکات.

بەڵام سەدر سەرەڕای هەوڵەکانی بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی ئایینی خۆی لە ڕێگەی خوێندن، یان هەمەچەشنکردنی پابەندبوونە ئایینییەکانی، بەڵام هێشتا دوورە لە بەدەستهێنانی پێگەی مەرجەعییەت. لە ئاستی بڕوانامەی زانستیدا قۆناغی پلە بەرزەکانی تەواو کرد، دەستی کرد بە چوون بۆ قۆناغی کۆتایی، واتە قۆناغی لێکۆڵینەوەی دەرەکی، کە تیایدا قوتابییەکان تێزێک دەخەنە ڕوو کە لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە بۆ پرسێکی گرنگ لە فیقهی ئیسلامیدا. تا ئەم قۆناغەش گەیشتن بە نازناوی ئایەتوڵڵا ڕاناگەیەنێت، لەبری ئەوە نازناوی حوجەتولئیسلام وەلموسلیمین بەکاردەهێنێت، واتە ئەو پێگە ئایینییەی کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر پێگەی ئایەتوڵڵا. تەنانەت دوای تەواوکردنی قۆناغی لێکۆڵینەوەی دەرەکیش، دەبێت سەدر تێزی کردەیی ئامادەبکات، ئەویش بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەک بە قەبارەی کتێبێک دەربارەی فیقهی ئیسلامی،

کە موجتەهیدەکە دەیخاتەڕوو بۆ بەدەستهێنانی ناونیشانی مەرجەعی تەقلیدی.

## پشتبەستنی سەدر بە پیادەکارییە ئاینییەکان لە پێناو چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی

سەرەڕای نەبوونی بنەما سەرەکییەکانی دەسەڵاتی ئاینی تەواو، سەدر هەنگاوی گەورەی ناوە بۆ گەیشتن بە ئەرکەکانی دەسەڵاتی ئایینیی پێگەباڵا، ئەمەش بە پەرەپێدانی پیادەکاری بۆ هەمەچەشنەکردنی سەرچاوەکانی دەسەڵاتی ئایینی خۆی، لە دەرەوەی ئەوەی کە ڕاهێنانی ئایینی فەرمی پشتی پێبەستووە.

بۆ ئەوەی تیشک بخەینە سەر ئەم ڕێبازە و دانانی پێگەی ئایینی سەدر لە چوارچێوەی دروستی خۆیدا، دەتوانرێت بەراورد بکرێت لەگەڵ قەیس خەزعەلی هاوتەمەن و نەیارەکەی لە بزووتنەوە فراوانەکەی سەدریدا. هەردووکیان لە تەمەندا نزیکن و لەلای باوکی سەدر قوتابی بوون، بەڵام خەزعەلی لە مەشق و ڕاهێنانەکانی حەوزە زانستییەکاندا گەیشتە قۆناغێکی پێشکەوتووتر لە سەدر، ئەو قۆناغی لێکۆڵینەوەی دەرەکی تەواو کرد، زۆرێک لە ئەوانەی لە حەوزەکەدا بوون پێیان وابوو ئەو تێزەی کە پێشکەشی کردووە ئاماژەیە بۆ زانیارییەکی قووڵ لە فیقهی ئیسلامییدا، بەڵام خەزعەلی نەیویستووە خۆی وەک دەسەڵاتێکی ئایینی سەربەخۆ لەناو حەوزەکەدا بچەسپێنێت، بەڵکو ڕایگەیاندووە کە ئەو پەیڕەوی لە ڕاڤەکانی ئایەتوڵڵا ڕوحوڵڵا خومەینی دەکات بۆ ویلایەتی فەقیه و نوێنەرایەتی خامنەیی. کەواتە بە پێچەوانەی سەدر، خەزعەلی هەوڵ نادات وەزیفەی ئایینی وەک بانگەواز یان ڕاپرسی ئەنجام بدات (لێکۆڵینەوەیەکی ئایینییە کە تێیدا تەقلیدکاران داوای لێکدانەوەیەکی فیقهی لە مەرجەعێک دەکەن، کە بە زۆری لە دەوری پرسە ڕۆژانەکاندا دەسوڕێتەوە). بزووتنەوەی عەسائیبی ئەهلی حەق کە خەزعەلی سەرۆکایەتی دەکات هەوڵیدا پێنج یەک کۆبکاتەوە، بەڵام بەبێ پشتبەستن بە دەسەڵاتە ئایینییەکەی خەزعەلی، هەر لەبەر ئەوە تەنها چەند کەسێک پارەیان دا.

بەم شێوەیە سەدر بۆ وەرگرتنی ڕۆڵی سەربەخۆی ئایینی زۆر لە خەزعەلی خێراتر ڕۆیشت، ئەویش بە پشتبەستن بە سەرچاوەکانی شەرعییەتی ئایینی لە دەرەوەی چوارچێوەی ڕاهێنراوی ئایینی فەرمییدا. بۆ نموونە، سەدر لە سەرەتای کاروانەکەیدا ئاماژەی بە پەیوەندی تایبەتی خۆی دا بە ئیمامی شاراوەوە (باوەڕێکی بنچینەییە لە زانستی دوارۆژیدا لەلای شیعەی دوانزە ئیمامی کە پەیوەندی بە گەڕانەوەی ئیمام مەهدییەوە هەیە لە کۆتایی دنیادا)، بانگەشەی هێزێکی ڕۆحی کرد کە تێڕوانینێکی ئایینی پێببەخشراوە،

دەتوانێت بەبێ نێوەندگیری پەیوەندی پێوەی هەبێت. یەکێک لە تازەترین داهێنانەکانی دروستکردنی ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری بوو کە لە پیاوانی ئایینی بەتەمەن و پلە باڵا پێکهاتبوون، ئەوانە لە قوتابییە سەرەکییەکانی محەممەد سادق سەدر بوون، بۆ ئەوەی ئامۆژگاری بکەن لە بابەتی ڕێنمایی ئایینیدا. لەم حاڵەتەشدا ئەم پیادەکردنە ئاماژەیە بۆ هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی فرەیی دەسەڵاتی ئایینی.

## بزوێنەری پەیوەندی حائیری لەگەڵ سەدر لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا، تەواو هاوتەریب بوو لەگەڵ ستراتیژی سوپای پاسداران بەرامبەر بە ڕەوتی سەدری

بە هەمان شێوە، زۆرجار سەدر شتە مادییەکان وەک ئامڕازی پیرۆز بەکاردەهێنێت. بۆ نموونە زۆرجار بە گۆچانێکەوە وێنەی دەگیرێت، ئەم دیمەنەش هێمایە بۆ بیرخستنەوەی گۆچانەکەی باوکی. کاتێک سەدر سەردانی پیاوانی ئایینی باڵا دەکات لە نەجەف، بەزۆری بە ئۆتۆمبێلێکی کۆنی میتسوبوشی گلانت دەچێت. ئەمەش دیمەنێکی بەهێزی ترە کە سەدر بە مەبەست دەیکات، چونکە محەممەد سادق سەدر لە ساتی تیرۆرکردنەکەیدا بە سواری ئۆتۆمبێلێکی (گلانت)ەوە بوو. ئەم پیادەکردنانە گوزارشتن لە دەسەڵاتێکی ئایینی کە لە کەس و شتە بەرجەستەکراوەکاندا بەرجەستە بووە، بەبێ بەکارهێنانی گوتاری ئایینی عەقڵانی، یان دامەزراوە فەرمییەکان. سەدر پێیوایە ئەم ئامڕازانە ڕاستەوخۆ بە دەسەڵاتە ئایینییەکەی باوکییەوە دەیبەستێتەوە.

جگە لەوەش زۆرێک لەو پیادەکاریانەی کە پشکیان هەیە لە دەسەڵاتی ئایینی مەرجەعدا، لە بەرگە شەرعییەکەیاندا ڕەگیان داکوتاوە لەسەر بنەمای کەسی کاریزمایی، نەک لە فۆرمێکی عەقڵانی - یاسایی و دامەزراوەیی پەیوەست بە ڕاهێنانی فەرمی لە حەوزەدا. بە واتایەکی تر سەدر لە دەرەوەی بیروباوەڕی ئایینی تەقلیدی نییە وەک ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی بانگەشەی بۆ دەکرێت، بەڵکو پیادەی تەقلیدی و ناتەقلیدیەکان تێکەڵ دەکات بۆ گەورە پیشاندانی دەسەڵاتە ئایینییەکەی. جگە لەوەش، بەمشێوەیە مەیدانی ئایینی شیعە زەمینەیەکی لەبار دەڕەخسێنێت بۆ ڕەوتی ئایینی-سیاسی، وەک ڕەوتی سەدری کە بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە ئایدۆلۆژیای کاریزما بەستووە.

لە سەر ئاستی داماڵینی (تجرید) زیاتر، پەیوەندییەکی پێکەوە ژیان لە نێوان دەسەڵاتە جۆربەجۆرەکان هەیە لە مەیدانی ئایینی شیعیدا. پیادەکارییە

سەرەکییەکانی لە ڕووی دیالەکتیکەوە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، وەک پاشەکشەی زوهد لە بەرامبەر جووڵەی کۆمەڵایەتی و سیاسی؛ داماڵینی فیکری لە بەرامبەر کردە بەرجەستەییەکان، هەوڵی توێژینەوە لە بەرامبەر وەحی ڕۆحی بێ نێوەندگیر، تێپەڕاندن لە بەرامبەر وەستان لەسەر شێوازە کۆنەکان. ئەم دژبەیەکیانە بۆ جیاکاری نێوان دەسەڵاتی ئایینی (ڕەسەن) و (ناشەرعی) نییە، بەڵکو لە خۆیاندا میکانیزمێکن بۆ بەرهەمهێنانی هێزێکی مەیدانی ئایینی. سەدرییەکان حاڵەتێکی ئایینی نامۆ پێکناهێنن، بەتێپەڕبوونی کاتیش ڕەوتی سەدری بە سادەیی پاشەکشە ناکات، بەڵکو ئەم ڕەوتە بەردەوام دەبێت تا مەیدانی ئایینی شیعە لە عێراقدا بەشدار بێت لە دابەشکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بەرفراوانەکانی وڵاتدا.

## دەرەنجام لەسەر ئاییندەی سیاسی سەدرییەکان

لە قۆناغی داهاتوودا، مردنی چاوەڕوانکراوی سیستانی وێستگەیەکی ڕاگوزەرییە بۆ پێکهاتەکانی شیعە لە عێراقدا. سەدر بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت ببێتە مەرجەعی ئایینی، ناتوانێت جێگەی سیستانی کە دیارترین پۆستی دەسەڵاتی ئایینی شیعەیە لە وڵاتدا بگرێتەوە. بەڵام دارشتنەوەی کارتەکانی پلەبەندی ئایینی نەجەف لە سەردەمی دوای سیستانیدا دەرفەتێک بۆ سەدر دەڕەخسێنێت کە پشکی خۆی لە دەسەڵاتی ئایینی زیاتر بکات. هەرچەند لە ئێستادا سەدر سەرکردایەتی ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی دەکات، نەک قوتابخانەیەک بۆ پەروەردەی ئایینی لەناو حەوزەدا، بۆیە دواتر دەسەڵاتە ئایینییەکە هەوادارە سەرەکییەکان دیاری دەکات کە لە بنکەی سەدری پێکهاتوون، زیاتر لەوەی دامەزراوە ئایینییە شیعییەکان دانی پێدابنێت.

**سەدر بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت ببێتە مەرجەعی ئایینی، ناتوانێت جێگەی سیستانی کە دیارترین پۆستی دەسەڵاتی ئایینی شیعەیە لە وڵاتدا بگرێتەوە**

سروشتی ئەم دەسەڵاتە ئایینییە، وەک پەنجەرەیەکە کرابێتەوە بەرەو ڕووی ڕەهەندی سیاسی ڕەوتی سەدری. ڕووداوەکانی ئەم دواییەی عێراق، دەسەڵاتی ئایینی سەدری بەهێزتر کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام لایەنگرانی کۆبکاتەوە لە دەوری سیاسەتەکەی، جا لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بێت، یان نارەزایەتی، یان توندوتیژی. بۆیە پێویستە هەڵوێستە بکەین لەسەر ئەم دەسەڵاتە بۆ ئەوەی لەو کاریگەرییە تێبگەین کە سەدر وەک کەسایەتییەکی سیاسی

بەکاریدەهێنێت. ئامادەیی سەدرییەکان بۆ قوربانیدان بۆ سەدر و کۆمەڵگەی سەدرییەکان بە سەرفکردنی کات و سامان و جەستەیان لەبەردەم دۆزی سەدرییەکان، پاڵنەرێکی ئایینی لە پشت ڕەفتارەکانیانەوە دەردەخات.

### سەدر دیدێکی سیاسی ڕوون ناخاتەڕوو جگە لە هەوڵەکانی بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی لەناو ڕەوتەکەدا

زۆرجار ئەم ڕاڤەکاریانە سەر لە داڕێژەرانی سیاسەتی ڕۆژئاوا دەشێوێنێت. زۆرجار گریمانەی عەلمانییەکان و عەقڵانییەکان بە ناڕاستەوخۆ بەرەو ئەوە دەچن کە ئایین بە سەرچاوەیەک سەیر بکەن بۆ پاڵپشتی ئامانجە سیاسییەکان. بەڵام سەدر دیدێکی سیاسی ڕوون ناخاتەڕوو جگە لە هەوڵەکانی بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی لەناو ڕەوتەکەدا. بەهەمان شێوە چاودێرانی ڕۆژئاوا پێیان وایە کە جەماوەرییەتی بزووتنەوەیەکی ئیسلامی وەک بزووتنەوەی سەدری بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە هۆکاری مادی و مامەڵەی پەیوەست بە حوکمڕانی کاریگەر و هەوڵ بۆ دامەزراندن. بەڵام کاریگەرییەکانی سەدر بەردەوامیان هەیە سەرەڕای پێشینە خراپەکانی ڕەوتەکە لە حوکمدا، باسی ئەوە ناکەم کە زۆربەی سەدرییەکان هێشتا لە یەکەمین پلەکانی پەیژەی ئابووری سیاسی عێراقدان، لە ڕووی وەرگرتنی هەلی کارەوە.

بەم پێیە، ئامادەگی سەدری سیاسی لە گۆڕەپانی عێراقدا پاشەکشە ناکات، نە بەهۆی دەستوەردانی پیاوانی ئایینی پلە باڵا و نە بەهۆی شکستی سەدرییەکان لە بەدیهێنانی چاکسازیی سیاسیدا، بەڵام ئەگەری هەیە بەهۆی ئەو هەڵانەی موقتەدا سەدر ئەنجامیان دەدات، لایەنگرانی چاوبخشێننەوە بەوەدا کە پێشتر سەیریان کردووە وەک پارێزەر و ڕێبەر و کەسایەتی کۆکەرەوە بۆ کۆمەڵگەی سەدری. زۆر گرنگە سەدر تەنها بەوشێوەیە سەیر نەکرێت کە بێ توانا بێت بۆ پارستنی ئەو پەیوەندییە هاوپشتییە کە سەدرییەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، یان وەک بەفیڕۆدەری قوربانیدانی لایەنگرانی. واقیعی دۆخەکە ئەوەیە کە ئەگەری ڕوودانی ئەم قەیرانە هەیە لەسەر ئاستی دەسەڵاتی ئەخلاقیدا، ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی بابەتێکی ئایینییە، ئەمە ئەو پاڵنەرەیە کە لە ئێستادا ڕەفتارەکانی سەدر پاڵدەنێت و هانی دەدات بۆ پشتیوانی هەڵوێستی سیاسی مەترسیدارتر.

**سەرچاوە:**

سەنتەری مالکۆم کیر کارنیگی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

# ئیسلام؛ ئاشتی یان تەسلیمبوون؟

نووسینی: حەسەن یوسفی ئەشکوری
وەرگێڕان: ئەژی ئازاد ئەبوبکر

**بەرایی**

یەکێك لەو کلیلە وشانەی کە بۆ ناسینی ئایینی ئیسلام و وێناکردنی سیمای بڕواداری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و شارستانییەتەکەی گرنگە و ڕەوایە لەمبارەیەوە لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەی زیاتر بکرێت، مانا و چەمکی وشەی "ئیسلام"ە. لەم نووسینەدا هەوڵ دراوە کە باسێکی کورت لەم لایەنەوە بخرێتەڕوو بەو هیوایەی ئاسۆیەك بکاتەوە.

## ئیسلام لە چەشنی ئاشتی، یان تەسلیمبوون؟

سەبارەت بە مانای وشە و چەمکی "ئیسلام" و هۆکاری ناونانی بەم شێوەیە، ڕای جیاواز هەیە. بەو پێیەی کە ڕەگی واتایی ئەم ناونیشانە بە چی بزانین، بە دڵنیاییەوە ماناکەی جیاواز دەبێت، تەنانەت دەتوانین بڵێین کە سیمای ئیسلام و ئامانج و فەلسەفە زاتییەکەی دەگۆڕدرێت، بەڵام لە زمان و چەمکدا، دوو مانا لە ئیسلام زیاتر لەوانی تر سرنجڕاکێشە. یەکێکان ئەوەیە کە ئیسلام لە "سِلم" یا "سَلم" بە واتای ئاشتی هاتووە و ئەوی دیکە بە مانای تەسلیمبوونە بەرامبەر بە خودا و گوێڕایەڵیکردنی ڕەهایەتی. هەردوو ماناکە لەگەڵ ناوەرۆك و فەلسەفەی ئیسلام گونجاوە و لە قورئانیشدا دەشێت بۆ هەردووکیان بەڵگە و ئاماژە بدۆزرێتەوە. ئیسلام "مصدر باب افعال"ە و بە مانای سلم و سلیم (سلیم النفس – قلب السلیم) هاوواتای ئاشتی و دۆستییە و ئایەتی ٢٠٨-ی "بقرە" شایەتی ئەم مانایە دەدات، ئیسلام بە مانای تەسلیمبوونیش لە چەندین ئایەتدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، یان ڕاشکاوانە هاتووە، وەکو ئایەتەکانی ١١٢ و ١٣١-ی بقرە. لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا، کلیلیە وشەی گرنگی "سلام" کە لە کاتی یەکتر بینین و جیابوونەوە بە یەکتری دەڵێین، ئاماژەیەکی باشە بۆ مانای ئاشتی و تەبایی. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، مانای دووەمی ئیسلام کە تەسلیمبوونە زیاتر باوە و بە گشتی ئیسلام هەر بەم مانایە دەناسین، بە شێوەیەك کە لە ئێستادا کەمتر کەسێك بە مانا جەوهەرییەکانی ئاشتی، سازان و تەبایی لە چەمکی "ئیسلام" گرنگی دەدات.

لەگەڵ ئەمەشدا حەننا ئەسکەندەر (کەسایەتی ئایینیی مەسحیی لوبنانی) لە کتێبەکەیدا بە ناوی " النبّی و التّرهب" مانایەکی جیاوازی بە چەمکی "ئیسلام" باس کردووە. ئەو دەڵێت، لە ئەدەبیاتی پێش ئیسلامدا، "اسلام" یا "اَسلَمتُ" لە مانایەکی جیاوازدا بەکار هاتووە وەکو وەقفکردن، پێشکەشکردن، هەژارییەکی ڕەها بەرامبەر خودا (فناء فی الله). لە شیعری جاهیلیدا یەکەمین کەس دەستەواژەی "اسلمت وجهی" بەکارهێناوە، زید بن عمر بن نفیل بووە. بە پێی قسەی حەننا، دەستەواژەی "اسلمت وجهی" چەندین جار لە بەرهەمەکانی مەکاریوس بەکارهاتووە. ئەو ئاماژە بە ئایەتی بیستەمی سورەتی "آل عمران" لە قورئان دەکات، کە تێیدا "اسلمت وجهی الله" هاتووە. ئەسکەندەر لە کۆتاییدا ئیسلام بە مانا باوەکەی ئەمرۆ، واتا تەسلیمبوونی ڕەها بەرامبەر ویستی خودایی و گوێڕایەڵی ڕەها بۆی دەزانێت(١). واپێدەچێت کە ڕەواجی ئیسلام بە مانای تەسلیمبوونی ڕەها بەرامبەر بە خوا، یان هەر "فناء فی

الله"ی سۆفییەکان، زیاتر لەژێر کاریگەری ئەندێشە و ئەدەبی مەسیحی بووە، ئەگینا مانای ئاشتی و تەبایی بۆ وشەی ئیسلام لە جیهانبینیی قورئانی و سوننەتی پێغەمبەردا زۆر جیدی تر و گرنگترە.

## تەسلیمبوون بەرامبەر چی و کێ؟

ئەگەر ئیسلام بە مانای تەسلیمبوون بێت، ئەم تەسلیمبوونە بەرامبەر کێ و چییە؟ بەپێی زەمینەی فیکری و لە چوارچێوەی تێڕوانینی قورئانی و تەوحید و بە سەرنجدانە ئایەتە فراوانەکانی قورئان، بێگومان مەبەست لە تەسلیمبوون، تەسلیمبوونە بەرامبەر ویست (مشیئة) و خواستی خودا، نەك بەرامبەر بە ئەمر و فەرمانەکانی ئەم و ئەو. دروستە لە قورئان چەندین جار ئامۆژگاری کراوە بە گوێڕایەڵی پێغەمبەر، بەڵام ئەم گوێڕایەڵییە لە پێغەمبەر، لەسەر ڕاسپاردەی زاتی خودایە، واتا مەشروعییەتی ئەم ملکەچییە لە ڕێگەی خواستی خواوە بەدەست دێت.

بەو شێوەیەی کە سەرچاوە مێژوویی و "سیرە"کان باسی لێ دەکەن، دوو جۆر لە گوێڕایەڵی لە پێغەمبەر باس کراوە؛ جۆری یەکەم، کە گوێڕایەڵی پلەی یەکەم و سەرەکییە، بریتییە لە فەرمانبەری لە کاروباری وەحی. لەم جۆرەدا، بەپێی لۆژیکی ئیمان بە وەحی و پێغەمبەرایەتی، ئیمانداران لەسەریانە کە لە ئایەتەکانی وەحی و پەیامی ئاسمانی پەیڕەوی بکەن.

بەڵام شێوازی دووەم، گوێڕایەڵییە لە پێغەمبەر لە کاروباری سیاسی و یاساکان (دادوەری) و بەتایبەتی لە کاروباری سەربازی لە کاتی شەڕەکاندا. هەر بۆیە بنەمای شەرعیەتدانی ئەم دوو شێوازی گوێڕایەڵییە لە یەکتر جیاوازە. لە جۆری یەکەمدا، بەپێی ئامۆژگاری پێغەمبەر، گوێڕایەڵی و فەرمانبەری کارێکی تەنیا ئایینی، ئەخلاقی و مرۆییانەیە کە لە ویستی خوداوە هاتووە و لە جۆری دووەمدا، گوێڕایەڵی تەنیا بە هۆی ئیمارەت و فەرماندەیی سەربازیی بووە. ئەگەر جیاوازی نێوان ئەم دوو گوێڕایەڵییە نەزانین، لە تێگەیشتنمان بۆ ڕیسالەت، پێغەمبەرایەتی و لە ئەنجامدا تێگەیشتنی گشت مێژووی ئیسلام (لە ڕابردووەوە تاوەکو ئێستا) تووشی هەڵەیەك دەبین، کە زۆرینە تووشی بوون.

ئەوەی جێی سەرنجە، خودی پێغەمبەری ئیسلام بەشێوەیەکی روون ئیماندارانی سەردەمی خۆی فێر کردبوو جیاوازی لە نێوان ئەم دوو جۆرە لە گوێڕایەڵییە بکەن؛ لە بابەتە وەحی و ئایینییەکاندا بەو پێیەی سەرچاوەی شەرعییەتی خودایی، پێویستە گوێڕایەڵی بکەن و لە کاروباری ڕۆژانە و بڕیارە کاتییەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵگە و سیاسەت و ئیمارەت، تەنیا بە گوێرەی فەرمانڕەوایی زەمینی گوێڕایەڵی بن. تەنانەت لە سەدەی ٢١، گوێڕایەڵی لە حکومەتی شەرعی و گوێدانی مەرجداری یاسا و ڕێساکان، بە پێویستییەکی عەقڵی

و کـرداری بـۆ ڕێکخـسـتـنی کاروبـارەکان ئەژمار دەکرێت. لـەم تێبینییە زۆر ورد و گرنگە، ئیمانداران سـەدەی حەوتی زایینی تێدەگەیشتن، بـەڵام لـە سـەدەی ٢١ هێشتا لێی تێناگەن. هـەر بـە هـۆی ئەم هـۆکارە بـوو کـە ئیمانداران مافیان هەبوو دژایـەتی جـۆری دووەمـی بڕیار و فرمانەکانی پێغەمبەر بکەن و نموونەکانی لـە سـەرچاوەکانی سیرە و مێژوودا تۆمار کـراوە و نائینی لـە کتێبی "تنبیه الامه" چەند نموونەیەکی دەرهێناوە. یەکێك لـە پابـەندییە لـۆجیکی "و شـاورهـم فی الامر"(آل عمران، ٥٩) و "امرهم شوری بینهم" (شوری، ٣٨)ە، هەر ئەم ڕازی بوون و نەیارییە ئارەزوومەندانەیە وەك مافێك بە ئیمانداران دراوە. ئەوەی کە لە قورئان داوا لە ئیمانداران کراوە کە گوێڕایەڵیی پێغەمبەریان بکەن بۆ کاروباری ئیمارەت، بە مانای گوێڕایەڵی و تەسلیمبوونی ڕەها بەرامبەر کاروبار و فەرمانەکانی پێغەمبەر نایەت. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە لە ویستنی گوێڕایەڵییە، دەچێتـە خانـەی ڕێنوێنی بـە حـوکمی عـەقڵ، نـەك ساختەکردنی حوکمێکی شـەرعی وەك گوێڕایەڵیی ڕەها و هەمیشەیی. لـەم ڕووەوە، ئەم شێوازە لـە ئامـۆژگاری بـۆ گـوێڕایەڵیکردن، نە پەیوەندی بە پێغەمبەرایەتی محەممەد و نە پەیـوەنـدی بـە وەلائـی ئـەو هـەیە، بەڵکو پەیوەندی بـە پێویستی و دۆخی ئیمارەتەکەیەوە هەیە، کە لە ڕەزامەندی و فەرمانبەریی ئارەزوومەندانەی خەڵکی مەدینە (لە موسڵمان و غەیرە موسڵمان) سەرچاوەی گرتووە.

**و اپێدەچێت کە ڕەواجی ئیسلام بە مانای تەسلیمبوونی ڕەها بەرامبەر بە خوا، یان هەر"فناء فی الله"ی سۆفییەکان، زیاتر لەژێر کاریگەری ئەندێشە و ئەدەبی مەسیحی بووە**

بـە سـەرنـجـدانـە ئـەوەی بـاس کـرا، لـە واتـای ئایەتی ١٤-ی سـورەتی "حجرات"، مەبەست ئـەوە نییە لـە نێـوان ئیمان و ئیـسـلام جـیـاوازی هـەبێـت؛ ئـەوەی یەکەمیان تایبەتە بە بابەتی دڵ و دەروون و خـواوەنـد، ئـەوەی دووەم، بـە واتـای کاروبـاری حکومـەت دێـت و پەیـوەنـدی بە گوێڕایەڵیی کـرداری و حکومەتییە لە پێغەمبەر(٢). سەبارەت بەم ئایەتە چەند بابەتێك جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە؛ یەکەم، چوارچێوەی ئایەتەکە شایەتیدەری ئەوەیە کە جیاوازی کردن لە نێوان ئیمان و ئیسلام، بۆ باسکردنی گرنگیی ئیمان و ڕەسەنایەتییەتی کە بە شێوەیکی زاتـی و سروشتی، دڵی و دەروونـیـیـە. دووەم، ئیـسـلام بەشێکی ئیمـان نـیـیـە، بـەڵـکـو بـە شـێـوەیـەکی ڕەواڵـەتی بۆ ڕاگەیاندنی هەمان ئیمانە. لـەم چوارچێوەیەدا دەربـڕیـنی ئیسلام ئاخاوتنێکە بۆ ناساندنی ئیمانێکی دڵی،

نەك ئەوەی لە ڕووی بابەتیبوون و ناوەرۆکەوە، بابەتێکی جیاواز و سەربەخۆ لە ئیمان بێت. لە ڕاستیدا ئیسلام دەرخەری ئیمانە.

**ئەوەی کە لە قورئان داوا لە ئیمانداران کراوە کە گوێڕایەڵی پێغەمبەریان بکەن بۆ کاروباری ئیمارەت، بە مانای گوێڕایەڵی و تەسلیمبوونی ڕەها بەرامبەر کاروبارو فەرمانەکانی پێغەمبەرنایەت**

ئیسلام هەر ئەوەیە کە لە "شهادتین" دەوترێتەوە. کەسێك لە زمان و دەربڕیندا شایەتی بۆ تاکایەتی خودا و پێغەمبەرایەتی محەممەد دەدات، ئیمانی پێیەتی و پێوەی پابەند دەبێت، بە "مسلم" ناو دەبرێت. ئیستا ئەگەر ئەم پابەندبوونە واقیعییانە و بە پاکژی بێت، بەو شێوەیەی کە لە لای خودا و پێغەمبەر پەسەند بێت، ئەو کەسە موسڵمانێکی کامل و تەواوە، ئەگینا ئیسلامی لەفزیی ئەوان (بەدەوی)، ئیعتباری واقیعی نییە و تەنیا ئەوان لە بەرەی غەیرە موسڵمانەکان جیا دەکاتەوە، بەڵام لە بەرەی ئیمانداره پاکژ و خواپەسەند و پێغەمبەرپەسەند جێیان نابێتەوە. ئەگەر بمانەوێت لە دەستەواژەیەکی ئەمڕۆیی سوود وەربگرین، دەتوانین بڵێین دەربڕینی ئیسلام وەکو قبوڵکردنی هاونیشتمانیبوون و ئەندامێتییە لە کۆمەڵگەی ئیمانداران نەك زیاتر. بۆیە، مەبەست لە ئیسلام لەم ئایەتەدا، بە تەواوی یەکسانە لەگەڵ پێکهاتەی ئایەتە زۆرەکانی قورئان لە چوارچێوەی مانای زمانی، دەستەواژەیی و ئەدەبیاتی ئایینی.

لەوانەیە بانگەشەی ئەوە بکرێت بەو پێیەی پێغەمبەر سەودای دەسەڵاتی هەبوو و " نبّی بالسیف" بوو، دەیویست عەرەب بەرامبەر بە دەسەڵات و باڵادەستیی سیاسیی خۆی ناچار بە تەسلیمبوونی ڕەها بکات و دواتر لە سایەی باڵادەستی و شمشێر ئایینەکەی بڵاوبکاتەوە و جێگیری بکات. مانای پەتی ئەم تێگەیشتنە ئەوەیە کە محەممەد دەیوست ئێمان بە زەبری شمشێر بخاتە ناو دڵی عەرەبەکانەوە. بۆ بەرپرچدانەوەی ئەم تێگەیشتنە، دەشێت بەڵگەی زۆر بهێنرێتەوە، بەڵام پێشتر پێویستە وڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە کە: ئایا لە ئیسلام، بنەمای لەسەر ئاشتییە یان جەنگ؟ تا ئەو شوێنەی کە من ئاشنایەتیم بە قورئان و دەق و سەرچاوەکان هەیە، دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم، بنەمای ئیسلام لەسەر ئاشتییە و جەنگ و ململانێ بابەتی لاوەکییە. یەکێك لە هۆکارە ئاشکراکانی ئەم قسەیە، ڕووبەڕووبوونەوەی پێغەمبەرە لەگەڵ نەیاران و دووژمنانی. لە زۆر سەرچاوەدا هاتووە کە لە مەککە و تەنانەت لە مەدینە بە زۆری لە نێوان موسڵمانان و

غەیرە موسڵمانان و تەنانەت سەرکردە بتپەرەست و کینەلەدڵەکانی قورەیش، پەیوەندی باش لە ئارادا هەبووە و جاری وا هەبووە کە پێغەمبەر یارمەتی دارایی پێشکەشی خەڵکی مەککە و گەورەی قورەیشەکان کردووە.
لە نموونەیەکی مێژوویدا، یەعقوبی باس دەکات کە لە دوای فەتحی خەیبەر، کە غەنائیمی زۆر کەوتە دەست موسڵمانان، پێغەمبەر ئاگادار بووەوە کە بە هۆی قاتوقڕی لە مەککە، خەڵك تووشی هەژاری و نەبوونییەکی زۆر بوون، بۆیە پێغەمبەر ڕێژەیەکی زۆر ئاڵتونی بۆ گەورەکانی قورەیش نارد و داوای لێیان کرد یارمەتی خەڵکی دەستکورت بدەن. ئەگەرچی بەشێکیان ئاڵتوونەکانیان وەرنەگرت، بەڵام ئەبوسوفیان قبوڵی کرد و بە سوپاسەوە وتی: خودای برازاکەم پاداشتی باشەی بداتەوە کە لەگەڵ خزمانی خۆی چاکەکارە(٣).

## دەربڕینی ئیسلام وەکو قبوڵکردنی هاونیشتمانیبوون و ئەندامێتییە لە کۆمەڵگەی ئیمانداران نەك زیاتر

ئیبن سەعد لە "طبقات" حیکایەتێك لەسەر ئەم پێکەوەژیانە ئاشتیانەیەی پێغەمبەر و موسڵمانان هەیە؛ ئەو باس لەوە دەکات پێغەمبەر چەندین فەرمانی بۆ سەرکردەکانی هۆز و عەشیرەتەکان نووسی و تێیاندا، ئاوەکان، لەوەڕگەکان و پێداویستی مادی و سروشتییەکانی تایبەت کرد بەوان و لە ڕاستیدا پێیانی بەخشی و ئامۆژگاری کرد کە هیچ کەسێك مافی شەڕ و دەستدرێژی کردنە سەریانی نییە و ئەوان لە پەنای موسڵمانان و محەممەدن. هەڵبەت ئەم هۆزانە بەشێکیان موسڵمان و بەشێکیان غەیرەموسڵمان بوون. دەبێت ئەوەش بوترێت کە لەم کۆمەڵە نامەیە، یان بە مانایەکی تر پەیماننامانە، بابەتی جۆراوجۆر باس کراوە و کۆمەڵێك مەرج دانراوە و جاری واش هەیە وتراوە ئەگەر نابنە ئیسلام، لە کاتی پێویستدا یارمەتی موسڵمانان بدەن، یان لانی کەم کێشە بۆ موسڵمانان دروست نەکەن. بەهەرحاڵ بەرامبەر بەم بەڵێنە، لە ئینکارکەران و نەیارانیش بەڵێننامە داوا دەکرا(٤).
بە هەر حاڵ ئەم نموونانە ئەوە دەردەخەن کە بۆ پێغەمبەر، دەسەڵاتخوازی و ئیمارەت و شمشێر بنەما نەبووە، بەڵکو قبوڵکردنی ئارەزوومەندانەی ئایینی، پێکەوەژیانی مرۆڤانە لەگەڵ ئاشتی و ئاسایش، بۆ بژاردەی یەکەم بووە و ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە خاڵی جیاوازی ئەو لەگەڵ ئەمیران و فەمانڕەوایانی مێژوو بووە. ئەگەر وابێت، ئیتر ناتوانین پشت بە گێڕانەوەی سەرچاوە نوێیەکانی ئیسلامی ببەستین کە بە ئاشکرا دژیەکی لەگەڵ ئەم گێڕانەوەی ئێمە هەیە. بەم

شێوە دەتوانین بڵێین کە محەممەد لە مەدینە "دەسەڵاتی سیاسی" هەبووە، بەڵام "سەودای دەسەڵات"ی نەبووە، واتا بە مانا ئەمڕۆییەکەی "دەسەڵاتخواز" نەبووە. لەم ڕووەوە وتەی کارن ئارمسترۆنگ گونجاوتر دەردەکەوێت: "بڕیار نەبوو موسڵمانان پیاوی شەڕ بن. تایبەتمەندی ئەوان ئارامگرتن و دانبەخۆگرتنیان بوو. ئاشتی و سازانێك کە ئەوانی لەگەڵ ئەهلی کیتاب وەك یەهودی و مەسیحییەکان هاوپەیمان کرد"(٥).

باشتر وایە گوێ لە وتەیەکی ئیقبال لاهوری بگرین. دەوڵەت، لە ڕوانگەی ئیسلام، هەوڵێکە بۆ ئەوەی کە بنەما نموونەییەکان لە شێوەی هێزە کات-شوێنگەییەکان (زمانی-مکانی) لێ بێت و لە ڕێکخراوێکی دیاریکراوی مرۆییدا بێتەکایەوە. تەنیا بەم مانایایە کە حکومەت لە ئیسلام خوداوەندییە، ئەمە مانای ئەوە نییە کە سەرۆکایەتییەکی لەسەر زەوی بۆ نوێنەری خوا بێت کە بەردەوام بتوانێت ئیرادەی ستەمکارانەی خۆی لە پشت دەمامکی پاکبوون لە هەڵە و کەموکورتی بشارێتەوە... ئیسلام خوازیاری وەفادارییە بۆ خودا نەك وەفاداری بۆ حکومەتە ستەمکارەکان و مادام خودا بناغەی ڕۆحانیی ژیانە، وەفاداری بۆ خودا، لە کرداردا، وەفادارییە بۆ سروشتی نموونەیی خودی مرۆڤ(٦).

بەڵام باس کردن لەوەی چی ڕوویدا کە پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر، فتوحات ڕوویدا و لە سەدەی دووەم بەو لاوە لە فیقهی سیاسی و لانی کەم لە پەراوێزی دەزگای خیلافەت، فەریزەی "جیهادی سەرەتایی" هاتەکایەوە و کۆمەڵێك ڕیوایاتی جیهادییانەی توندوتیژ و خوێناویی ساختە کرا، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی فراوان و لێکدانەوەی مێژوویی بەڵگەدار هەیە.

## تێڕامانێك لەسەر ناونیشانی "ئایینی ئیسلام"

بۆ تەواوکەری بابەتەکە، پێویستە لەسەر چەمك و دەستەواژەی "ئایینی ئیسلام" وەستانێك بکرێت. وا دەردەکەوێت کە لە سەرەتای بانگەوازی پێغەمبەر (تەنانەت لە سەردەمی پێغەمبەر)، تەنیا بانگەوازێکی ئایینی بووبێت و ناوێکی تایبەتی نەبووبێت. پێدەچێت دواتر ئەم بانگەوازە ئایینییە بە ناوی "ئایینی ئیسلام" وترابێتەوە و ناوبانگی دەرکردبێت. لانیکەم لە دەقی قورئان بە ئاشکرا چەمك و ناونیشانی "ئایینی ئیسلام" بەکارنەهاتووە. ئەگەرچی لەم ڕووەوە دەگەڕێینەوە بۆ چەند ئایەتێك وەکو ئایەتەکانی ١٩ و ٨٥-ی سورەتی "آل عمران" و ئایەتی ٣-ی "مائدە"، بەڵام بەپێی ئایەتەکانی تر کە تێیاندا وشەی ئیسلام و هاوشێوەکانی بەکارهاتووە، پێناچێت کە لەم ئایەتانەدا مەبەست تەنیا ئایینی محەممەد بێت.

لە قورئاندا، ئیسلام بە ناونیشانە گشتییەکەی بۆ ئایینەکانی ئیبراهیمی (تەوحیدی) بەکار هاتووە (وەکو ئایەتەکانی ٢٠-ی آل عمران، ١٢٢-ی بقرە و ١٢٥-ی نساء) و شوێنکەوتوانی ئەم ئایینانە بە "مسلمون" ناویان هاتووە (وەکو ئایەتەکانی ٨٤-ی آل عمران، عنکبوت، ٤٦ و ١٣٦-ی بقرە و ١١١-ی مائدە). هەروەها لە قورئان، "حنیف" و "مسلم" هاوواتای یەك بەکارهاتوون (ئایەتی ٦٧-ی آل عمران) (٧)، یان لە ئایەتی ١٠١-ی سورەتی یوسف لە زمانی یوسفەوە هاتووە کە "توفّنی مسلما و الحقنی بالصالحین"، لێرەدا "مسلم" بە مانای تەسلیمبوون هاتووە و نەك بە مانای گرووپێکی ئایینی، یان فیرقەیەکی تایبەت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە چوارچێوەی بەکارهێنانی وشەکانی ئیسلام لە قورئان و مانای پەسەندکراو و دانپێدانراوی، بێگومان ئایینی محەممەدیش ئیسلامە. هەرچەند جێگەی گومانە کە خودی محەممەد هەر لە سەرەتاوە لەسەر دامەزراندنی ئایینێکی نوێ پێداگر بووبێت.

لە چوارچێوەی گوتاری دواتری مێژووی ئیسلام، دەتوانین بڵێین، هەروەك چۆن لە ئەندێشەی ئیسلامی دوو جۆر "نبوت"مان هەیە، واتا پێغەمبەرایەتی گشتی و پێغەمبەرایەتی تایبەت، ئیسلام و موسڵمانێتی دوو جۆر، یان دوو ئاستی تێکهەڵکێشیان هەیە: یەکەم، ئیسلام و موسڵمانێتی گشتی (هاوبەش لەگەڵ ئایینە تەوحیدی و سامییەکانی تر) و دووەم، ئیسلامی و موسڵمانێتی تایبەت (ناونیشانی تایبەتی ئایینی محەممەد)، بەڵام وا دەردەکەوێت کە لە هەمان سەرەتاوە، ئیسلام بووە بە ناوێکی تایبەت بە ئایین و شەریعەتی محەممەد، ئیتر ئەم ناوە بۆ ئایینە هاوبەشەکانی تر و هاوپەیوەندییە مێژووییەکان بەکارهێنانی نییە.

**لە قورئاندا، ئیسلام بە ناونیشانە گشتییەکەی بۆ ئایینەکانی ئیبراهیمی (تەوحیدی) بەکارهاتووە**

## پەراوێزەکان

(١)اسکندر، حنا، النبی والترهب، ص ١٥٩-١٦٠ و ١٦٧.

(٢)"قالت الاعراب آمنّا قل لم تؤمنوا و لکن قولوا اسلمنا و لمّا یدخل الایمان فی قلوبکم و ان تطیعوالله و رسوله لایلتکم من اعمالکم شیئا انّ الله غفور رحیم". واتە: "عەرەبی دەشتەکی وتیان بڕوامان هێناوە، بڵێ بڕواتان نەهێناوە بەڵکو تەسلیم بوون، هێشتا بڕوا نەخەمڵیوەتە ناو دڵ و هەناوتان، ئەگەر بە قسەی خوا و پێغەمبەری خوا بکەن شتێ لە ئاکامی کارتان کەم ناکاتەوە، بە ڕاستی خوا غەفور و ڕەحیمە".

(٣)تاریخ یعقوبی، جلد ١، ص ۴١۴.
(٤)ابـن سـعـد، طبـقـات، جـلـد ٢ (قـسـمـت اول)، ص ٢٠-٣٨.
(٥)کارن آرمستـرانگ، محمـد پیامبری بـرای زمان ما، ترجمه فرهاد مهدوی، ص ١۵۶.
(٦)اقـبـال لاهـوری، احـیـای فـکـر دینی در اسلام، ترجمه احمد آرام، ص ١٧٧-١٧٨.
(٧)ڕیـوایـەتـێـك هـەیـە کـە عـەبـدوڵا کـوری مەسعود ئایەتی «انّ الدین عندالله الاسلام» (آل عـمـران، ١٩) بـە شـێـوەی «انّ الـدیـن عـنـدالله الحـنـیـفـیـە» دەخـوێـنـدەوە. بـڕوانـە: رامیار، محمود، تاریخ قرآن، ص ٣٩.

**سەرچاوە:** ماڵپەڕی زەیتون https://www. ٨٧٠٤٥/zeitoons.com

گفتوگۆ

ئایینناسی



# گفتوگۆی ئایینناسی لەبارەی ڕەوتەکانی سەلەفییەت لە کوردستان

گفتوگۆی: ئایینناسی

د. ئیبراهیم مەلازادە، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە کۆمەڵناسی و پسپۆڕ لە بواری گرووپە توندڕەوەکان، لەم گفتوگۆیەدا باس لە سەلەفیەت لە کوردستان دەکات، ئەو پێی وایە سەلەفیزم مەترسییە لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیان، نەک هەر لەسەر غەیرە موسوڵمان، بەڵکو لەسەر خودی ئەو موسوڵمانانەش کە پێچەوانەی سەلەفیزم ڕەفتار دەکەن. هەروەك پێشیوایە وێناکردنی ململانێ لە نێوان ئایینی و عەلمانی هەڵەیەکی کوشندەیە، نابێت ئەو ململانێیە بخرێتە نێوان ئاییندار و عەلمانییەت.

**ئایینناسی: زیاتر لە گرووپێك بانگەشەی سەلەفیەت دەكات و ئەو ناسنامەیەی هەڵگرتووە، دەکرێت چ پۆلێنبەندییەك بۆ سەلەفیەت لە هەرێمی کوردستان بکرێت؟**

د. ئیبراهیم مەلا زادە: سەلەفیەت مانای شوێنکەوتن و گەڕانەوە بۆ شوێنەوار و ئاکار و ڕەفتارەکانی عەرەبە لە سەردەمی هاتنی ئیسلام و بەدواوە. دوورگەیەک لە زۆر بواردا سەرەتایی بووە، ئەگەر بەراوردی بکەین بە هەمان سەردەمی شام و قاهیرە و مێیدان. لەو سەردمەدا دوورگەی عەرەبی لە ژێر کاریگەری عەقڵی خێڵەکی و پەلاماردانی یەکتر و لۆژیکی هێزدا بووە، ئەوە چش لەو کولتووره کۆمەڵایەتییە سنووردارەی کە لەو سەردەمەدا باو بووە، بە ئاماژەکردن بە هەندێک خەسڵەتی ئەرێنی، لەوانەش فرەیی کولتووریی، کە دوای هاتنی ئیسلام هەرگیز وەکو خۆی لێ نەهاتەوە.

بە مانایەکی دیکە، سەلەفیەت قوتابخانەیەکی فیکری ڕووت نییە، بە قەد ئەوەی کە دەیەوێت وەکو تائیفەیەک دەرکەوێت. ئەو تائیفەیەش دوو ڕەهەندی هەیە، ئەوانیش ئیتنی و ئایینین. ڕەهەندە ئیتنییەکە لە سەردەمێکی بەسەرچوودا چڕ دەبێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ململانێی قورەیش و عەرەبە موسوڵمانەکان، بەر لە ١٤٠٠ ساڵ، سەردەمی کۆیلایەتی.

لێرەدا مەبەست لە ڕەهەندی ئیتنی، ڕەچەڵەکسازی نییە بە مانا بایۆلۆژییەکەی، بەڵکو ڕەچەڵەکسازییە بە مانا کولتوورییەکەی. هەوڵدانە بۆ درێژەدان بە سەردەمێك کە گۆڕانکاری گەورە لە بیرکردنەوەی مرۆڤ، لە سیستمی کۆمەڵایەتی، لە جۆری ململانێکان و ئامرازەکانی، لە شێوازی ژیان و جلوبەرگ و خواردن و پەیوەندییە مرۆییەکاندا دروست بووە. بەڵام سەلەفیەت گەڕاندنەوەی هەموو ئەو خەسڵەتە تەقلیدی و سەرەتایی و ئاکار و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییانەیە کە گرووپێک وەکو ئایین وەریاندەگرێت و وەچە دوای وەچە دەیگوازنەوە و شانازی پێوە دەکەن. کەواتە سەلەفیزم بەر لەوەی گرووپێکی دیاریکراو بێت، فیکر و باوەڕ و ئاکارێکە، بڵاوبووەتەوە و دەکرێت لەناو هەموو گرووپە ئایینییەکاندا، تەنانەت لەناو سۆفییەکانیشدا، بە شێوەیەکی ڕێژەیی ئەو ڕەفتار و ئاکارە بدۆزینەوە. بە شێوەیەکی ڕێژەیی لەناو ئیسلامییەکاندا هێندە زاڵ و باوە، هەندێك جار مەحاڵە کەسێک لەژێر ناوی سەلەفی لەگەڵ کەسێکی ئیخوانی و جیهادیدا جیا بکرێنەوە. لەناو هەموو گرووپە ئیسلامییەکاندا باڵێکی سەلەفی، یا نیمچە سەلەفی ئامادەگی هەیە، لەناو هەموو کەسایەتییەکی ئیسلامیستیشدا ئاراستەیەک، یا سروشتێکی سەلەفییانە هەیە، وەکو ئەوەی ڕێبەری ڕۆحی بزووتنەوەی ئیخوان، حەسەن بەننا دەڵێت "ئێمە،

بانگەوازێکی سەلەفین". لە ڕاستیشدا بەقەد ئەوەی کە هەر بە قسەی خۆی، ڕێبازێکی سوننین، ڕاستییەکی سۆفییانە و دەستەیەکی سیاسین، بە هەمان ئاستیش گرووپێکی سەلەفین، بە چاوپۆشین لە هەموو ئەو خەسڵەتانەی کە لە گرووپە سەلەفییەکان جیایان دەکەنەوە. بۆیە جیاکردنەوەی ئیسلامییەکان لە سەلەفیزم، تەنها لەڕووی فۆڕم و شێوازی کارکردنە، ئەگینا لە ئامانج و مەبەستدا هەموویان بە سوننە و شیعەشەوە، لە دووڕیانێکدا یەک دەگرنەوە و یەک ئامانجیان هەیە، تەنانەت ئەگەر یەکتریش کافر بکەن و یەکتر بە زیندیق و هەڵگەڕاوە و بیدعەچیش ببینن.

سەلەفیزم لە جۆری ئەو فۆڕمەی کە ناویان لە خۆیان ناوە سەلەفی، یا سەلەفیی دەعەوی، بە گشتی دابەش دەبنە سەر چەند جۆرێک کە لە ئاکار و ڕەفتاردا کۆدەبنەوە، بەڵام لە فۆڕم و پابەندبوونییاندا جیاوازن و دابەش دەبنە سەر چوار کەتیگۆری سەرەکی، لەوانەش سەلەفیەتی زانستی، "بەمانای زانستە ئیسلامییەکان" (١٩٢٠)، سەلەفیەتی جیهادی (١٩٧٩)، سەلەفیەتی سروری "السلفیة السروریة" (١٩٧٩) و سەلەفیەتی جامی "السلفیة الجامیة" (١٩٩٠). هەروەها چەند وردە کەتیگۆری دیکەش هەن، بەڵام هەموویان دەچنە ژێر ئەو چوار کەتیگۆرییە سەرەکییەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێکردوون. لەو وردە کەتیگۆرییانەش سەلەفیەتی ئەلبانی بە ڕێبەرێتی ناسرەدین ئەلبانی، کە لە ئوردن دەژیا، بۆیە بە سەلەفیەتی ئوردنیش ناوی دەبەن. سەلەفیەتی مەدخەلی، یا مەدخەلییەکان، بە ڕێبەرێتی ڕەبیع مەدخەلی، بە "حزبی بریندارکەر"یش ناویان دەبەن، چونکە لە ڕەخنەگرتندا تانە لە کەسەکان دەدەن، هەروەها پێیان دەڵێن زێدەڕۆ لە گوێڕایەڵی، بەوەی کە "لە گوێڕایەڵی و وابەستەبوون بە دەسەڵات زێدەڕۆیی دەکەن". سەلەفیەتی بازیی بە ڕێبەرێتی عەبدولعەزیز بن باز. سەلەفیەتی عوسێمی بە ڕێبەرێتی بن عثیمین. سەلەفیەتی کوێتی بە ڕێبەرێتی عەبدولڕەحمان عەبدولخالق. سەلەفیەتی نەجدی و سەلەفیەتی ئەمەریکی "وەکو ئاماژەیەک بۆ ئەوانەی کە پشتیوانی لە ئاڕاستەی ئەمەریکی دەکەن، بە تایبەتیش دەسەڵاتی سعودیی. دواهەمینیشیان سەلەفیەتی وەهابییە بە ڕێبەرێتی محەممەد بن عەبدولوەهاب.

ئەوانەی کوردستانیش لە چوارچێوەی سەلەفیەتی دەعەوی، زیاتر بە سەلەفیەتی مەدخەلی ناسراون و وابەستەن بە کەسایەتی ڕەبیع مەدخەڵی و هەندێك کەسایەتی دیکەوە، لە چوارچێوەی یەکێک لەو ناوانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێ کردن، لەپاڵ ئەوانەش، سەلەفیەتی حەرەکی و سەلەفیەتی جیهادی. کەواتە بە گشتی دابەش دەبنە سەر سێ کەتیگۆری.

کەتیگۆری یەکەم: سەلەفیەتی جیهادی (تەکفیری)، بە هەموو گرووپە جیاوازەکانییەوە، کە لە هەر وڵاتێك بە ناوێك و بە شێوازێك پەرە بە کار و چالاکییەکانییان دەدەن. لە کوردستان بە چەند ناوێکەوە دەرکەوتوون. "کۆمەڵەی جیهاد" بە ڕێبەرێتی مەلا ئەمین پیرداوود، دەکرێت بە یەکەمین گرووپی سەلەفیەتی جیهادی لە هەرێمی کوردستان هەژمار بکرێن، دواهەمینیشیان ئەنسارولئیسلام بوون.
کەتیگۆری دووەم: ئەمەش کە بە سەلەفیەتی دەعەوی ناویان دەبەن، دەکرێت وەسفیشیان بکەین بە سەلەفیەتی وەلائی. وەلائی، بەو مانایەی خۆیان نەک هەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتە جیاوازەکان دەپارێزن، بەڵکو شەرعییەتیش بەو دەسەڵاتانە دەدەن، مادام (وەکو خۆیان ئاماژەی پێ دەکەن)، هیچ کوفرێکی ئاشکرایان ئەنجام نەداوە. بەو جۆرە، سەلەفیەتی دەعەوی، بەشێکن لەو چوار کەتیگۆرییەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێداوە و زیاتر سەر بە قوتابخانە جیاوازەکانی سەلەفیەتی سعودین. هەڵبەت هەر چواریشیان بە شێوازی جیاواز یەکتری دەبڕن. زۆرینەی ئەوانەش سەر بە سەلەفیەتی مەدخەلین، لەو دەرکەوتن و سەردانانەی ڕێبەری ئەو سەلەفییانەش بۆ لای سەرۆکی حزبەکانی دەسەڵات، ئاماژەی ئەو زێدەڕۆییە دەبینین کە مەدخەلییەکان لە نزیکبوونەوەیان بۆ دەسەڵات هەیانە.

ڕەوتی سەلەفیەتی جیهادی، لە کۆمەڵێک بنەما و خەسڵەت لەگەڵ کەتیگۆری سەلەفیەتی دەعەوی یەکدەگرنەوە. جیاوازی جەوهەریی نێوان سەلەفیەتی جیهادی لەگەڵ سەلەفیەتی دەعەوی، مەسەلەی جیهادە. بەلای سەلەفیەتی جیهادییەوە، جیهاد فەرزی عەینە لەسەر هەموو تاکێکی موسوڵمان، لەپاڵ ئەوەش تەکفیری هەر حاکمێك دەکەن کە حوکم بە شەریعەت نەکات. بەڵام بەلای سەلەفیەتی تەبلیغییەوە، جیهاد فەرزی کیفایەتە، بە مانای ئەوەی ئەگەر هەندێك موسوڵمان جیهادیان کرد، لەسەر ئەوانی دیکە نامێنێت و گوناهبار نابن. جگە لەوەش بە پێچەوانەی سەلەفیەتی جیهادی، حاکم یا دەسەڵات تەکفیر ناکەن، ئەگەر کوفرێکی ڕاشکاویان لێ نەبینن.

**سەلەفیەت قوتابخانەیەکی فیکری ڕووت نییە، بە قەد ئەوەی کە دەیەوێت وەکو تائیفەیەک دەرکەوێت**

سەلەفیەتی دەعەوی بە گشتی خۆیان لە ململانێی سیاسی دەپارێزن، بەڵام لە هەمان کاتدا لە شەڕێکی فیکری نەپساوە دان لەگەڵ هەموو ئەو حزبانەی لەڕووی فیکرییەوە، سەر بە یەکێک لە قوتابخانە

فیکرییەکانی دەرەوەی ئیسلامیزمن، وەکو ناسیۆنالیزم و سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم و تاد. تەنانەت دژ بە سەلەفیەتی حەرەکیشن، کە بریتین لە هەموو ئەو گرووپە ئیسلامییانەی وەکو حزبی سیاسی خۆیان ڕێکخستووە، بە پاساوی ئەوەی لە ئیسلامدا حزبی سیاسی نەبووە و یەکێکە لە بیدعەکان. لەو ڕووەشەوە، پێکاویانە، چونکە ڕێکخراوبوون لە شێوەی حزبی سیاسی دیاردەیەکی مۆدێرنەیە و لە مێژووی عەرەبی ئیسلامیدا شتێک نەبووە بە ناوی حزبی سیاسی ڕێکخراو.

کەتیگۆری سێیەم: سەلەفیەتی حەرەکی، هەموو ئەو پارت و گرووپانەن کە لە چوارچێوەی فۆرمێکی ڕێکخراوەییدا خۆیان ڕێکدەخەن. بزووتنەوەی ئیخوان بە دایکێکی بایۆلۆژی هەموان دادەندرێت. یەکێک لە خەسڵەتەکانی سەلەفیەتی حەرەکی کارکردنە لەگەڵ پارت و حزبە جیاوازەکانی دیکە و چوونە ناو پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردنە، کە لە سەلەفیەتی جیهادی جیای دەکاتەوە. سەلەفیەتی جیهادی باوەڕی بە پرۆسەی دیموکراسی نییە، هەموو کۆمەڵگەیان بەلاوە جاهیلییەتە. زیاتر ڕووبەڕووبوونەوە هەڵدەبژێرن و دژ بە هەموو دەسەڵاتێکی وڵاتانی ئیسلامین.

**ئایینناسی: ئایا ئاڕاستەی ئەو سەلەفیەتەی لە هەرێم هەیە، زادەی وەرچەرخانی ڕەوتە ئایینییەکانی ناوخۆیە، یان هاوردەکاری دەرەوەیە بە گونجاندن و جێکردنەوەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا؟**

د. ئیبراهیم مەلازادە: ئەگەر ڕاشکاو بم، ڕەوتە ئایینییەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، هاوردەکاری دەرەوەن. کام ڕەوتی ئایینی هەیە بێجگە لە سۆفیزم، هاوردەکراو نەبێت، هەر لە فیکری ئیخوانەوە بگرە تا دەگاتە سەلەفیزمی جیهادی و دەعەوی؟ لە کۆمەڵگەی کوردیدا یەک ڕەوتی ئایینیمان هەیە لە پاڵ سۆفیزم، ئەویش ڕەوتی مەلا و مزگەوتی کوردییە، کە چەندین سەدەیە ئیدارەی مزگەوت و حوجرە و بانگەوازی ئایینی کوردستانی دەکرد، بەڵام ئێستا خەریکە لەژێر فشاری ئیسلامی سیاسی و سەلەفیزم بەرەو کۆتایی دەڕوات. ئیسلامی کوردی لەژێر فشاری ئیسلامی هاوردەکراودا، لە گیانەڵادایە.

وەکو لە پێشەوە باسم کرد، سەلەفیەت بە مانای گەڕانەوە بۆ سوننەت و ئاساری سەحابە و تابیعینەکانە. مەرجەعی سەرەکی سەلەفییەکان بە گشتی، بە تایبەتیش سەلەفیەتی دەعەوی وەلائی، ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، ئیبن تەیمییە، ئیبن قەیمی جوزی، محەممەدی کوری عەبدولوەهاب، بن باز و ناسرەدینی ئەلبانین. هیچ یەکێك لەو ناوانە کورد نین. هیچ یەکێکیش لەو ناوانە ئاشنا نەبوون بە خەم و خەونەکانی کۆمەڵگەی کوردی، بەڵام ڕەوتی شافیعی مەزهەب

سـەدان مـەلای کـوردی بەرهـەمهێـناوە و بەشێکیان گەیشتوونەتە پلەی زانایی و عیرفـان. بەشێکیـان ڕێبـەرێتی شـۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردییان کردووە، بە جۆرێک تەنها کـورد زۆرینـەی شـافیعی مەزهەبن و وابەسـتـەن بە عـەقیـدەی ئەشـعـەری، ئەگینا لەناو هەموو میللەتانی دیکەدا شـافیـعی مـەزهـەب ئـەگـەر هـەشبن، کەمیـنـەن. بـۆیـە شـافیـعی مـەزهـەب بە هۆی ڕەهەندە مێژووییەکەیەوە تێکەڵ بە خەباتی نەتەوەیی بـووە و کوردێـنـدراوە و ڕێبەرانی بزووتنەوەی ڕزگاری کوردستـان، زۆریان مەلا و شارەزا بوون لە شـەریعەت و شـافیعی مـەزهـەب بـوون، بێجگە لە سەید ڕەزای دەرسیمی.

هـەر لـەو دووڕیـانـەشـەوە شـتێکی دیکە هەیە کە زۆر گرنگە، ئەویش ئەو قۆناغە مێژووییەی کوردە، کە هێشتا داگیرکراوە و خـاوەن دەوڵـەت و سـەربـەخۆیی خۆی نییە. سـەلـەفیـەت ئـەو خـەونـە بـۆ هـەتـا هـەتـایـە لـەبـار دەبـات، چـونکـە خـەونی سـەلەفیەت نییە مرۆڤی کورد ئازاد بکات و دەوڵەتی بۆ دابنێت، بەڵکو خەونەکەی ئـەوەیـە لـە دۆخی بیـدعـە و گـۆڕپـەرستن (وەکـو خـۆیـان دەیـڵێن) بیـگـوازێتـەوە بۆ دۆخی یەکتاپەرستی. یەکتاپەرستیش بە مەرجەکانی خۆیان. کۆمەڵە مەرجێک کە تیایدا مرۆڤ دەبێتە بەشێک لە مێژوو. چی تر بەشدار نابێت لە دروستکردنی مێژوو، بەڵکو دەبێتە ئامێرێکی چەسپیو، عاسێ لەناو کۆڵانەکانی مێژوودا، لەپێناو گەڕان بە دوای ئەکتەرەکانی ئەو مێژووەوە، داخۆ چۆن دەستاویان گرتووە، یەک بەردیان بە خۆیاندا هێناوە، یان سێ بەرد، لە کاتی نانخواردندا لەسەر چۆک دانیشتوون، یا بە پانی. سـەرەتا بە دەستی ڕاسـت نانیان خـواردووە، یـان بە دەسـتی چـەپ. بەپێوە ئـاویـان خـواردووەتـەوە، یـان دانیـشتن. ئەگەر دەستیان بە دەستی ژنێک کەوت دەستنوێژ بشۆنەوە، یان نا. ئەمە و دەیان و سـەدان پرسی لاوەکی ڕۆژانـە دەبێتـە خەون و خولیای هەوادارانی سەلەفیەت و هـەرچی ئـازادی و سـەربـەخۆییـشـە، دەبێتە چیرۆکێکی تاڵ و لەبیرکراو.

## ئیسلامی کوردی لەژێر فشاری ئیسلامی هاوردەکراودا، لە گیانەڵادایە

ئەوەش بە هۆکارێکی زۆر سادە، چونکە هیچ یەکێك لەو پارت و گرووپ و ڕەوتانەی لـە کـوردسـتـان هـەن بـە گـشتی، زادەی خـەمی خـەڵك و ئـازادی و سـەربـەخۆیی نین، زادەی وەرچـەرخـانی نـاوخـۆیی نین و هـاوردەکـراون و زادەی تـەفـسیری عـەرەبی و تورکی و فـارسین، بـە جۆرێك زۆربـەی جـاران دەیانـەوێت کۆمەڵگەی کوردی لـەگـەڵ دوونیابینی و ئایدۆلۆژیای خۆیان بگونجێنن، نـەك بە پێچەوانەوە، چونکە لە زیهنی ئەوانەدا ئەو بەرنامەیەی

هەڵیانگرتووە، کە زۆربەی جاران بە ڕێگای ڕزگاری و سەرفرازی دەزانن، لە دەرەوەی کۆمەڵگە و نەتەوە و خەڵکە. مەرجەعیەتیشیان ئەو توراسەیە کە پەیوەندی بەو قۆناغەی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستانەوە نییە. پشتیوانیکردنی ئەو گرووپانە زۆر گوماناوییە و جێگای توێژینەوەی جیدییە.

بەو جۆرە، لەسەر بنەمای (خیر القرون قرني)، دەیانەوێت کۆمەڵگەی کوردستان لە چوارچێوەیەکی ئایینی تەسک و ئاڵۆزدا سنووردار بکەن، بیکەن بە ئامرازێک بۆ شەڕی بیدعە و بەناو خورافە و گەڕاندنەوەی بۆ کۆلانە تاریکەکانی دەسەڵاتی ئەمەوی و عەبباسی و جارێکی دیکە کورد ڕابێننەوە لەسەر دەستەواژە کلاسیکییەکانی ڕاعی و ڕەعیە.

## ئایینناسی: ئاستی ڕەنگدانەوەی بیری سەلەفی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی چۆن دەبینی؟

د. ئیبراهیم مەلازادە: ئامادەباشی مرۆڤەکان وەکو بەربەستێکە هەمیشە لەسەر پێ وەستاوە دژ بە هەموو فیکر و شەپۆلێکی نوێی کولتووری. سەرەتا ناهێڵێت هیچ شەپۆلێکی نوێی کولتووری، یا فیکری کاری تێبکات، ڕێک وەکو خرۆکە سپییەکانی بەرگری (immunity) جەستەی مرۆڤ. کە تەنێکی نوێ دەچێتە ناو جەستە، هەموو خرۆکە سپییەکان جوڵۆک دەبن و وەکو سەربازێکی ماندوونەناس دژ بەو تەنە نامۆیانەی دەچنە ناو لەش، لە جەنگێکی هەمیشەییدان. کۆمەڵگەش هەر وایە، هەمیشە هەوڵ دەدات بەرگری لە سیستمی کۆمەڵایەتی خۆی بکات و ناهێڵێت هەرچی هات و بڵێ دەمەوێت بێمە ژوورە، پێی بڵێن بەخێربێیت. بەڵام ئەو ئامادەباشییە تاهەتایە بەردەوام نابێت، وەکو باڵۆن وایە، چەند فشاری بخرێتە سەر هێندە ئەگەری دڕانی زیاد دەبێت و دەتەقێت.

کە ئامادەباشی مرۆڤ دڕا، ئەوسا ئەو شەپۆلە نوێیە، فیکری بێت یا کولتووری، بە ئاسانی نەك هەر دێتە ژوورەوە، بەڵکو سەربازی تازەشی بۆ پەیدا دەبن و بەرگری لێدەکەن. کە ئایینێک دێت، هەموو کۆمەڵگە دژی دەوەستن، بەڵام دوایی لەڕێی هێزەوە بێت، یا هەر جۆرە بارودۆخێک، کە خۆی سەپاند و چووە ناو هەموو ماڵێکەوە، ئەوە نەوەی دووەم و سێیەمی ئەو کۆمەڵگەیە، لەوە تێناگەن باوانیان چ ئازارێکیان بەو ڕەوت و ئایینە نوێیە بینیوە. نەوەکان نەک هەر هەست بە ئازارەکانی باوانەکانیان ناکەن، بەڵکو لەلایەک نەفرەت لە باوانەکانیان دەکەن، ئەوانەی پێشتر هەڵگری ئایینێکی دیکە بوون و پێیان وایە زەندیق بوون و لەسەر ڕێگای هەڵە بوون. بۆ خۆشییان بە هەموو هێز و توانایانەوە دەبن بە سەربازی ئایینە نوێکە. ئەمە لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر باوە. ئێستا موسوڵمانەکان دەچنە سەر

گۆڕی باوانیان کە پێشتر موسوڵمان نەبوون، بەرد بە گۆڕەکانیانەوە دەنێن و نەفرەتبارانیان دەکەن. بۆ ئەمەش هەڵگری هەموو ئایینەکان هەر وان. هەموو ئایینەکانیش بە سەدان بەڵگە و ئەرگومێنتیان هەیە بۆ ڕاستی و هەقی ئایینەکەی خۆیان.

سەلەفیزم، وەکو لە پێشەوە باسم کرد، زیاتر نزیکە لە تائیفە (Sect)، تا چەند ڕاوبۆچوونێکی جیاوازی مەزهەبی. تەماشاکەن شافیعییەکان مەزهەبێکی دیکەی ئەهلی سوننە، نەک هەر بە کافر نازانن، بەڵکو هەندێك جار لە دۆخی پێویستدا بەلایانەوە ئاساییە خۆیان تەقلیدی مەزهەبێکی دیکەی وەکو حەنەفی، یا مالیکی بکەن، بەڵام تائیفەی سوننە، چونکە بۆ خۆیان تائیفەیەک، یا ڕەوتێکی سەربەخۆن (Sect)، زیاتر لە ئایینێکی سەربەخۆوە نزیکترە تا مەزهەب، شیعە بەکافر دەزانن. شیعەش بەهەمان شێوە، چونکە تائیفەیەکی سەربەخۆن و لە ئایینێکی سەربەخۆ و جیاواز لە سوننە نزیکترە، سوننە بە کافر دەزانن. چۆن موسوڵمانێک و مەسیحییەک یەکتر بە کافر دەزانن، هەر ئاواش سوننییەک و شیعەیەک یەکتر بە کافر دەزانن، چونکە دوو ئایینی جیاوازن. سەلەفیەتیش بەهەمان ئاراستە و ڕێچکەدا ڕۆیشتووە و دەڕوات. خۆ تازە نییە سەلەفیەت تێکڕای مەزهەبەکان، سۆفییەکان، ئەشعەری و شیعە و هەموو گرووپەکانی دیکە بە کوفر و زەندەقە دەزانن. لەڕووی ستراتیژیشەوە، ئەوە مەترسییەکی زۆری هەیە لەسەر یەکڕیزی و هاوسۆزی خەڵکی کوردستان.

سەلەفیەت لە ڕێی مینبەرەکان و کەناڵە بینراو و بیستراوەکانەوە، تا ئاستێکی زۆر ڕۆچووە، ئامادەباشی خەڵکی دڕاندووە، دەسەڵاتی سیاسی لەپێناو ئامانجە سیاسییەکانیان بەرگریان لێ دەکەن، چونکە لەوە تێگەیشتوون ڕەوتی سەلەفیی دوو ئەرک جێبەجێ دەکەن. ئەرکێکیان ڕاکێشانی سۆز و خواستی خەڵکە بەرەو لای خۆیان، دڕاندنی ئامادەباشی خەڵکە. ئامادەباشییەک دژ بەو کولتوورە سیاسییەیە، کە ئەمڕۆ لە هەرێم باوە. کولتوورێکی سیاسی کە بێباکە لە بەرامبەر خواستە نیشتمانی و ستراتیژییەکان، پەنا بۆ هەموو جۆرە هەوڵێک دەبەن بۆ پارێزگاریکردن لەو دۆخە سیاسییەی کە دروستیان کردووە. ئەرکێکی دیکەش لێدانی هەموو ئەو پارت و گرووپانەیە کە دژ بە ئەوان دەجوڵێنەوە.

ئێستا هەست بەو دڕانە ناکەین. ڕۆژانە پەیامی جیاوازمان پێدەگەن و ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکەین. هەندێکیان بوونەتە ئاسایی و لەوانەیە دڵیشمان پێیان خۆش بێت، هەندێکیشیان دەکەونە ململانێ لەگەڵیان، تا ئەو چرکەساتەی یادەوەریمان ماندوو دەبێت و خۆمان ڕادەستی پەیامە هاتووەکان دەکەین و

ڕابردوومان بیر دەچێتەوە. ئەگەر وەها بڕوات، سەلەفیەت سۆسیالیزە دەبێت و دەچێتە ناو هەموو ماڵێک، ئەگەر تا ئێستاش نەچووبێت. لێرەشەوە، لەجیات شەڕی ئازادی و پرسە نیشتمانییەکان بکەین، دەبێت ئەو کات شەڕی بیدعە و شیعە و سۆفیزم بکەین و ببین بە ئێشکگری گۆڕستان، نەبادا کەسێك بچێت لەسەریان بپاڕێتەوە.

**ئایینناسی: دەوترێت ڕۆژلە دوای ڕۆژ هەوادارانی بیری سەلەفی لە هەرێمی کوردستان ڕوولە هەڵکشانن و پێشوازی لەو بیرە دەکرێت، ئێوە هۆکاری ئەمە بۆچی دەگێڕنەوە؟**

د. ئیبراهیم مەلازادە: وەکو لە کۆتایی وەڵامی پێشوودا وتم "ئەگەر وەها بڕوات، سەلەفیەت سۆسیالیزە دەبێت و دەچێتە ناو هەموو ماڵێک". یەکەم هۆکاریش دەگەڕێتەوە بۆ دڕانی ئامادەباشی خەڵك لە هەرێمی کوردستان. ئەو باڵۆنەی تا ئەمڕۆ نەیدەهێشت سەلەفیزم پێ بنێتە ناو خاك و کۆمەڵگەی کوردی، ئەو باڵۆنە دڕا. ئێستا هەموو دەرگاکانییان بۆ سەلەفییەت واڵا دەکەن.

**دووەم:** سەرچاوەکانی دارایی سەلەفیزم، نەوتی کەنداو و توانایەکی مادی زەبەلاحە. لە هەرێمی کوردستانیش بەدەیان ناوەند و سەنتەر و مزگەوت و مینبەریان لەبەردەستدا هەن. ڕادیۆ و کەناڵی ئاسمانییان بۆ ئامادە کراون و ڕۆژانە لە کەناڵە بینراو و بیستراوەکانەوە، لە مینبەرەکان و شەقام و کۆڵانەکاندا شەڕی ئیسلامەتی خەڵکی کوردستان دەکەن لەپێناو زاڵکردنی تەفسیر و ڕوانگەی خۆیان.

**سێیەم:** سەلەفییەکانی ئەمڕۆ دەیان شۆرەتی وەکو دکتۆر و مامۆستای ئایینییان وەرگرتووە و سەدان سەرچاوەی کتێبی کوالیتی بەرزیان بۆ چاپ دەکرێت و دەیان ئامرازی هەمەجۆریان لەبەردەستدایە. سوودان و یەمەن بوون بە سەرچاوەی ئەو بڕوانامانەی کە کەس نازانێت بە چ ستانداردێك بەدەستی دەهێنن، ئەوەندە نەبێت کەسێکیان سەفەر دەکات و زۆرنابات دێتەوە و دەڵێت بڕوانامەی دکتۆرام وەرگرت و دەبێتە جێگای سەرسامی خەڵکێکی زۆری ئەم وڵاتە.

**شافیعی مەزهەب بە هۆی ڕەهەندە مێژووییەکەیەوە تێکەڵ بە خەباتی نەتەوەیی بووە و کوردێندراوە و ڕێبەرانی بزووتنەوەی ڕزگاری کوردستان، زۆریان مەلا و شارەزا بوون لە شەریعەت و شافیعی مەزهەب بوون**

**چوارەم:** سەلەفییەکان دۆخێکیان دروستکردووە، هەموو فیکرێکی ئازاد

و پێچەوانەی خۆیان ناشیرین دەکەن، سوکایەتی بە هەموو کەسێک دەکەن کە پێچەوانەی خۆیان بێت. ئەمەش ئامرازێکە بۆ ناشیرینکردنی بەرامبەر و خستنیان لەبەرچاوی خەڵک. مانای وایە ئەوان باوەڕیان بە هەڵتەکاندنی تاکەکان و بیناکردنەوەیان هەیە بە شێواز و میتۆدی خۆیان.

**پێنجەم:** لە هەموو ئەوەش گرنگتر، کۆمەڵگەی کوردی بە کۆمەڵە قەیرانێکدا تێپەڕ دەبێت، لەناو بۆشاییەکی فیکری ترسناکدا دەژیت. لەلایەك هیچ هێزێکی فیکری ڕێکخراو لە باشوور نابینرێت بێجگە لە سەلەفیزم و پارت و گرووپە ئیسلامییەکان. لە ئاکامیشدا ململانێیەکی فیکری لە باشووردا نییە، کۆڵان و پانتاییەکانی کۆمەڵگە بە تەواوەتی والآن لەبەردەم ئەو هێز و گرووپانە. هەروەها هێزەکانی دەسەڵات دۆخێکی هێندە بێ متمانە و ئاڵۆزیان دروستکردووە، هەر چی ڕوو دەدات لە بەرژەوەندی ئەو گرووپە ئایینییانە دەشکێتەوە. بە کورتی پارتی و یەکێتی لە ئەنجامی ململانێی ناشەرعی خۆیان، وەکو دوو هێزی بنەڕەتی دەسەڵات، کە لەمێژە هیچ شەرعیەتێکیان بۆ دامەزراوەکانی هەرێمیش نەهێشتووەتەوە، کۆمەڵگەیان بە تەواوەتی پشتگوێ خستووە و داویانەتە دەست ئەو هێز و گرووپانە.

**شەشەم:** ڕەوتی مزگەوت و مەلاکانی کورد بە تەواوەتی پاشەکشەیان کردووە و گۆڕەپانیان ئاوەڵا کردووە بۆ ئەو گرووپە نامۆیانە بە کۆمەڵگەی کوردی. بەشێکی زۆر لەو مەلایانەی کە ئیعتیبارێکیان هەبوو کۆچیان کرد، بەشێکی دیکەش بێ توانابوون و خانەنشین کراون.

بەو جۆرە، ئەوان ڕۆژانە لە کار و چالاکی دان، بە دەیان ئامرازیان بەدەستەوەیە و خۆیان بە دامەزراوە دەکەن. تێکەڵی هەموو کون و کەلەبەرەکانی کۆمەڵگە دەبن و بەرەو دوورترین خاڵ و گوند و لادێی باشووری کوردستان دەکشێن.

## ئایینناسی: بیری سەلەفی چ جێکەوتەیەکی لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان هەبووە؟ بە مانایەکی دیکە، پێتوایە بیری سەلەفی مەترسییە لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان؟

د. ئیبراهیم مەلازادە: فرەیی کولتووری، یەکێکە لە دیاردە باوەکانی کۆمەڵگەی کوردی، کە بە سروشتی خۆی کۆمەڵگەیەکی لێبووردەیە بەراورد بە کۆمەڵگەی تورکی و عەرەبی. هەڵبەت ئەوە مانای وانییە کە کەموکوڕی زۆر نین، بەڵام کۆمەڵگەی کامڵ لە هیچ شوێنێکدا نییە.

کێشەی سەلەفیزم، کێشەی مرۆڤبوونە. سەلەفیزم مرۆڤی وەکو خۆی قبوڵ نییە. بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤ، هیچ کەسێك لەسەر ئەم خاکە مافی ئەوەی نییە

کەسێکی دیکە لەسەر بنەمای جیاوازی بیروباوەڕ، نەک ئازار بدات، بەڵکو مافی ئەوەی نییە پێشی بڵێت تۆ هەڵەیت و لەسەر ڕێگای ڕاست نیت. مرۆڤێک بە هۆکاری ئایینی بە یەکێکی دیکە بڵێت، تۆ لەسەر بیروباوەڕی هەڵەیت و دەچیتە دۆزەخ، ئەوە بە دڵنیایی پێشێلی مافەکانی ئەو کەسەی کردووە. هەموو مرۆڤەکان ئازادن، لە بیرکردنەوە و ڕادەربڕین و پۆشینی هەر جۆرە جلوبەرگێك.

بۆیە، بێگومان سەلەفیزم مەترسییە لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیان، نەک هەر لەسەر غەیرە موسوڵمان، بەڵکو لەسەر خودی ئەو موسوڵمانانەش کە پێچەوانەی سەلەفیزم ڕەفتار دەکەن. لە هەولێر بۆ نموونە، سوننی، شیعە، مەسیحی، ئێزیدی، کاکەیی، بەهائی، سابیئی، بێ ئایین و ئەتایستەکان و باوەڕدارە بێ ئایینەکان (ڕەوحانییەکان) دەژین. ئێستا ئەو ئازادییەی سەلەفییەکان هەیانە، خودی شافیعییەکان نیانە، کە زۆرینەی وڵات پێکدێنن.

## سەلەفیەت تێکڕای مەزهەبەکان، سۆفییەکان، ئەشعەری و شیعە و هەمووگرووپەکانی دیکە بە کوفرو زەندەقە دەزانن

لەلایەکی دیکەوە، سەلەفیزم گەورەترین مەترسییە لەسەر کولتوور و سایکۆلۆژیا و بەها و نۆرمەکانی خەڵکی کوردستان. بڕۆ ناو زانکۆکان، کولتووری پێچەی یەمەنی، کە کولتوورێکی ڕووتی عەرەبییە و لەو ڕێیەشەوە کەوتووەتە ناو توراسی ئیسلامی، ئێستا بووەتە دیاردە و ڕۆژانە لە زانکۆکان بە بەرچاوی هەموومانەوە خوێندکاری دەموچاو داپۆشراو، هاتوچۆ دەکەن، نە ئیدارەی زانکۆ و نە هیچ مامۆستایەکیش بوێری ئەوەیان تێدا نییە ئەو دیاردە نامۆیە بە کۆمەڵگەی کوردی لە زانکۆ قەدەغە بکەن. هەروەها مۆسیقا و هونەر بە هەموو جۆرەکانییەوە حەرامە و پەیکەرەکان دەبێت بشکێنرێن.

گوتارێك لە ڕادیۆ و کەناڵەکان و مینبەرەکان پەخش دەکرێت، گوتارێکی ڕقاوی و ترس و تۆقاندنە و هەموو ڕیزبەندییەکانی ڕۆژانەی خەڵك لینگاوقووچ بوونەتەوە و کاروکەسابەت بووەتە ڕاوە بیدعە. ئەمەش لە قۆناغێکی سەرەتاییدا بۆ حزبەکانی دەسەڵات غافڵاندنی خەڵکە بە شتی لابەلا و بۆ دواتریش بە دڵنیایی وەکو ئەژدیها ژەهر بە قوڕگی خودی حزبەکانی دەسەڵاتیشدا دەکەنەوە.

## ئایینناسی: هیچ مەترسییەك هەیە لە زاڵبوونی بیری سەلەفی بەسەرگوتاری ئایینی لە هەرێمی کوردستان؟

د. ئیبراهیم مەلازادە: گوتاری ئایینی لە هەرێمی کوردستان دابەش دەبێتە سەر

سێ گوتار. گوتارێکی ئاسایی لەمێژینە، کە بریتییە لە گوتاری مزگەوت و مەلاکانی کورد و ئامۆژگاریکردنی خەڵك، بە مۆرکێکی کوردەواری، بەڵام ئەو گوتارە خەریکە بەرەو لەناوچوون دەچێت، چونکە بێجگە لە مینبەر و ڕۆژی هەینی هیچ ئامرازێکی دیکەی لەبەردەستدا نییە، بێجگە لەوەش ئەو مەلایانەی کە ڕەهەندێکی کوردانەیان هەیە، بە شێوەیەکی دراماتیکی بەرەو کەمبوون، ڕۆیشتوون و خەریکە ئەو شێوازە لە مەلایەتی و دینداری لەناودەچێت. لە بەرامبەردا لەشکرێک لە دەرچووی شەریعە هەن، کە زۆرینەیان لەژێر هەژموونی سەلەفیەت و پارت و گرووپە ئیسلامییەکاندان. بەشێکی زۆریش لەو دەرچوانە بێجگە لە زمانێکی زبر و پەلاماردانی خەڵك، شتێکی دیکە نازانن. نەك هەر ئەوە، بەڵکو بەشەکانی زمانی عەرەبیش لە زۆربەی زانکۆکان، لەجیاتی ئەوەی شارەزا لە زمانی عەرەبی بەرهەم بێنن، سەلەفی بەرهەم دێنن.

دووەمیان گوتاری ئیسلامیزمە. ئەم گوتارە زۆر جیاوازی نییە لەگەڵ گوتاری سەلەفیزم، بە مانایەکی دیکە، گوتاری سەلەفیزم بەهێز دەکات و ئیسلامییەکان کێڵگەیەکی ئامادەکراوی سەلەفیزمن. لەپاڵ ئەوەش، گوتارێکە لەزۆربەی سیماتەکانیدا دژ بە گوتاری نیشتمانییە و پەیامی جیاواز بە بەرگوێی هاووڵاتییاندا دەدەن. هێندەی پرسی بۆرما و کشمیر و چیچان و ئەفغانستان بە بنگوێی خەڵکدا دەچرپێنرێت، چارەگی ئەوەش باس لە کێشە و پرسەکانی خەڵکی کوردستان ناکرێت.

گوتاری سێیەمیش، سەلەفییەکانن. کاری ڕۆژانەی سەلەفییەکان تەسنیفکردن و فاسقکردن و ناسینی خەڵکە بە بیدعەچی. ئەوەی کۆیان دەکاتەوە، جۆرێکە لە ڕقبوونەوە لە هەموو خەڵك، هەر ئەوەشە وایان لێدەکات هەمیشە دابەش ببن و ببن بە گرووپی جیاواز بەپێی کەسەکان و ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان. هەندێک جار یەکدی تۆمەتبار دەکەن بە لادان و جیدی نەبوون لەسەر بنەماکانی سەلەفیەت. ئینجا کە دابەشیش دەبن هەر گرووپێک سوکایەتی بە گرووپەکەی دیکە دەکات و بە سەر لێشێواو وەسفی یەکدی دەکەن.

بەو جۆرە، گوتارێکی میزاجی و دژوار و پەنگخواردوو بە زەبروزەنگ، هەندێک جاریش لە چوارچێوەی فیقهی سەلەفییەکان، هاوپێچ بە ناشیرینکردنی بیروباوەڕی خەڵک و بڵاوکردنەوەی ڕق و پۆز و سوکایەتیکردن بە هەموو خەڵك. گوتارەکەیان، ڕۆژ تا ئێوارە دابەشکردنی کۆمەڵگەیە لە نێوان ئەشعەری و بیدعەچی و سۆفی و شیعە، لە بەرامبەر پێڕی ڕزگاربوودا "الفرقة الناجية"، کە مەبەستیشیان لەو پێڕە تەنها گرووپی خۆیانن. لە حەدیسێکدا هاتووە کە موسوڵمانان دابەش دەبنە سەر ٧٣

گرووپ، بەڵام ئێستا هەر خودی سەلەفییەکان، ٧٣ گرووپیان لەنێو خۆیاندا تێپەڕاندووە.

ئەو جۆرە بەرتەسککردنەوەیەی ژیانی تایبەتی خەڵک و دەستبردن بۆ پەیوەندییەکانی ناو خێزان، بەناوی فیکر و مەزهەبێکی نامۆ بە ئایین و ژیان و کولتووری ئەو میللەتە، لە فۆڕمێکی عەقیدەیی وشک و دوور لە سەماحەت و لێبووردەیی، ڕێژەی هەرە زۆری کوردی موسوڵمان، نەک هەر باوەڕیان پێی نییە، بەڵکو هەر سەریشی لێ دەرناکەن.

**ئایینناسی: لەم ماوەی دو اییدا لەسەر چەندین بابەت، شەقامی کوردی بۆ سەر هەردوو بەرەی ئایینی و عەلمانی دابەشبوون، سەلەفیەت چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر قوڵبوونەوەی ئەو دابەشکارییە؟**

د. ئیبراهیم مەلازادە: سەرەتا خودی پرسیارەکە هەڵەیە، چونکە بەرەیەک نییە بە ناوی عەلمانییەت. باشترە لە جیاتی عەلمانییەت ناوێکی دیکەی بۆ بەکار بێنن. بەرەیەکی دیکەش هەیە دەکرێت ناوی بنێن ئایینی، باشتریشە پێی بڵێن ئیسلامی، چونکە ئەوانەی بەرگری لە ئایین دەکەن، لەلایەک لە پرس و کێشەکان تێناگەن، لەلایەکی دیکەشەوە کەوتوونەتە ژێر کارایی ئیسلامییەکان. ئیسلامیزم زۆر سەرکەوتوو بووە لە سۆسیالیزەکردنی نۆرم و بەهاکانیان. بە مانای ئەوەی ئیسلامییەکان و لەنێویشیاندا سەلەفییەکان چی دیکە پێویستیان بەوە نییە لە هەموو پرسێک بێنە گۆ و بەرگری لەو نۆرمانە بکەن کە ئەوان هێناویانەتە ناو کۆمەڵگە. بۆیە ئێستا هەر پرسێك بوروژێنرێت، خەڵکی ئاییندار، کە هیچ پەیوەندییان بە ئیسلامیزمەوە نییە، دەکەونە بەرگری، یان ڕەتکردنەوە، لە بنەڕەتدا شەڕی بە وەکالەتە و پێشتر ئیسلامییەکان دەیانکرد. یەکێکیش لەو دیاردانەی کە تەشەنەی کردووە؛ جوێندان و سووکایەتی کردنە بە نەیارەکانیان. ئەوەیە هەر کەسێك یەک پۆستی دژ بە ڕاوبۆچوونی ئەوانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دابەزێنێت، بەسە بۆ ئەوەی بکەوێتە بەر نەفرەتیان و جوێنباران بکرێت و سوکایەتی ئەو دونیایەی پێ بکرێت.

سەبارەت بە عەلمانییەت، بەرەیەک نییە بەو ناوە، چونکە لەوانەیە موسوڵمانت هەبێت، باوەڕی بە عەلمانییەت هەبێت. عەلمانییەت سیستمی حوکمە، واتە جیاکردنەوەی ئایدۆلۆژیایە لە دەسەڵات. پیاوانی ئایین کارەکانی خۆیان لە پانتایی ئایینیدا دەکەن، مزگەوت بێت، یا هەر جۆرە پەرستگایەك، بەڵام نابەن بۆ پانتایی دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت. حکومەت هی هەموانە، بە ئاییندار و بێ ئایینەکان. لێرەدا مەبەست لە ئایین هەموو ئایینەکانە. هەموو ئایینەکان ڕێز لێگیراون، دەوڵەتیش چۆن هی هەموو

ئاینداره‌كانه‌، هی بێ ئایینه‌كانیشه‌. ئه‌گه‌ر ده‌وڵه‌ت پشتیوانی مادی له‌ ئاینداره‌كان بكات، خۆ ده‌بێت پشتیوانی مادی له‌ بێ ئایینه‌كانیش بكات، چونكه‌ هه‌ر دوو لا هاووڵاتین و یه‌ك جۆر ئه‌رك و مافیان هه‌یه‌. ئه‌گه‌ر گرووپێكی موسوڵمان، داوای موچه‌یان بۆ مه‌لای مزگه‌وتێك كرد، له‌ هه‌مان كاتیشدا گرووپێكی بێ ئایین داوای موچه‌یان بۆ به‌ڕێوه‌به‌ری ناوه‌ندێكی گردبوونه‌وه‌ كرد بۆ خۆیان، كاری ده‌وڵه‌ت نییه‌ پشتیوانی مادی له‌ هیچیان بكات. ڕێگای كردنه‌وه‌ی مزگه‌وت و ناوه‌ندێكی گردبوونه‌وه‌ بۆ هه‌ردوو گرووپه‌كه‌ ئازاده‌، به‌ڵام ده‌وڵه‌تی عه‌لمانی پشتیوانی مادی له‌ هیچیان ناكات. له‌پاڵ ئه‌وه‌شدا، هه‌رچی له‌و توراسه‌ی كه‌ به‌ توراسی ئیسلامی، یا به‌ شه‌ریعه‌ ناسراوه‌، ڕێگا به‌ هیچ گرووپێكی ئایینی جیاواز ناده‌ن، بۆ نموونه‌ ڕێگا ناده‌ن مه‌سیحییه‌كان كڵێسایه‌ك بۆ خۆیان دروست بكه‌ن، چ جای ئه‌وه‌ی گرووپێكی بێ ئایین ڕێگایان پێ بدرێت شوێنێكییان هه‌بێت.

بۆیه‌، وێناكردنی ململانێ له‌نێوان ئایینی و عه‌لمانی هه‌ڵه‌یه‌كی كوشنده‌یه‌، نابێت ئه‌و ململانێیه‌ بخرێته‌ نێوان ئایندار و عه‌لمانییه‌ت. له‌وه‌ تێده‌گه‌م كه‌ ئیسلامییه‌كان هه‌موو كه‌سێكی بێ ئایین به‌ عه‌لمانی هه‌ژمار ده‌كه‌ن. ئه‌مه‌ش له‌لایه‌ك بوونی جه‌هل و ڕقێكی كوێرانه‌یه‌ به‌ عه‌لمانییه‌ت، له‌لایه‌كی دیكه‌شه‌وه‌ به‌لارێدابردنی خودی ململانێكه‌یه‌، بۆ نموونه‌ له‌ نێوان گرووپێكی ئه‌تێیست له‌گه‌ڵ ئاینداره‌كان. یا گرووپێكی ناسیۆنالیست و ئاینداره‌كان. بۆیه‌ عه‌لمانییه‌ت به‌ره‌یه‌ك نییه‌ تا دژی پرسێكی دیاریكراو بێت. له‌ به‌رامبه‌ر به‌ره‌ی ئیسلامییه‌كان خه‌ڵی موسوڵمان له‌ سۆفی و ڕێژه‌یه‌كی زۆر له‌ مه‌لا و ناسیۆنالیست، ئه‌تێیست، سۆسیالیست و .... تا دوایی هه‌ن. هه‌ر بۆ نموونه‌ له‌ پێشه‌وه‌ باسمان له‌وه‌ كرد كه‌ سه‌له‌فییه‌كان دژ به‌ ئیسلامیزمی ڕێكخراون، دژ به‌ سۆفییه‌كانن، به‌ڵام سۆفییه‌كان ڕێژه‌یه‌كی زۆر له‌ مه‌لا و موسوڵمانه‌كان به‌گشتی دژ به‌ عه‌لمانییه‌ت نین. ده‌ست له‌ كاروباری حكومه‌ت وه‌رناده‌ن. كه‌م وایه‌ دابه‌زنه‌ ئاستێك كه‌ خه‌ڵك به‌ كافر بزانن. ئه‌گه‌ر پێشیان وابێت خه‌ڵكێكی بێ ئایین هه‌ن، له‌وانه‌یه‌ ئامۆژگارییان بكه‌ن له‌كاتی ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌دا، به‌ڵام دروشمی ته‌كفیركردن هه‌ڵناگرن.

## كێشه‌ی سه‌له‌فیزم، كێشه‌ی مرۆڤبوونه‌. سه‌له‌فیزم مرۆڤ وه‌كو خۆی قبوڵ نییه‌

به‌ڵام هه‌ر سه‌له‌فییه‌كان نه‌بوون كه‌ ئه‌و پرسه‌یان به‌لارێدا برد، وه‌كو چه‌مكی

عەلمانییەت، بەڵکو خودی ئیسلامییەکان توندتر بوون لەو بارەیەوە. بۆ نموونە ئیخوانەکان زۆر توندتر بوون و ڕۆڵێکی زۆریان لە ناشیرینکردنی ئەو چەمکە هەبوو. لەو بارەیەشەوە تێکەڵکردنی کارتەکان، لە پەیوەندی بە گشتگیرکردنی شرۆڤە و تێگەیشتن لە جێندەر، دژایەتیکردنی بەها و نۆرمە مۆدێرنەکان، هێشتنەوەی پێگەی ژنە لەپانتاییە تەقلیدییەکان و دابەشنەکردنی دەسەڵات. کێشەی ئیسلامییەکان، دەسەڵاتە. چۆن ئیمامەت پشکی پیاوە و بۆ ژن نییە داوای ئیمامەت بکات، بە هەمان شێوەش بۆ ژن نییە داوای دابەشکردنی دەسەڵات بکات لە ماڵەوە و دەرەوەی ماڵ. ئەوان دەڵێن ژن ڕێزلێگیراوە، بەڵام کێشەکە ڕێزگرتن نییە. مرۆڤ هەر چییەک بێت ناچارە ڕێز لە دایک و خوشک و خێزانی خۆی و کچەکانی بگرێت. بەڵام ئایا ئامادەیە بەیەك چاو تەماشای کوڕ و کچەکەیان بکەن؟

## کاری ڕۆژانەی سەلەفییەکان تەسنیفکردن و فاسقکردن و ناسینی خەڵکە بە بیدعەچی

لە سەلەفیەتدا، لەسەر بنەمای توراس، لە چوارچێوەی ژمارەیەک حەدیس و شرۆڤەی فیقهی ئیسلامیدا، ژن پێگەیەکی پاشکەوتووی هەیە. پیاو فەزڵی بەسەر ژندا هەیە. پیاو ڕێبەرێتی و ئیدارەی ماڵی بەدەستە. میراتی دوو ژن بەرامبەر میراتی یەک پیاوە، شایەتیدانی دوو ژن بەرامبەر شایەتیدانی یەک پیاوە، بۆ ژن نییە ئیمامەتی پیاوان بکات. پیاو بۆی هەیە چوار ژن بە یەکەوە کۆ بکاتەوە. پیاو بۆی هەیە پرس بە کچ و خوشکی نەکات و بەمێردیان بدات. ژن ناتوانێت بە تەنها سەفەر بکات بێ ئەوەی پیاوێکی مەحرەمی لەگەڵدا بێت. زۆر پرسی دیکەش هەن، هەر لە پەیوەندی بە ژنەوە. جێندەر هەموو ئەو پرسانە دەخاتە ژێر پرسیار و لێیان دەکۆڵێتەوە و ڕەتیان دەکاتەوە، خودی بنەما ئایینییەکان لەمەڕ ژنانەوە دەخاتە ژێر پرسیار. لەمەشیاندا سەلەفیەت ڕۆڵێکی ناشیرین و خراپ دەگێڕێت.

**ئایینناسی: دەوترێت بیری سەلەفی خزمەت بە دەسەڵات دەکات، ڕای ئێوە لەو بارەوە چییە؟ چۆن دەکرێت بیری سەلەفی خزمەت بە دەسەڵاتێك بکات کە بانگەشەی دیموکراسی دەکات؟**

ئیبراهیم مەلازادە: دەکرێت نیشانەی پرسیاریش لەبەردەم خودی ئەم پرسیارە دابنێین و بە پرسیارێکی دیکە بپرسین، کام سیستمی دیموکراسییە کە سەلەفیەت پشتیوانی لێ دەکات؟ هیچ سیستمێکی

دیموکراسی نییە بە بێ عەلمانییەت. دیموکراسییەت و عەلمانییەت دوو ڕووی یەک دراون.
لە سیستمی دیموکراسیدا هیچ وەزارەتێکت نابێت بە ناوی وەزارەتی ئەوقاف. لەشکرێک لە مووچەخۆر بە ناوی ئایین و نوێژکردن و وتارخوێندنەوە نابێت. لە سیستمی دیموکراسیدا دەکرێت دەزگای مزگەوت و کڵێسا، یا هەر دامەزراوەیەکت هەبێت، بەڵام ئەو دەزگایانە دەبێت بتوانن خۆیان، خۆیان بەڕێوە ببەن. موسوڵمانەکان، یا هەر گرووپێکی ئایینی دیکە، هەر کاتێك بیانەوێت دەزگایەکیان هەبێت بە ناوی مزگەوت، یا کڵێسا، یا هەر پەرستگایەك، دەبێت ئامادەش بن بەشێک لە مووچەی خۆیان، یا سامانی خۆیان بخەنە خزمەت وەها دەزگایەك. کڵێسا لە زۆربەی وڵاتە دیموکراتییەکان ئەندامی هەن و ئابوونە دەدەن، دەوڵەمەندە بڕوادارەکان هاوکاری دەکەن. لە وڵاتانی دیموکراسیدا وەزارەتێک نییە بە ناوی ئەوقاف و دە هەزار قەشە و وتارخوێن و ڕێبەری کڵێسای هەبن. بودجەیەکی زەبەلاح بۆ ئەو وەزارەتە بڕوات بێ ئەوەی دۆلارێک داهاتی هەبێت بۆ خەزێنەی دەوڵەت. بە پێچەوانەوە، دەزگا و دامەزراوەی ئایینی دەبێت باجیش بدەن، وەکو هەر دەزگایەکی دیکە.
ئالێرەوە، دەوڵەت و حکومەت پێویستی بە هێزێك، یا ڕەوتێک نییە خزمەتی بکات. ئەوان دەتوانن خزمەتی خۆیان بکەن. وەکو هاووڵاتی بژین. کاری بانگخوازی خۆیان بکەن لە چوارچێوەی ڕێکار و یاسا و ڕێساکان. هەموو هاووڵاتییان وەکو یەک مافیان هەیە و ئەرکیشیان لەسەر شانە. لە سیستمی دیموکراسیدا دەسەڵات هی خەڵکە، نەک حزب، ئەوەی خزمەتیش بە دەسەڵات دەکات سەلەفیەت، یا هیچ گرووپێکی ئایینی نییە، بەڵکو هەموو هاووڵاتییانن، چونکە دەسەڵات و دام و دەزگا نوێنەرایەتییەکانیش هی خەڵکن و دەیپارێزن. سیستمی دیموکراسی پێویستی بە گرووپە ئایینییەکان یا بێ ئایینەکان نییە شەرعییەتی پێ بدەن، بەڵکو ئەوە خەڵکە بە گشتی شەرعییەت بە دەسەڵات دەدەن و پارێزگاریشی لێ دەکەن. دەسەڵاتیش بە یەکسانی چاوی لە هەموو هاووڵاتییانە، خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابین دەکات، مافەکانیان دەپارێزێت لەسەر بنەمای یاسا.

**سەلەفیزم مەترسییە لەسەر ئاشتی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیان، نەک هەر لەسەر غەیرە موسوڵمان، بەڵکو لەسەر خودی ئەو موسوڵمانانەش کە پێچەوانەی سەلەفیزم ڕەفتار دەکەن**

ئەو دەسەڵاتەی لە ژێرەوە پشتیوانی لە

گرووپێک دەکات لەپێناو شەرعییەت پێدانی، ئەو دەسەڵاتە بۆ خۆی هەست بەوە دەکات، کە شەرعییەتی نییە. بۆیە پێویستی بە وەها گرووپێکە خزمەتی بکات و خەڵك بەلاڕێدا ببات، نەک بۆ چاوی ڕەشی خەڵك و خودی دەسەڵاتیش، بەڵکو لەپێناو هێشتنەوەی هەژموونی مادی و ڕۆحی خۆیان بە سەر خەڵکدا. ئەوەی لە هەرێمی ئێمەدا هەیە، نە دیموکراسییەتە، نە عەلمانییەت. حکومەت و دەسەڵاتیش هی حزبە، بۆیەشە سەلەفیەت لەوەها دۆخێکدا گەشە دەکات و خزمەت بەو سیستمە دەکات، کە ناتوانم ناوێکی بۆ بدۆزمەوە. لەهەر شوێنێک ئەو دیاردەیە بینرا، ئەوە دەبێت گومان لە شەرعییەتی دەسەڵاتەکەش بکرێت، وەکو ئەوەی لە سعودیە و هەندێك وڵاتی ئیسلامی دەیبینین.

## ئایینناسی: تەکنەلۆجیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چۆن کەوتونەتە خزمەت بیری سەلەفی و بانگەشەکردن بۆی؟

د. ئیبراهیم مەلازادە: کێشە لە تەکنۆلۆژیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا نییە، چونکە ئەو تۆڕانە بۆ هەموو خەڵك کراوەن و دەتوانن سوودی لێ وەربگرن. هەموو خەڵك ئاییندار و بێ ئایین، سەلەفی و سۆسیالیست، ئیسلامی و ناسیۆنالیست، وەکو یەک مافی سوودوەرگرتنیان هەیە لەو تۆڕانە. ئەوەی لە کۆتاییدا بڕیار دەدات لەگەڵ کامەیان بێت، خەڵکە. خەڵك ئازادە چۆن بیر دەکاتەوە و لەگەڵ کێ دەڕوات، بەڵام کێشە لە شوێنێکی دیکەدایە. کێشە لە نەبوونی دەوڵەتێك، یا هەرێمێکدایە کە خاوەنی دامەزراوەی شەرعی نین. هەموو جۆرە قسە و دەربڕینێك ڕێگەپێدراوە. لە نەبوونی یاسایێکدا هەموو گرووپە مرۆییەکان بپارێزێت، سوکایەتی بە کەمینە ئایینییەکان دەکرێت. لەسەر مینبەرەکان خەڵکی بێ ئایین بە بێ ئەخلاق وەسف دەکرێت، گوتاری ئەو مینبەرانەش دەخرێنە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. لە دەوڵەتێکدا یاسا هی هەموان بێت، دەبێت پارێزگاریش لە هەموان بکات وەکو یەك. هەڕەشەکردن لە خەڵك بە ناوی ئایینێکەوە، یا هەر ئایدیۆلۆژیایەک، یا تەکفیرکردن، دەبێت بە یاسا قەدەغە بکرێت. مەلایەکی سەلەفی دێت، بە ڕاست و چەپدا فەتوا دەردەکات، سووکایەتی بە کەمینەکان، یا بە ژنان دەکات، کەسێك لە گوڵ کاڵتری پێ ناڵێت. ئەمە لە دەوڵەتێکدا ڕێز لە یاسا و لە سەروەری مرۆڤەکان بگرێت، نابێت ڕێگای پێ بدرێت. لە لایەکی دیکەشەوە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هیچ نین لەچاو ئەو حەشاماتە لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و مینبەرەکان کە سەلەفییەکان تیایدا پشکی شێریان هەیە و بۆی هەیە لەلایەن دەسەڵاتەوە پشتیوانی مادیشیان بکرێت.

مێزگرد

ئایینناسی

# بانگەواز و سیاسەت

**ئامادەکردنی: ئایینناسی**

بانگەواز و سیاسەت وەکو دوو چەمک لە جیهانی ئیسلامیدا پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە، ئەم دوو چەمکە بەردەوام جێگەی مشتومڕ و گەنگەشەی پارتە ئیسلامییەکان و دەرەوەی ئەو هێزانەش بوون، کە ئایا دەکرێت لە یەک کاتدا هێزە ئیسلامییەکان هەم بانگەوازخواز بن و هەمیش کاری سیاسەت بکەن؟ یان تا چەند دەتوانن هاوسەنگی لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا ڕابگرن؟ لە کاتێکدا ڕەخنەیەکی زۆر هەیە لە هێزە ئیسلامییەکان کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بانگەواز دەخەنە خزمەت پڕۆژە سیاسییەکانیان و دواتر بانگەواز ڕۆڵ و کاریگەری ئەوتۆی نابێت لە ئەدای سیاسیدا، کە هەر ئەم هۆکارەیە بووەتە بەشێک لە خواست و داواکاری نوخبەی سیاسی هێزە ئیسلامییەکان بۆ جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت، تاکو ئەو دژیەکییە بە زیانی پڕۆژەی سیاسی هێزە ئیسلامییەکان نەشکێتەوە، بابەتی جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت تەوەری دووەمی مێزگردی وەرزنامەی ئایینناسییە بە میوانداری هەریەکە لە مەولود باوەموراد سەرکردەی دێرینی یەکگرتوی ئیسلامی و ئارام قادر سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانی کوردستان، کە تێیدا بە وردی تیشک دەخەنە سەر پرسی بانگەواز و سیاسەت لای هێزە ئیسلامییەکان و چۆنێتی جیاکردنەوەی ئەم دوو چەمکە بە شێوەیەک لە گرفت و ئاڵنگارییەکاندا بکرێتە دەرفەت بۆ پێشخستن و بەهێزکردنی پڕۆژەی ڕەوتی ئیسلامی.

مەولود باوەموراد لەبارەی پاساوی جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت کە بەرێزیشیان یەکێکن لە بانگەشەکارانی ئەو جیاکردنەوەیە، دەڵێت: لە ڕاستیدا پاساوەکانی بانگەشەی جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت، بەدەر لە هەر پاساوێکی تر، پاساوی جیاوازی چەند ڕەهەندی ئەم دوو چەمکەیە، پرسی سیاسەت لەگەڵ پرسی بانگەواز لە پێناسە، میکانیزم، تایبەتمەندی و ئامانجەکانیاندا جیاوازن، کەواتە ئەگەر شتێک لە چوار ڕەهەندی سەرەکیدا جیاواز بوو، جگە لە میتۆدی لێکۆڵینەوە و میتۆدی بیر لێکردنەوە و کەرەسەی کارپێکردن، تا ئەو ڕادەیە جیاواز بن، چی تر هەیە دەیانبەستێتەوە بەیەکەوە؟ ئایا پێمانوایە کە ئەمە دوالیزمییەکی پێکەوە گونجاو و پێکەوە هاوسەنگن، یان دوالیزمییەکی لێک جیاوازن؟

باوەڕم وایە بانگەواز و سیاسەت دوالیزمییەکی هاودژە، واتە لە هەر شوێنێک سیاسەت هەبوو مانای وا نییە دەبێت بانگەوازیش هەبێ، یان لە هەر شوێنێکدا بانگەواز هەبێت دەبێت سیاسەت هەبێت، نەخێر. ئەمە عورفێکی هێزە ئیسلامییەکانە و هێناویانەتە پێش.

بە بۆچوونی من تایبەتمەندی سیاسەت لە تایبەتمەندی بانگەواز جیاوازە، بانگەواز کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە، بۆ نموونە لە یەکێک لە تایبەتمەندییەکان بانگەواز (زۆرلێکردن) نییە، تایبەتمەندی (نەبوونی پاداشتی دونیایی)، تایبەتمەندی (کات و شوێنی بۆ نییە)، تایبەتمەندی (پرۆسەیەکی پەیوەندیکردنە)، ئەی تایبەتمەندی سیاسەت چییە؟

تایبەتمەندی سیاسەت ئەوەیە پەیوەندییە لە نێوان حاکم و مەحکوومدا، تایبەتمەندی دووەمی بریتییە لە تایبەتمەندی ململانێ، تایبەتمەندی سێیەم بریتییە لە گشتگیری، تایبەتمەندی چوارەمی بریتییە لە هەمیشە گۆڕان، دەپرسین ئەم هەموو تایبەتمەندییە جیاوازە چۆن پێکەوە کۆدەکرێنەوە. بۆچی کۆدەکرێنەوە؟ بۆیە یەکێک لە پاساوە مەنهەجی و زانستییەکانی ئەوەیە کە ئاماژەم پێکرد.

پاساوی دووەمی ئەم جیاکردنەوەیە ئەوەیە کە ڕەوتی ئیسلامی دەستیدایە بانگەواز، پەروەردە لەسەر بنەمای بانگەوازەکە دەکات، لایەنی پەروەردە و پێگەیاندن و ڕۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوەی سیاسی پشتگوێ دەخات، خەڵکێک کوێرانە دەچنە ناو ئەم سیاسەتەوە، لانی کەم مومارەسە نییە و مەعریفەش نییە، چونکە حیزب پێویستی بە پێگەیاندنی کادیرەکانی هەیە، پێگەیاندن مەبەستمان لە ئەوە نییە (یا حەنان و یا مەنان) ەکەی ناو ڕەوتی ئیسلامی بیست ساڵ بیهێنە و بیبە، نەخێر، پێگەیاندنی سیاسی بریتییە لەوەی کۆمەڵێک مەعریفە، بەرچاو ڕۆشنی، هۆشیاری و کۆمەڵێک تێگەیشتن بەرامبەر بە پرسی سیاسەت

و چەمکە سیاسییەکان فێری هەموو ئەندامێکی خۆت بکەیت، لە ناو ڕەوتی ئیسلامیدا ئەمە نابینرێت، گرنگییەکە دەدرێـــت بـە لایـەنـی بـانـگـەوازەکـە، مرۆڤەکە لە لایەنی سیاسەتەوە دەستی خاڵییە، هیچی پێ نییە، تەنانەت لە ڕووی گوتاریشەوە کەرەستەکانی گوتار و زاراوەکان و چەمکەکانی گوتاری سیاسی و ئاڕاستەکانی بیری سیاسی خۆی بە شێوەیەکی سیاسی پێ نییە، چونکە لەسەر ڕەهەندی بانگەواز پەروەردە کراوە، ئەمە مانای ئەوە نییە ئەو تاوانبار بێت، یان پێگەیاندنی بانگەواز خراپ بێ، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە بانگەواز هەرگیز بەدیلی سیاسەت نییە، بەم میتۆدەی باسم کرد، سیاسەتیش هەرگیز بەدیلی بانگەواز نییە، هەرگیزیش ناتوانیت هیچ کامێکیان لە هیچ شوێنێکدا جێگەی ئەوی تریان پڕ بکاتەوە، لەو شوێنەش کە بۆشایی سیاسی هەیە بە بانگەواز پڕ ناکرێتەوە، لەبەر ئەوەی بکەری سیاسی جیاوازە لە بکەری بانگەواز، واتە بانگخواز جیاوازە لە بکەری سیاسی، لەبەر ئەوەی بانگخواز خۆی بۆ خۆی کۆمەڵێک خەسڵەتی هەیە.

با کۆمەڵێک خەسڵەت باس بکەین، لەسەر ئاستی تاک: ئارامگرتن، زانیاری، زانیاری لەبارەی شەریعەتەوە، ئاکار و ڕاستگۆیی، نەرمی نواندان، ئەمانە بریتین لە خاسیەتەکانی کەسی بانگخواز، لەگەڵ خەسڵەتی سیاسی جیاوازی زۆری هەیە، کە بریتییە لە: ئەزموون، مەعریفە و ئاگاداربوون لە چۆنێتی کارکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و هەڵسوکەوتی سیاسی لە ناو بزووتنەوەی سیاسیدا، ئەوەی پێی دەڵێن بزاوتی سیاسی لە ناو کۆمەڵگەدا، کەواتە خەسڵەتی کەسەکان جیا بوو، مەنهەجی لێکۆڵینەوەیان جیا بوو، ئەو کەسانەشی لە ناو سیاسەتدا پێ دەگەیەنرێن ناتوانن ببنە کەسێکی کارامە و کاریگەر.

لێرەدا قسە لەو نموونانە دەکەین کە بانگەواز و سیاسەت تێکەڵاو دەکەن، نموونەی ئێمە هەموو ئەو حیزبانەیە کە بانگەواز و سیاسەتیان پێکەوە تێکەڵاو کردووە، وەکو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، وەکو ئەو حیزبانەی تر کە هەموویان بانگەواز و سیاسەتیان تێکەڵاو کردووە، لەبەر ئەوە من یەکێکم لەو کەسانەی کە بانگخوازم بۆ ئەوە پێویستە حیزبی سیاسی خۆی تێکەڵاوی کاری بانگەواز نەکات، نەک بەو مانایەی خۆی لە دین دابڕێنێت و واز لە دینداری بهێنێت و واز لە ئیسلامێتی خەڵکە موسڵمانەکەی بهێنێت، ئەوە بەو مانایە نییە، بانگەواز پرۆسەیە، پرۆسە پەیوەندی بە دینداریەوە نییە، ئێمە خەریکە بە هەڵە تێدەگەین، واتە پرۆسەی بانگەواز جیاوازە لە ئایین و ئاییندارى، ئەمە پرۆسەیە و خەڵک پێی هەڵدەستێت، دەڵێین ئایین گشتگیرە، ئایین هەمەگیرە و هەمەلایەنەیە، هەموو

سووچ و قوژبنەکانی مرۆڤی گرتووەتەوە، لە دونیاش بۆ قیامەت، ئەمە پێی دەگوترێت گشتگیری، سیاسەتیش هەر وایە.

## بۆچی دژایەتی جیاکردنەوەکە دەکرێت؟

لەبارەی ئەوەی سیاسەت و بانگەواز دوو کاری جیاوازن، دوو دونیای جیاوازە، بۆچی دژایەتی ئەم جیاکردنەوەی دەکرێت؟ بۆچی ئیسلامییەکان ئەمە وەرناگرن؟ مەولود باوەموراد ئاماژەی بەوە کرد کە ئەمە هۆکاری زۆرە، ئیسلامی لەبەر دوو لایەن پەسەندی ناکات، یەکەم: سەد ساڵە وا هاتووە، بزووتنەوەی ئیخوان دامەزراوە، دووەم بزووتنەوەی ئیخوان کە پێی دەگوترێت دایکی بزووتنەوەکان هەر بۆ خۆی بزووتنەوەیەکی بانگەوازییە، واتا سیاسەت دەکرێت بە شانییەوە، نەک سیاسەت بکات، تۆ ناتوانیت لە ناو بزووتنەوەی ئیخواندا دەست ببەیت بۆ تەرزێکی سیاسی، ئەگەر قسەیەک هەبێت، یان لەم لا وەریانگرتووە، یان کولتوورە، (ئەحکامی سوڵتانییە) و فلان و فیسار و ئەو قسانەیە کە کراون، یان ئەوەتا لە بەرنامەی ترەوە گواستراونەتەوە، لەبەرئەوە جارێ یەکەم بۆچی دژایەتی دەکەن، لەبەر ئەوەی کولتوورە، کولتوورێکی حەرەکییە، ئەمە یەکەم هۆکارەکەی کولتوورە، دووەم هۆکارەکەی بزووتنەوەی ئیخوان - باسی ئەوان دەکەم -هەڵبەتە خۆی کە دروست بووە، بزووتنەوەیەکی ڕێکخستنە، ئەمان ناتوانن حیزبێک دروست بکەن ڕێکخستنی بێت و بانگەوازیش نەبێت، چونکە بانگەوازەکە لەسەر ڕێکخستن هاتووە، موڕادیفەکانی بزووتنەوەی دەعوەی ئیخوان (الأخ، المساعد، العامل،.... تاد) کۆمەڵێک موڕادیفمان هەیە، پلەکانی ڕێکخستنی دەعەویە، چونکە هەموو ناوەکان دەعەوین، ئەمە هەر لە پێشەوە هەتا دەگاتە (أخ المجاهد)، کە گەیشتە (أخ المجاهد) ئیتر ئەو کاتە دەبێتە ئەندامی شوورا، هۆکاری یەکەمیان کولتوورە هی دووەمیان ڕێکخستنە، سێیەمیشیان عەلمانییەتە، ئیسلامییەکان پێیانوایە ئەگەر ئەم بانگەواز و سیاسەتە لێک جیا بکەنەوە حیزبەکە دەبێت بە عەلمانی، چوارەم و کۆتایی کە زۆر گرنگە وەکو عەرەب دەڵێن، ئەوەیە کە ئەم بانگەوازە ئامرازی بەدەستهێنانی جەماوەرە، ئامرازی ڕاکێشانی خەڵکە (کسب الشعب)، بەڵام لە هەمان کاتدا بە ئەزموون بۆمان دەرکەوتووە سیاسەت ئەو پلەیەی ڕاکێشانی خەڵک نییە. کە لە کوردستانیش ئەم کێشەیەی هەیە، بەڵام لە جیهانی عەرەبیدا کێشەی نەبوونی هۆشیاری سیاسی زەقترە.

هەروەک مەولود باوەموراد لەبارەی ئەوەی کە هەمیشە ئیسلامییەکان بە بانگەواز دەست پێدەکەن و بە سیاسەت کۆتایی دێت، دەڵێت: ئیسلامییەکان

لە سیاسەتدا لاوازن، دەپرسێت: کوا مەعریفە و بەرنامە و ئایدۆلۆجیا و دونیابینیان، تا ئێستا لە سەرکردەیەکی ئیسلامیت بیستووە لە هەموو ئەم جیهانی ئیسلامییەدا بە ئیخوان و هەموو ئەوانی ترەوە باس لەوە بکەن کە ئەمە فۆڕمی سیستمی سیاسی ئێمەیە، نەخێر، باسی خیلافە دەکەن.

## باوەڕم وایە بانگەواز و سیاسەت دوالیزمییەکی هاودژە

دەشڵێت: دەوڵەت بە من ناگۆڕێت، دەکرێت دەوڵەتێک بکەین بە دوو کەرت، بەڵام ناتوانین دەوڵەتێک لە هیچ بهێنینە دی، کەواتە ئیسلامی نابێت داوای دەوڵەت بکات، دەوڵەت موئەسەسەیەکی ڕەمزییە، دەوڵەت بوونی نییە لەسەر ئەرزدا، دەبێت تەیاری ئیسلامی باسی چی بکات؟ باسی سیستمی سیاسی بکات، بە دەیان زانای گەورە گەورەمان هەیە، خوێندەوار و خاوەن دکتۆرا و ماستەر و بڕوانامە لە زانستی سیاسیدا، ئەوەندەی ئیخوان هەیەتی کەس نییەتی، کەچی کە دێنە سەر حوکم، دەگەڕێنەوە بۆ لای خیلافە، (قال عمر كذا..) و (قال عوسمان)، لە کاتێکدا ئێمە ئێستا پێویستمان بە شتێکی تر هەیە، کە سیستمی سیاسییە، بۆیە هەر پرەنسیپ و ئایدۆلۆجیایەک قسە لەسەر سیستمی سیاسی نەکات و فۆڕمەڵەی نەکات و ئامادەی نەکات و نەیسازێنێت، ئەوا هیچی پێ نییە، کەواتە ڕەوتی ئیسلامی تا ئێستا نازانێت بۆچی حیزبێکی سیاسی دروست بکات، لەبەر ئەوەیە کە نازانێت قسە لەسەر ئەم بابەتە بکات، بێگومان دەوڵەت ناگۆڕێت، ئەوە سەددام و عارف و بەکر و فڵان ڕۆیشت، بەڵام ئەوەی دەگۆڕێت سیستمی سیاسییە.

## لە کوردستان جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت نوێیە

ئارام قادر لەبارەی پرسی جیاکردنەوەی بانگەواز و سیاسەت کە سەرەتا ئیسلامییەکان لە بانگەوازەوە دەستیان پێکرد و دواجار چوونە ناو کایە سیاسییەکانەوە، تەنانەت هەندێک مامۆستای ئایینی و بانگخواز لەو پێگەیەوە توانیان بگەنە پۆستی سیاسی، دەڵێت: ئەم بابەتە جیاکردنەوەی بانگەواز لە سیاسەت، بیروبۆچوونێکە، تا ڕادەیەک نوێیە لە کوردستاندا و گەنگەشە و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بەندە لە (٢٠١٦) ەوە خەریکی ئەم پرۆژەیەم، بەڵام لە وڵاتی سوودان لە شەستەکانەوە خەریکی ئەم باسەن، لە توونس لە هەشتاکانەوە ئەم باسە بوونی هەیە، لە تورکیا لە شەستەکانەوە خەریکی ئەم بابەتەن، لە مەغریب هەروەها،

لەبەر چەندین هۆکاری ڕۆشنبیری و فیکری و بارودۆخی عێراق ئەم بابەتە وەکو زۆر بابەتی تر درەنگ گەیشتووەتە کوردستان، کاتێک ئێمە خەریکی کاری ئیسلامی بووین لە کوردستاندا ئاگامان لە دونیای دەرەوە نەبوو کە چ باسە، چ بابەتێک بووەتە ململانێیەکی فیکری، کاتێک ئەم بابەتە باس دەکەین ئەمە بۆ لێدانی حیزبە ئیسلامییەکان نییە، پێویست ناکات حیزبە ئیسلامییەکان وا بیر بکەنەوە، بۆ نموونە یەککگرتوو و کۆمەڵ و بزووتنەوە لاواز بکەین، بەڕاستی ئەمە بریتییە لە ئیجتیهادێک، لە بیروبۆچوونێک، کە چەندین بیرمەند، چەندین زانا، چەندین خەڵک لەوە و پێش پێیگەیشتوون، بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکە، کە لە ڕابردوودا کراوە، زۆر زۆر ئاساییە لە فیکری نەتەوەییدا، لە فیکری سۆسیالیستیدا، لە فیکری لیبراڵیدا چەندین هەڵە کراوە و ڕاستکراوەتەوە، بە هەمان شێوە، لە بزووتنەوە ئیسلامییەکانیشدا ئیجتیهاد کراوە، بیر و بۆچوون دەربڕاوە، کارکراوە، دەبێت ئێستا ڕاست بکرێنەوە، دووبارەی دەکەمەوە ئەمە بۆ لێدان و لاوازکردنی حیزبە ئیسلامییەکان نییە، کە دەڵێین جیاکردنەوەی حیزب لە سیاسەت بریتییە لەوەی دین بۆ هەموو خەڵکییە، بە موسڵمان و غەیرە موسڵمانیشەوە، بەڵام حیزب بۆ نوخبەیە، پێویستە ئێمە ئەمە جیا بکەینەوە.

## بانگەواز هەرگیز بەدیلی سیاسەت نییە

ئارام قادر پێشنیاز دەکات کە دەبێت ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی خەریکی بانگەواز بن، خەریکی پەروەردە و ڕۆشنبیرکردنی خەڵک بن بۆ ئیسلام، بانگەوازی خەڵک بکەن بۆ ناو دینی ئیسلام، ئەمە ئیشی ئەوانە، ئیشی مامۆستایانی ئایینییە، ئەو کەسانەیە کە گرنگی بە پەروەردە و ڕۆشنبیری ئیسلامی دەدەن، گرنگی بە کولتوور و فەرهەنگ دەدەن. بەڵام ئەوانە حەز و ویستیان بۆ سیاسەت هەیە، یان خەریکی سیاسەتن، ئەوانە دەبێت حیزبی سیاسی پێکبهێنن، دەتوانرێت حیزبی سیاسی لەسەر بنەمای ژینگە پێکبێنی، لەسەر بنەمای نەتەوەیی و نیشتمانی پێکیبێنی، لە هەموو دونیا بەوە شێوەیەیە، لە ئەوروپا تەنها نوخبەیەک خەریکی سیاسەتە، خەڵکی تر لە کاتی دەنگداندا دەڕوات دەنگ دەدات، ناکرێت هەموو خەڵک داخڵی سیاسەت بکەیت، بۆیە زیانێکی زۆر گەورەمان لە تێکەڵکردنی سیاسەت لەگەڵ بانگەواز کردووە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی چەندین خەڵک هەبووە کە بووە بە پەرلەمانتار، مامۆستای ئایینی، یان وەزیر، بیانەوێت و نەیانەوێت تووشی گەندەڵی بوون، تووشی

پارە خۆری بوون، تووشی کۆمەڵێک لادان بوون، تەنانەت لە دینەکە خۆی، بۆ نموونە دینەکە داوای دادگەرییە، دینی ئیسلام داوای دادگەری دەکات، دینی ئیسلام داوای دەستپاکی دەکات، دینی ئیسلام باسی خێر و چاکە و ڕاستگۆیی و خزمەتکردنی خەڵک دەکات، ئەمانەیان نەکردووە، لەبەر ئەوە دەبینی ئێستا زۆر مەلا هەبووە پێش ئەوەی ببێت بە پەرلەمانتار مزگەوتەکەی جێگەی خەڵک نەبووەتەوە، بەڵام دوای ئەوەی بۆ بە پەرلەمانتار، ئابڕووی چووە، حەیای چووە، بۆ؟ چونکە ئەمە داخڵی سیاسەت کراوە. بە هەمان شێوە لە هەولێر لە بەغدا، لەملاولا، لەبەرئەوە بەڕاستی ئێمە پێویستە ئاگامان لەوە بێ ئیسلامییەکان بە شێوەیەکی گشتی زیانێکی زۆریان کردووە لەوەی کە داخڵی سیاسەت بوون.

ئارام قادر دەڵێت: کاتێک حیزبە ئیسلامییەکان هەڵوێستێک دەنوێنن، یان قسەیەک دەکەن، یان شتێک دەکەن، خەڵک قسە بە حیزبە ئیسلامییەکە ناڵێت، قسە بە ئیسلام دەڵێت، چونکە خەڵکەکە بە گشتی وا بیر دەکاتەوە کە ئەم حیزبە ئیسلامییە بە تەواوەتی ئیسلام لەم حیزبەدا ڕەنگ بداتەوە، کە بێگومان شتی وا نابێت، لەبەرئەوە هەمیشە ئیسلام لەوێدا زیان دەکات. بەڵام کە بانگەوازت کردە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی، یان سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە، یان سەنتەرێکی ڕۆشنبیری، خەڵک پەروەردە دەکات لەسەر دەستپاکی، لە دژی زوڵم و گەندەڵی و خراپە، کاتێک دەڕوات بۆ دەنگدان دەنگ دەدا بە کەسێک کە دەستپاک بێ، واتا جیاکردنەوەی بانگەواز لە سیاسەت ئەوە نییە بڵێیت دەمانەوێت دین لە سیاسەت جیا بکەینەوە، نەخێر، دەمانەوێت ڕێکیبخەین، واتە ڕێکخستنی بانگەواز لەگەڵ سیاسەتدا؟ چونکە ئەم دوو وشە زۆر زۆر جیاوازن بانگەواز لە سیاسەت، کە جیای دەکەیتەوە، جیاکردنەوە نییە، بەڵکو ڕێکخستنە، بانگەواز دەخرێتە چوارچێوەیەکی مەدەنی، کەواتە ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی کار دەکات بۆ ڕۆشنبیرکردنی خەڵک، بۆ وشیارکردنەوەی خەڵک، بۆ ئەوەی دژی ستەم، دژی گەندەڵی، دژی خراپە بێت.

**ئیسلامییەکان پێیانوایە ئەگەر ئەم بانگەوازو سیاسەتە لێك جیابکەنەوە حیزبەکە دەبێت بە عەلمانی**

ئارام قادر ڕەتیدەکاتەوە هەندێک دامەزراوە لە دەرەوەی حیزبە ئیسلامییەکان وەکو سەلەفییەکان، سۆفی، مەکتەب قورئان، کە جۆرێک لە بانگەواز دەکەن، ببنە ئەلتەرناتیڤی ئیسلامییەکان، کە بانگەواز و

سیاسەتیان تێکەڵ کردووە؟ دەشڵێت: ئەوانە نابنە ئەڵتەرناتیڤی ئیسلامییەکان، چونکە ڕەوتە سەلەفییەکە، یاخود ڕەوتە سۆفییەکان وەکو حیزبە ئیسلامییەکانیان لێهاتووە، مەبەستم ئەوەیە کە ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی دروست بکرێت و خەریکی بانگەواز بێت، دەبێت بە شێوەیەکی گشتی سەیری خەڵک بکات، بۆ نموونە خەڵکی پارتی و یەکێتی و تەنانەت شیوعیش هەیە نوێژ دەکات، ڕێکخستنی بانگەواز و سیاسەت واتە عیلمانی و بێ دینی ناگەیەنێت، بەڵکو بریتییە لەوەی کە حیزبێکی مەدەنی پێکدێنیت، واتە ئازادی دەدەیت بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە بانگەواز بکەن، ئازادی دەدەیت بە ڕێکخراوە ئیسلامییەکان کە بانگەوازی خۆیان بکەن، بەڵکو من پاڵپشتی بانگەواز و ڕەوت و ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی دەکەم، کە بانگەواز بکات، چونکە بەشێکی زۆر ئیشی سیاسی من، ئەوان دەیکەن، کە بریتییە لە وشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگە، بریتییە لەوەی کە پەرە بە ڕەوشت دەدەن، چونکە تۆ کەسێکت پەروەردە کرد بە پەروەردەیەکی ئەخلاقی، گەندەڵی ناکات، خراپە ناکات، واسیتە ناکات، بەرتیل ناخوات، کەواتە تۆ یارمەتی ئەوەت داوە.

ئارام قادر جەخت دەکاتەوە کە سیاسەت و بانگەواز دوو وەزیفەی جیاوازن، بۆ دوو چینی جیاواز، سیاسەت بۆ نوخبەیە، بەڵام دین بۆ هەموو خەڵکە، بە نوخبەکەشەوە، ڕێکخستنی بانگەواز لەگەڵ سیاسەت، واتای ئەوە نییە کە منی سیاسی لە دین دادەبڕێم، یان واز لە دین دەهێنم، یان خۆم دوور دەخەمەوە لە دین، نەخێر، من هەر موسڵمانم و لە جاران باشتر پابەند دەبم بە دینەوە، بەڵام خەریکی کاری سیاسیم، بۆ نموونە حیزبێکی ڕۆشنبیری دروست دەکەم، ئەمە گەڕانەوەیە بۆ مێژوو، بەڵام بە جۆرێکی تر، دەوڵەتی ئەیووبی، دەوڵەتی موەحدین، دەوڵەتی عەباسی، دەوڵەتی ئەمەوی، ئەمە دەوڵەتێکی مەدەنی بوون، لەو لاوە دینیان چۆن خستە کار، دادوەرێکیان داناوە کە حوکم بکات، ئەوە بەشی دینەکەی، ئینجا زانا هەبووە خەریکی پەروەردەکردنی خەڵک و ڕۆشنبیری بووە، ئەمە گەڕانەوەیە بۆ مێژوو، گەڕانەوەیە بۆ ئەسڵەکە، ئەمە قووڵاییەکی لە ناو مێژوودا هەیە، لە خۆرئاوادا دین سیاسەتی قووت دابوو، واتە کەنیسە کۆنترۆڵی هەموو شتێکی کردبوو، تەنانەت بە سەر پاشادا، لە خۆرهەڵات وا نەبوو، سیاسەت لەگەڵ دیندا کاری ڕێکخستبوو، بەڵام بە جۆرێکی دیکە، زۆر جار ستەم و زوڵم ڕوویداوە، کێ دژی زوڵمەکە وەستاوە؟ زاناکان، تەنانەت شۆڕشیان کردووە، هەتا شۆڕشی چەکداریان کردووە، بۆ نموونە حاکم هەبووە زانایەکی بانگ کردووە وتویەتی ئامۆژگاریم بکە، ئەمەیە

ڕۆڵی دین، واتە دین ئاڕاستەی سیاسەت دەکات بە شێوەیەک کە زوڵم، ستەم و خراپە نەبێت، ئەگەر لادان بوو، خێرا بێدارمان بکاتەوە، ئەوەیە ئیشی ڕۆشنبیر و زاناکان.

## لەبەر چەندین هۆکاری ڕۆشنبیری و فیکری و بارودۆخی عێراق ئەم بابەتە وەکو زۆر بابەتی تر درەنگ گەیشتووەتە کوردستان

## دەبێت دواجار بانگەواز و سیاسەت لە یەک جیا بکرێنەوە

ئارام قادر بەو پەڕی دڵنیاییەوە دەڵێت: بەردەوامبوون لە تێکەڵاوبوونی بانگەواز و سیاسەت لە کوردستان زیان بە هێزە ئیسلامییەکان و خودی بانگەوازیش دەگەیەنێت کە ماوەیەکی زۆرە ئەم حیزبە ئیسلامییانە بەو شێوەیە هاتوون و خەڵکیان پەروەردە کردووە، بەڵام ماوەیەکی پێدەچێت بۆ ئەوەی ئەم فیکرەیە (جیاکردنەوەی بانگەواز لە سیاسەت) بچەسپێت، بەدڵنیاییەوە ڕێکخستنەوەی بانگەواز لەگەڵ سیاسەتدا لە کوردستاندا جێگەی خۆی دەگرێت، بۆ نموونە باسی تورکیا دەکەین، تورکیا دراوسێمانە، ئەوە حیزبێکە، بۆ نموونە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، هەموو ئیسلامییەکان بە شان و باڵی ئەودا هەڵدەدەن، بەڵام بە هیچ شێوەیەک باسی دینی نەکردووە، حیزبی داد و گەشەپێدان پاشخانێکی ئیسلامی هەیە، بەڵام لە (٢٠٠١) ەوە لە حوکمدایە، ئێستاش خواستی هەیە بەردەوام بێت لەسەر حوکم، بەڵام دەرگای کردووەتەوە و مزگەوت دروست دەکرێت، ئەوقافی ئیسلامی دادەمەزرێت، بانگەواز زیاد دەکات، ئەمە باشترینە، لەبەر ئەوە ئێمە دەڵێین ئەگەر بێتو ئەم ڕێکخستنە دروست نەکرێت، حیزبە ئیسلامییەکان زیانێکی زۆر دەکەن، بانگەواز زیانی پێدەگات، لەبەر ئەوە ئەو ڕێکخستنە تا زووتر بکرێت باشترە بۆ حیزبە ئیسلامییەکان و باشترە بۆ بانگەوازیش، بەڵام هەتا درەنگتر بکرێت، بۆ نموونە ئەم فیکرەیە کە بەندە لە (٢٠١٦) ەوە و پێشتر لە ناو کۆمەڵدا بووم، زۆر گفتوگۆی ئەم شتانەمان کردووە و داکۆکیم دەکرد کە کۆمەڵی ئیسلامی بەرەو ئەم ئاڕاستەیە بڕوات، بەڵام برادەرەکانی ئێمە ئەو فیکرە و بیروبۆچوونەیان لا پەسەند نەبوو، لەبەر ئەوە بە ناچاری بەندە هاتمە دەرەوە بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیەی خۆم تەبەنی بکەم، ئێستاش نەبێت، دە ساڵی دیکە، پانزە ساڵی دیکەش بێت، دەبێت ئیسلامییەکان بێنە سەر ئەم بەرنامەیە، بەڵام هەتا درەنگتر بێ زیانی زیاترە.

## ئەڵتەرناتیڤی گونجاو چییە؟

مەلود باوەموراد ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێک ئیسلامییەک چووە ناو پرۆسەی سیاسییەوە تێدەگات سروشتی سیاسەت بریتییە لە دەسەڵات، هێز، حوکمڕانی، نفوز، ئەمە سروشتی سیاسەتە لە هەموو شوێنێکدا، سروشتی بانگەوازیش پرۆسەیە، بریتییە لە هەوڵی ئەو مرۆڤانەی کە هەم خوداپەرستن و هەم یەکتاپەرستن و هەم خەڵکانێکی پابەندن بە دروشمەکانی خوداپەرستی و بە ئەخلاقی دین، لەبەرئەوە ئەم دوو سروشتە ئاسمان و ڕێسمان جیاوازییان هەیە، ناکۆکی نێوان ئەم دوو چەمکە لە پێناسەوە دەستپێدەکات، پێناسەی سیاسەت بە چوار شت دەکرێت،: پێناسەی فەلسەفی، سیاسەت بە دەوڵەت، سیاسەت بە دەسەڵات و سیاسەت بە بڕیار، ئیتر لە ئەفلاتوونەوە تاکو ئەمڕۆ بگەڕێ، تاوەکو فەیلەسوفانی هاوچەرخ کەسێک نییە لەمە زیاتری وتبێت، ئەی پێناسەی بانگەواز چییە؟ بڵاوکردنەوە و گەیاندنی ئایین بە هەموو کەسێکی عاقڵی پێگەیشتوو، ئەمە پێناسەی بانگەوازە، هەڵبەت پێناسەی دیکەش هەیە؟ کەواتە دەبێت کەسەکە عاقڵیش بێ و پێگەیشتووش بێ، ئینجا مەرجی ئەوەی کەوا سیاسەت بکات چییە، ئەوەش قسە زۆر هەڵدەگرێت، ئەوەی کە پێویستە سیاسەت بکات پێویستە لەو کەسانە بێ کە یەکەم هاووڵاتیی بێ لە پێش هەموو شتێکەوە، دووەم تەمەنی یاسایی بێ، سێیەم و چوارەم ئەوەیە کە ئەو مەرجانەی دانراوە کە بۆ هەر پرۆسەیەکی سیاسی ئەو بگرێتەوە، بۆ نموونە بتوانێت دەنگ بدات، ئامرازەکانی سیاسەت سیانن: یەکەم بریتییە لە حکومەت، حکومەت ئامرازێکی گەورەی سیاسییە، دووەم بریتییە لە پارتەکان، سێیەم بریتییە لە ڕایگشتی، ئیتر لە دوای ئەوە ئەگەر لقیشی لێ بکەینەوە. چوارەم بریتییە لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

**دەبێت ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی خەریکی بانگەوازبن، خەریکی پەروەردە و ڕۆشنبیرکردنی خەڵک بن بۆ ئیسلام، بانگەوازی خەڵك بکەن بۆ ناو دینی ئیسلام، ئەمە ئیشی ئەوانە**

**ئەی ئامرازی بانگەواز چییە؟** ئامرازی کەلامییە (یا أیها الرسول بلغ ما أنزل الیک) واتە بەمە قسە بکە، بانگ بکە، کەواتە کەرەستەی بانگەواز بریتییە لە وتار، ئەوەیە کە ئامرازی قسەکردنە،

دوای ئەوە ئامرازی نووسینە، قورئان زۆر باسی نووسین دەکات، سێیەمیش باسی قسە و دەنگ و ڕەنگ.

هەروەها ئارام قادر لەبارەی ئەڵتەرناتیڤەوە دەڵێت، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێکی زۆر گەورە دەبینن، ئێستا بە چاوی خۆمان دەبینین، ئەم سەنتەرەی ئێوە کە سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەیە، هەتا سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان بایەخی زۆر بەم بابەتە بدەن، بێگومان کاریگەری لەسەر خەڵک دەبێت، خەڵک زیاتر هۆشیار دەبێتەوە، خەڵک زیاتر باوەڕی بەم مەسەلەیە دەبێت، چونکە لە فیکرەوە دەست پێ دەکەیت، دوایی دەبێت بە کردار، لەبەر ئەوە ئەم سەنتەرە، ڕێکخراوەکان، ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی، سەنتەرە ڕۆشنبیرییەکان، سەنتەرە لێکۆڵینەوەکان، ئەمانە پێویستە بایەخێکی زۆر زۆر بدەن بەم مەسەلەیە، چونکە ئەمە مەسەلەیەکە گرنگی زۆری هەیە، ئەگەر بیر بکەیتەوە لە داهاتوودا چۆن توندڕەوی نەهێڵین، دەبێت بەم ڕێگەیە بیری لێ بکەیتەوە، لەبەر ئەوە ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە، یەکێک لەوانە دەبێت بە حیزبە ئیسلامییەکان بوترێت مەترسن، بە بێ (دین) یش دەتوانن جەماوەر بۆ خۆتان ڕابکێشن، بۆ نموونە حیزبی داد و گەشەپێدان لە تورکیا بۆچی زۆرینەی دەنگی هێناوە؟ ئەی بۆچی حیزبێکی تر ناتوانێت زۆرینە بهێنێت؟

## مەترسییەکە لە کوێدایە؟

ئێستا حیزبە ئیسلامییەکان لەوە دەترسن ئەگەر بانگەواز و سیاسەت لێک جیا بکەنەوە ئیتر کاریان نامێنێت، یان داهاتوویەکیان نییە؟ مەولود باوەموراد دەڵێت: لە ڕاستیدا کۆمەڵێک مۆدێلم موناقەشە کردووە، وەکو مۆدێلی ئەوەی حیزبەکە خۆی بمێنێت و خۆی سەرکردایەتییەک دروست بکات، لە پاڵ خۆیدا، حیزبێکی هاوتەریب بە خۆی دروست بکات وەکو حیزبی ئیسلامی عێراقی، کە هەرچەند زۆر دووریش بوو لە سەرکردایەتی ئیخوانی، وەکو حیزبی داد و ئازادی میسر، کە سەرکردایەتی هاوبەش بوو تێیاندا، بەڵام مۆدێلی سەرکەوتوو تاکو ئێستا ئەو مۆدێلەیە کە حیزبەکە دروست بووە و دەیەوێت ئەم شتە جیا بکاتەوە، ڕێکخراوێکی کۆمەڵگە مەدەنی دروست بکات بە ڕێککەوتنی سەرکردایەتییەکەی، هەر دوو لایان پێکبێن، دەبێت لێکجیاکردنەوەکە بە بڕیارێکی سەد لەسەدی سەرکردایەتی بێت، ئەو کات دەتوانین بڵێین کە بانگەواز و سیاسەت لەم حیزبەدا بە کردەوە لێک جیا کراوەتەوە، تێگەیشتین کە دوو پرۆسەیە، دوو مەنهەجە، دوو تیگەیشتنە، دوو کارە، دوو دونیایە، دوو جیهانبینییە، ئێمە ئەم شتە لێک جیا دەکەینەوە، دەبێت هاوڕابین، پاشان ئەمە

دەکەنە ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی، دین خۆی بە ڕێکخراوێکی مەدەنی دەڕوات بەڕێوە، ئێستا ئەگەر پارتی ئیسلامیش نەبێت ئێمە دینی ڕەسمیمان هەیە، مەلا، ئەوقاف و وەزارەتمان هەیە، بە سەدان مەلا لە ئەوقاف سەلەفین و دیندارن پەیوەندییان بە پارتی و یەکێتییەوە نییە، دینداریەکی پوخت و پاک دەکەن، دین هی خەڵکە، حیزب ناوی خۆی تۆمار دەکات وەکو حیزبێکی نوێ، ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی خۆی تۆمار بکات وەک ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی و کاری بانگەواز بکات، هەر پەیوەندییەکی ئۆرگانی لە نێوان ئەم دوانە مایەوە ئەو کاتە پێی ناوترێت لێکجیاکردنەوە.

دەشڵێت: وەختی خۆی پێشنیارێکم بۆ کردوون، لە یەکێک لە کتێبەکانمدا نووسیومە، ڕەوتی ئیسلامی، پێویستی بە چی هەیە؟ پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆیی. پەیڕەو کێشە نییە، بەڵام ئەوەی کێشەیە پرۆگرامە، پەیڕەو دەڵێت ئەمە لقە و ناوچەیە و مەڵبەندە و چییە و چییە، تا دێتە سەر شانە، ئینجا ڕێکخستنی مەکتەبەکان، بەڵام کێشە پرۆگرامە، حیزب پرۆگرامی پێویستە (البرنامج)، یا (البرنامج السیاسی).

## زیانێکی زۆرگەورەمان لە تێکەڵکردنی سیاسەت لەگەڵ بانگەوازکردووە

پرۆگرام لە ڕووی دینییەوە بۆ ئەوەیە حیزب پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ دیندا هەبێت، خۆ قورئان باسی حکومەت ناکات، قورئان باسی سیاسەت ناکات، قورئان باسی ئەم شتانە ناکات، ئەی قورئان باسی چی دەکات؟ باسی قووڵتر لە حکومەت دەکات، قووڵتر لە سیاسەت، چونکە سیاسەت بە گشتی بریتییە لە کۆمەڵێک دامەزراوە و کەس و بەهاکان، هەڵبەت مرۆڤەکان دەمرن دامەزراوەکانیش دەڕووخێن، ئەوەی دەمێنێتەوە بەهایە (القیم)، قورئان لە سیاسەتدا باسی بەهای کردووە بە گشتی، سیستمێکی بەهاییە، سیستمێکی مەبادیئییە.

## سیاسەت و بانگەواز دوو وەزیفەی جیاوازن، بۆ دوو چینی جیاواز، سیاسەت بۆ نوخبەیە، بەڵام دین بۆ هەموو خەڵکە، بە نوخبەکەشەوە

حیزبی ئیسلامی ئەگەر دەیەوێت حیزب دروست بکات و پرۆگرامەکەی لەسەر چی بنووسێتەوە؟ لەسەر بەها و پرەنسیپی ئیسلامی، ئەی بەهای ئیسلامی وەکو چی؟ کە هەموومان لەبەرمانە، وەکو شکۆ، دادپەروەری و دادگەری، شورا، برایەتی... تاد.

ئینجا مەبادیئی دین، ئینجا ڕێساکانی ئوسووڵی فیقهـ، ڕێسایەکی زۆر زێڕینی هەیە پێی دەوترێت (المصلحة)، ئینجا ئەزموونی گەلانی سەرکەوتوو، ئەزموونی مرۆڤەکان کە دەوڵەتیان دروست کردووە، حکومەتیان دروست کردووە، خۆ حکومەت نەبەستراو بە ئێمەوە، ئەسڵەن مەبدەئی خیلافە، مەبدەئی هەموو مرۆڤایەتییە نەک هەر مرۆڤی موسڵمان، لەبەرئەوە ئەگەر حیزبی ئیسلامی دەیەوێت شتێک بکات، با پەیڕەو و پرۆگرامەکەی لەسەر بەهای ئیسلامی دابڕێژێت، لەسەر پرەنسیپی گشتی ئیسلامی دابڕێژێت، لەسەر ڕێسای ئوسووڵ و ڕێسای فیقهـ دابڕێژێت، با سوود لەو ئەزموونە زیندووە سەرکەوتووانەی مرۆڤایەتی وەربگرێت، سوید و ئەمەریکا و ڕووسەکان ئەزموونی باشیان هەیە لە دادپەروەریدا، ئەمەریکاییەکان ئەزموونی باشیان هەیە لە ئازادیدا، سویدییەکان ئەزموونی باشیان هەیە لە سۆسیال دیموکرات، واتە دادپەروەری و ئازادی، هەموویان پێکەوە دەتوانن بەرنامەیەک دارێژن.

ڕانانی کتێب

ئایینناسی




# فیکری ئیسلامی هاوچەرخ لەبەردەم پرسیاری ئازادیدا

## ڕانان: ئایینناسی

ئەم کتێبە لە نوسینی ئەبوبکر عەلی (کاروانی)یە کە لە بنەڕەتدا کتێبێکی قەبارە بچوکە وەکو نووسەریش ئاماژەی بۆ کردووە بەشێك بووە لە دیدارێکی فیکری لەبارەی (ئیسلام و ئازادی)یەوە، کە چەند ساڵێك پێشتر بڵاوکراوەتەوە و دواتر لە دووتوێی کتێبێکدا بە پێدانی چەند ناونیشانێکی جیاواز لە بەشەکاندا و لە ساڵی ٢٠٢٢ لە سلێمانی چاپکراوەتەوە.

کتێبی (فیکری ئیسلامی هاوچەرخ لەبەردەم پرسیاری ئازادیدا) میتۆدی ڕەخنەیی بە سەریدا زاڵە و نووسەر دەستی بردووە بۆ قسەکردن لەسەر کۆمەڵێك پرسی هەستیار، کە تا ئێستا لە زمانی کوردیدا شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ئەم پرسە (ئیسلام و ئازادی) نەنووسراوە و تەنانەت قسەکردن لەسەر بابەتەکەش هێشتا سەرەتایە، هەروەکو خوودی نووسەریش لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە.

ئەم کتێبە لە چوار بەش پێکهاتووە و بەشی یەکەم تایبەتە بە قسەکردن لەسەر پەیوەندی ئیسلام و ئازادی لە فیکری ئیسلامی هاوچەرخ و دونیای نوێدا، بەشی دووەمی کتێبەکە تیشکدەخاتە سەر مەسەلەیەکی هەستیار و کەمتر قسەلەسەرکراو کە ئەویش بوون و نەبوونی مافی موسڵمانە لە ڕەخنەگرتن لە ئیسلام و چۆنێتی تێگەیشتن لەم مافە و سنوورەکانی، بەشی سێیەم کتێبەکەش تایبەت کراوە بە قسەکردن لەسەر پرسێك کە تاکو ئێستا مشتومڕی لەسەر ماوە و یەکلایی نەبووەتەوە، ئەویش سزای هەڵگەڕانەوەیە لە ئایین و بوون و نەبوونی ئازادی ئایین و بیروباوەڕ لە ئیسلام و فیکری ئیسلامی هاوچەرخدا. بەشی چوارەم و کۆتایی کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ تاوتوێکردنی دیدی بیرمەندی ئێرانی (مستەفا مەلەکیان) دەربارەی سروشتی پەیوەندی نێوان ئایین و بەندایەتی و عەقڵانیەت.

لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا، کە ناونیشانی (دیدی ئیسلامی و چەمکی ئازادی لە نێوان دژبەیەکی و هاوئاهەنگیدا) هەڵگرتووە، نووسەر زۆر ڕاشکاوانە لەبارەی ئەم پرسەوە دەدوێت و دەڵێت، ئازادی وەکو چەمك لە فەرهەنگی ئێمەدا کێشەی (ڕەوایەتی) و (ناسین) و (دانپێدانانی) هەیە، لەسەر ئەم سێ ئیشکالیەتە، نووسەر چەند نموونەیەك دەهێنێتەوە، لەوانە شێواندنی ناوەرۆکی چەمکی ئازادییە، کە تێکەڵ کراوە بە دژایەتیکردنی ئیسلام و بەرەڵایی کە بووەتە سەرچاوەی ترسێکی بەرچاوی خەڵکی ئاسایی لەم چەمکە، هەروەها ئیشکالیەتێکی تر لە فەرهەنگی ئێمەدا ئەوەیە کە ئازادی و ئیسلام بەرامبەر یەك ڕادەگرن و بە خەڵك دەڵێن یەکیان هەڵبژێرن کە لە بنەڕەتدا ئیسلام و ئازادی دەبێت دوانەیەکی لێکجیانەکراوە بن، تەنیا لەم چوارچێوەیەشدا فیکری ئیسلامی دەتوانێت ڕۆڵی سروشتیی خۆی لە ئاڕاستەکردنی ژیان و ڕاستکردنەوەی شێواوییەکانی ناوەرۆکی چەمکی ئازادی بگێڕێت.

بەشی دووەمی پەرتووکەکە تەرخان کراوە بۆ بابەتێکی زێدە هەستیار ئەویش پرسی بە موسوڵمان بوون و سنوورەکانی ڕەخنەگرتنە لە قورئان و فەرموودە، نووسەر بێ سڵەمینەوە و بوونی بازنەیەکی داخراو بە دەوری خۆیدا ڕاستەوخۆ

دەچێتە سەر ئەو بابەتەی کە دەتوانرێت لەوێوە قسە لەسەر ئەم پرسە بکرێت ئەویش جیاکردنەوەی نێوان قورئان وەکو دەقێکی خودایی دەستکاری نەکراو لەگەڵ فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) کە نووسەر پێی وایە دەبێت بە (تحفض) هوە باس لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) بکەین، هەروەها دەبێت جیاوازیش لە نێوان (ئیسلام) و فیکر و کەلەپووری ئیسلامیدا بکەین، چونکە بواری فیکر و کەلەپووری ئیسلامی لە فیقهـ و تەفسیر و ئوصول فیقهـ و ڕاڤەی فەرمووده و بوارەکانی تر ملکەچی ڕەخنە و پێداچوونەوە و دووبارە قسەلەسەرکردن و هەڵسەنگاندن و تێپەڕاندنن. هەرچی پەیوەندی بە فەرموودەکانی پێغەمبەریشەوە (د.خ) هەیە لەبەرئەوەی کە وەکو قورئان بە وەحی دەستکارینەکراو دانانرێن و باوەڕنەبوون بە فەرمووده حوکمی باوەڕنەبوون بە قورئانی نییە و پێغەمبەر (د.خ) فەرمانی بە کۆکردنەوە و پاراستن و تۆمارکردنی نەداوە، بۆیە مەسەلەی کۆکردنەوەی فەرمووده ئیجتیهادی موسوڵمانان خۆیان بووە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر، کەواتە بە گوێرەی زانستی فەرموودەناسیش (جرح و تعدیل) کە زانستێکی مرۆیی و مێژوویی موسوڵمانانە هیچ پیرۆزییەکی نییە و قابیلی ڕەخنەلێگرتن و پێداچوونەوەو گەشەپێدانە.

هەرچی پەیوەندیشی بە قورئانیشەوە هەیە نووسەر پێی وایە کە قورئان کێڵگە و دەقێکی داخراو نییە لەبەردەم عەقڵ و ڕاڤەکردن و دواندن و کردنەوە و گەشانەوەدا، قورئان نە لە ڕابردوودا وەهابووە و نە لە ئێستا و داهاتووشدا وادەبێت، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە مرۆڤی بە دوێندراو (مخاطب) وەرگرتووە و گوتارێکە ئاراستەی عەقڵ و دڵ و ویژدانی کراوە، عەقڵیش بە سروشتی خواکردانەی خۆی پرسیار و گومان و ڕاڤەکار و بەراوردکارە. لێرەشەوە ڕەخنەگرتن لە هەندێک یاسا و حوکمی فیقهی کە لە بنەڕەتدا ڕەوایەتی لە قورئانەوە وەردەگرن، لە چوارچێوەی دووبارە خوێندنەوە و دابەزاندنەوەی دەقی قورئان بۆ سەر واقیع و ناساندنی ڕەهەندە مێژوویی و زەمانییەکەی هەندێک ئایەت و حوکم لەسەر وێنەی ئەو ئایەتانەی باسی هەندێک دیاردەی مێژوویی بەسەرچوو دەکەن، ڕەوایەتی وەردەگرێت.

**هەموو باوەڕبوونێك بە سزای هەڵگەڕاوە بەو جۆرەی لە کتێبە فیقهییەکانی ئێمەدا باس کراوە، یەکسانە بە باوەڕنەبوون بە ئازادی و بە تایبەتیش ئازادی هەڵبژاردنی بیروباوەڕ، یان گۆڕین و وازلێهێنانی.**

بەشی سێیەمی پەرتووکەکە، تایبەتە بە بابەتێکی گرنگ و جێ مشتومڕ لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، ئەویش سزای هەڵگەڕانەوەیە لە ئایین، بە تێڕوانین و خوێندنەوە لە نێوان قۆرئان و کەلەپووری فقهیدا، نووسەر لە دەستپێکدا دەڵێت، مەسەلەی هەڵگەڕانەوە بە تەواوی گرێدراوە بە پرسی بوون و نەبوونی ئازادی ئاینییەوە و پێی وایە هەموو باوەڕبوونێك بە سزای هەڵگەڕاوە بەو جۆرەی لە کتێبە فیقهییەکانی ئێمەدا باس کراوە، یەکسانە بە باوەڕنەبوون بە ئازادی و بە تایبەتیش ئازادی هەڵبژاردنی بیروباوەڕ، یان گۆڕین و وازلێهێنانی.

## قورئان کێڵگە و دەقێکی داخراو نییە لەبەردەم عەقڵ و ڕاڤەکردن و دواندن و کردنەوە و گەشانەوەدا

سزای هەڵگەرانەوە لە دین لەم دونیایەدا بە لای نووسەرەوە پرسێکی دروستکراوە لەلایەن دەسەڵاتە سیاسییە ئیستبدادە مێژوویەکانەوە و لە بنەڕەتدا هیچ ڕەوایەتییەکی قورئانی نییە، لە ڕووی مێژووییەوە چەند هۆکارێکی لەپشتەوە بووە لەوانە:

١-هەژموون پەیداکردنی فەرموودە بەسەر قورئاندا، بە جۆرێك کار گەیشتە ئەوەی هەندێك زانا بڵێن (السنە قاضیە علی الکتاب) و جورئەتی ئەوە بکەن چەندین ئایەت بە فەرموودە نەسخ بکەنەوە.

٢-ئەو گۆڕانەی بەسەر فۆڕمی حوکمڕانێتی ئیسلامدا هاتووە، بووە هۆی وازهێنان لە شورا وەك شێوازێك بۆ دابینکردنی ڕەوایەتی سیاسی و دیاریکردنی فەرمانڕەوا و بەڕێوەبردنی دەسەڵات.

نووسەر لەسەر ئەم پرسە زیاتر ڕادەوەستێت و دەڵێت، سزای هەڵگەڕانەوە لە دین پشتی بە دەقی فەرموودە بەستووە، نەك قورئان، بە تایبەتی فەرموودە بەناوبانگەکەی کە دەڵێت (من بدل دینه فاقتلوه)، بۆ ئەمەش نووسەر پرسیارێکی گرنگ دەوروژێنێت، کە ئایا عەقڵ قبوڵی دەکات مەسەلەیەکی وەها هەستیار و مەترسیدار پەیوەست بە جەوهەری ئەو مەسەلەیەی قورئانی بۆ ڕەوانەکراوە فەرامۆش کرابێت، لە کاتێکدا ئەم پرسە هەستیارە چەندین جار لە باسی دزی و بوختان و زینا گرنگترە، کە قورئان ئاماژەی پێکردوون، دەشڵێت خۆ ئەگەر مەسەلەکەش بەو جۆرە بیت و خودا سزایەکی لەو جۆرەی مەبەست بێت، چۆن ئاماژەی پێ ناکات؟

هەڵبەتە مەسەلەی (هەڵگەڕانەوە لە دین) دەیان دەقی ئایینی لەسەرە و نووسەریش ئاماژەی بە زۆرێك لەو دەقانە کردووە، واتە ئایین فەرامۆشی نەکردووە، بەڵام هیچ سزایەکی لەم دونیایەدا بۆ دانەناوە، بەڵکو سەرلەبەری ئەو سزا

جۆراوجۆرانەی لە بەرامبەر ئەم تاوان و هەڵوێستەدا دیاریکراون پەیوەندییان بە چارەنووسی دوای مردن و ڕۆژی دوایی و لێپرسینەوەی خوداییەوە هەیە.
بەشی چوارەم و کۆتایی کتێبەکە بابەتێکی تارادەیەك جیاوازە لە کۆی سێ باسەکەی تر، کە تەرخان کراوە بۆ تاوتوێکردنی دیدی بیرمەندی ئێرانی موستەفا مەلەکیان دەربارەی سروشتی پەیوەندی نێوان ئایین و بەندایەتی و عەقڵانیەت، نووسەر پێی وایە کە ئەو حوکمەی مەلەکیان دەیدات لەسەر ئەوەی کە ئیسلام لەگەڵ عەقڵانیەتی مۆدرێن دژ بەیەکە، حوکمدانێکی قورسە و ڕاستر وایە بوترێت هەندێک لێکدانەوەی ئیسلام و فۆڕمی دینداری دژ بە عەقڵانیەتی مۆدێرنە و خودی ئیسلام تەنها دژ بە تایپە توندڕەوەکەی عەقڵانیەتە.

**نووسەر بێ سڵەمینەوە و بوونی بازنەیەکی داخراو بە دەوری خۆیدا ڕاستەوخو دەچێتە سەر پرسی جیاکردنەوەی نێوان قورئان وەکو دەقێکی خودایی دەستکاری نەکراو لەگەڵ فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)**

لە کۆتاییدا دەکرێت بوترێت کە ئەم کتێبە ڕوانگەیەکی دەوڵەمەندە بۆ خستنەڕووی بابەتگەلێکی هەستیار و گرنگ کە ڕاستەوخۆ تەداخولی کایەکانی ژیان و ئاڕاستەی بیرکردنەوەمان دەکات، هەوڵێکیشە بۆ تێکشاندنی ئەو بازنە داخراوەی کە بە مەبەست ئیسلام و ئازادی لە دوو بەرەی جیاواز و دژ بەیەك داناوە، هەوڵەکانی نووسەر بەو ئاڕاستەیەیە کە دەبێت ئەو بازنەیە تێپەڕێنرێت و بە خوێندنەوەیەکی عەقڵانی پشت بەستوو بە دەق و دوور لە سیاقە مێژووییە دەستکاریکراوەکان جارێکی تر کێوماڵی ئەم پرسانە بکرێتەوە تاکو موسڵمانی سەردەم و ئیسلامخواز شانازی بە ناسنامە ئیسلامییەکەی خۆیانەوە بکەن و ئازادیخوازێکی ڕاستەقینە بێت و بەرگری لەم چەمکە بکات.

زارەوەناسی

ئایینناسی

# ئەهلی زیممە (أهل الذمة)

ئایینناسی

زیممی ئەو کەسەیە کە پەیمانێکی داوە لە یەهود و نەسارا و ئەوانی تر، کە لەژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا دەژین، لە ڕووی زمانەوانییەوە پێچەوانەی پێداهەڵدانە، واتە کەسێکە پەیمانی لەگەڵ کەسێک هەیە، بە مانای ماف و ئەمان دێت، واتە لە زیممەتی کەسێکی تردایە، لە ڕووی زارەوەشەوە لە قورئان و سوننەتدا بە زۆر مانای جیاواز هاتووە، لە وانە لە سورەتی تەوبە لە ئایەتی (٨) دا هاتووە (کیف وإن یظهروا علیکم لا یرقبوا فیکم الا ولا ذمة یرضونکم بأفواههم وتأبى قلوبهم وأکثرهم فاسقون).

لە زارەوەی شەرعیدا دوو واتای هەیە: یەکەمیان ئەوەیە کە هەندێک لە زانایان پێیان وایە وەسفێکی ئیعتیبارییە کە یاسادانەر بۆ مرۆڤی داناوە، دووەمیان کە هەندێکی لە زانایانی ئوسووڵ پێیان وایە کە مەبەست لە زیممەت لە ڕووی شەرعەوە کەسێکە کە لە ئەستۆی کەسێکدایە و پەیمانێک هەیە. بەم پێیە ئەهلی زیممە ئەوانەن کە پێیان دەوترێت غەیرە موسڵمان بە پێی ڕێککەوتنێک دەکەونە ئەستۆی موسڵمانان.

ئەم بابەتە جێگەی مشتومڕ و جەدەلێکی گەورەیە لە نێوان بیرمەندە ئیسلامییەکان، کە دەوڵەتی ئیسلامی چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، بە واتایەکی تر بابەتی ئەهلی زیممە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە دەوڵەتی ئیسلامییەوە. ئەوەش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ماف و ئەرکەکانیاندا، بە واتە هەمان ئەو ئەرک و مافانەیان هەیە کە موسڵمانێک هەیەتی، یاخود لە بری ئەوەی کە وەکو موسڵمان هەموو ئەرکەکان جێبەجێ ناکەن، لە بەرامبەردا لە بری ئەوەی ئەرکێکی دارایی (الجزیة) دەکەوێتە ئەستۆیان. بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا لە ئێستادا جەدەلەکە ئەوەیە کە دەوڵەتی ئیسلامی هاوچەرخ دەبێت مامەڵەی یەکسان و مافی یەکسان و ئەرکی یەکسان لەگەڵ هاووڵاتییان مامەڵە بکات، لە جیاتی ئەوەی ئەهلی زیممە هەبێت، هاووڵاتی بوون جێگەی ئەم چەمکە بگرێتەوە، کە بە مانای پەیوەندی هاووڵاتی دێت لەگەڵ دەوڵەت لەسەر بنەمای پەیوەندی یاسای و سیاسی یەکسان و مرۆیی.

بە دڵنیاییەوە پێچەوانەی ئەم بیروڕایە، ڕایەکی کلاسیکی سەلەفی هەیە پێی وایە ئەوانەی غەیرە موسڵمانن، جا لە ناو دەوڵەتی ئیسلامیدا لە دایک بووبن، یان لە دەرەوەی دەوڵەتی ئیسلامییەوە هاتوونەتە ناو دەوڵەتی ئیسلامییەوە، مامەڵەی ئەهلی زیممەیان لەگەڵ دەکرێت، دەتوانن مومارەسەی هەموو مافە مەدەنی و کولتووری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان بکەن، جگە لە مافی سیاسی.

ئەم بیروبۆچوونە ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بووەتەوە، لەوانە: دۆخی سیاسیی گۆرانی زۆری بەسەردا هاتووە، بۆیە دەوڵەتی ئیسلامیش بە مانی کلاسیکی و خیلافەت

و دەوڵەتی دینی وجودی نەماوە. هەروەها ئەم بۆچوونە کۆمەڵگە دابەش دەکات بەسەر هاووڵاتی پلە یەک و پلە دوو. ئەم بیروبۆچوونە گەرەنتی ڕاستەقینە دروست ناکات بۆ ئینتیما و بەشداری سیاسیی و هەستکردن بە شەراکەت و شوناسی نیشتمانیی.

# سیاسەت و ڕێنمایی نووسین لە گۆڤاری ئایینناسی

ئایینناسی گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئایینناسی دەدات و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە، دەخوازێت خوێندنەوەی فرە ڕەهەندی وردتری: کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەپستمۆلۆجی، مێژویی و سیاسیی بۆ ڕەوت و ڕێکخراو و دیاردە ئایینییەکان و کارکردنیان لە کایەی گشتی کۆمەڵگاکان بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی بکات.

## ڕێنمایی نووسین و وەرگێران

**١. ڕێنمایی نووسین**

١.نووسین بە تایپکراوی و بە فایلی Word وەردەگیرێت.

٢.پەیکەری نووسین و توێژینەوەکان لەم بەشانە پێکدێت: پێشەکی، ناوەڕۆك، ئەنجام، پێشنیار و ڕاسپاردە(ئەگەر هەبوو)، لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان.

٣. پێشەکی توێژینەوە لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ وشەدا بێت.

٤.کۆی توێژینەوەکە لە نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٥٠٠٠ وشەدا بێت.

٥.جێهێشتنی (٢.سم) بۆشایی بۆ هەر چوارلای لاپەڕە.
٦.بۆشایی نێوان دێڕەکان (١,١٥سم) بێت.
٧.قەبارەی فۆنتی ناونیشانی سەرەکی توێژینەوە ١٦-ی بۆڵد بێت و ناونیشانە لاوەکییەکان ١٤-ی بۆڵد بێت.
٨.قەبارەی فۆنتی ناوەڕۆکی توێژینەوە ١٤ بێت.
٩.سەرجەم توێژینەوە، وەرگێڕان، ڕانان و چاوپێکەوتنەکان بە زمانی کوردی بڵاودەکرێنەوە.
١٠.پێویستە توێژەر فۆنتی یۆنیکۆد (Calibri) بەکار بهێنێت.
١١.وێنە و چارتەکان بەشێوەی (JPG) و هاوپێچی فایلی نووسراو بە جیا بنێردرێن.
١٢.توێژینەکەوە لە هیچ شوێنێکی بڵاونەکرابێتەوە و پاش بڵاوکردنەوەش مافی بۆ گۆڤاری ئاییناسی پارێزراوە.
١٣.لە ئەگەری ڕەچاونەکردنی ڕێنماییەکان یان پێویستیی چاککردن، توێژینەکەوە بۆ توێژەر دەنێردرێتەوە.
١٤.پادداشتی توێژینەوە لە بەشی کارگێڕی گۆڤارەکە وەردەگیرێت و پێویستە توێژەر یان ڕاسپێردراوێکی بە نووسراو ئامادەی وەرگرتنی بێت.

**٢. شێوازی نووسینی پەراوێز و سەرچاوە:**

-پەراوێز و سەرچاوە پێکەوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەبێت و بە شێوازی (Insert footnote) لە پرۆگرامی (Word)دا دەبێت.
-ژمارەی هەر پەراوێزێك لە کۆتایی ڕستە یان پەرەگراف لە ناو کەوانە(...)دا دابنرێت و لە لیستی سەرچاوەکاندا بە هەمانشێوەی ڕیزبەندی ناو توێژینەوەکە دابنرێتەوە.
-پەراوێزی خوارەوەی لاپەڕە پەسەند نییە و بەکارناهێنرێت.
-لە لیستی سەرچاوەکان، بۆ هەر جۆرە سەرچاوەیەك بەمشێوە بنووسرێت و بە هەمان زمانی سەرچاوەکەش ئاماژەکانی وەك (هەمان سەرچاوە و سەرچاوەی پێشوو بۆ کوردی، همان و همانجا بۆ فارسی، مصدرالسابق و المصدر نفسه بۆ عەرەبی، Ibid بۆ ئینگلیزی) دابنرێت:

**کتێب**

-ناوی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، ناونیشانی کتێب، وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ئەگەر هەبوو)، شوێنی چاپ: دەزگای بڵاوکردنەوە گەر نەبوو چاپخانە، ل (لاپەڕە).

نمونە: م.س.لازیف و ئەوانیتر (٢٠١٠)، مێژووی کوردستان، وەرگێڕان هۆشیار عبدالله سەنگاوی، هەولێر: ڕۆژهەڵات، ل(لاپەڕە).
تێبینی: بەوپێیەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە گشتی ناوی خێزانی بوونی نییە، لەم کاتەدا ناوی سیانیی نووسەر دەنووسرێت.
نمونە: توانا ڕەشید کەریم (٢٠١٢)، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، سلێمانی: ئەندێشە، ل(لاپەڕە).
گۆڤار و توێژینەوە
-ناویی خێزانی نووسەر، نووسەر (ساڵی چاپ)، "ناونیشانی توێژینەوەکە"، ناوی گۆڤار، ژمارەی خول(بەرگ)، ژمارەی گۆڤار، ل (لاپەڕە).
نمونە: حضرتی، حسن و دیگران (١٣٩٥)، "جنگ ایران و عراق در گفتمان سیاسی نهضت آزاد اسلامی"، فصلنامە ژرفا پژوه، سال چهارم، شماره ١٠، ل (لاپەڕە).
ڕۆژنامە
-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ناوی رۆژنامە، ژمارەی ڕۆژنامە، لاپەڕە.
تێبینی: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ڕۆژنامە(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، ژمارەی ڕۆژنامە، ل (لاپەڕە).
نمونە: کەنعان مەکیە (٦-٧/٣/٢٠٢٠)، "هاوڵاتیبوون و بیرۆکەی عیراق"، وەرگێڕانی: کوردەوان محەمەد سەعید، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیست و نۆیەم، ژمارە ٨١٠٣، ل٨.
ماڵپەڕ
-ناوی خێزانیی نووسەر، نووسەر(ڕۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕەکە.
نمونە: Adler, Katya(٢/٣/٢٠٢٠), "Brexit: What to expect from UK-EU trade talks", https://www.bbc.com/news/world-europe-٥١٦٥٧٠٨٤, (accessed: ١١/٣/٢٠٢٠).
نمونە: ئومێد رەفیق فتاح (٦/٣/٢٠٢٠)، "مەترسییەکانی رۆژئاوا لە رێکەوتنەکەی پۆتین – ئەردۆگان"، https://www.centerfs.org/matrsekani-rozhawa-la-rekawtnakay-potin-ardoghan/، (بەردەستە: ١٤/٣/٢٠٢٠).
نمونە: الساقل، فراس (٣/٣/٢٠٢٠)، "حقيقة اللاجئين أمام أبواب أوروبا"، https://blogs.aljazeera.net/blogs/٢٠٢٠/٣/٣، (متاح على: ٦/٣/٢٠٢٠).
نمونە: محمد قراسویی، محمد (١٣٩٦/١١/٢٨)، "محور مقاومت اسلامی، ابعاد

و مؤلفه¬ها"، ١٢٤٣٨٩/http://alwaght.com/fa/News/، (قابل دسترسی: ١٣٩٦/١١/٣٠).

تێبینی١: بەوپێیەی کە لینکی ماڵپەر لەوانەیە دوای ماوەیەك لەبەردەست نەمێنێت و بسردرێتەوە، پێویستە لە کۆتایی لینکی سەرچاوەکە، ڕێککەوتی تەواوەتی سەردانیکردنی توێژەر بۆ ماڵپەڕەکە بنووسرێت.

تێبینی٢: ئەگەر بابەتەکە نووسەری نەبوو، بەمشێوەیە: ناوی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی بڵاوبوونەوە)، "ناونیشانی بابەتەکە"، لینکی ماڵپەڕ.

تێبینی٣: ئەگەڕ بابەتی ماڵپەرێك، ڕێککەوتی پێوەنەبوو، لەم کاتەدا تەنیا ڕێککەوتی سەردانکردنە دەنووسرێت.

**چاوپێکەوتن**

-چاوپێکەوتنی (ناوی دیدارکەر) لەگەڵ کەسی دیدارکراو، ڕێککەوتی دیدار، شوێنی دیدار.

نمونە: چاوپێکەوتنی یاسین تەها لەگەڵ هشام الهاشمی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، سلێمانی.

ڤیدیۆ

-ناونیشانی ماڵپەڕ (ڕۆژ و مانگ و ساڵی دانانی ڤیدیۆ)، "ناونیشانی ڤیدیۆ"، لینکی ماڵپەڕ.

نمونە: یوتیوب (٢٠٢٠/٢/٢٦)، "الاتجاه المعاكس - هل ينفجر الوضع بين تركيا وروسيا في شمال سوريا؟"، https://www.youtube.com/watch?v=MxGY٤GLu٤nw، (متاح على: ٢٠٢٠/٣/٣).

**٣.ڕێنمایی وەرگێڕان:**

-وەرگێڕان تەنیا بە زمانی کوردی وەردەگیرێت.

-پێویستە لە پەرەگرافێکدا پرۆفایلی (٥٠) وشەیی نووسەری بابەتەکە یان ئەو سەنتەر و گۆڤارەی کە توێژینەوەی لێوەرگیراوە ئامادە بکرێت.

-وەرگێڕانی بابەت، پێویستە بە هەمان شێوازی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بێت لە شێوازی پەراوێز و سەرچاوەدا.

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

















English
کوردی
العربية
KIRKUK
دەربارەی ئێمە
توێژەران



سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
رانانی ئایندەیی ژمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
شیعە و پێکهێنانەوەی حکومەت، ناناوەندێتی، چارەنوسی دیلەکانی داعش
نیسان ٢٠٢٠
www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
رانانی ئایندەیی ژمارە (٤)
حکومەتی نوێی عێراق و قەیرانی ئابووریی هەرێمی کوردستان
لەمپەر و سیناریۆکان
ئایار 2020
www.centerfs.org


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
DOI: https://doi.org/10.31271/jopss
Issue DOI: 10.31271/020419
دور النخبة السياسية في تأزيم السلم الأهلي في العراق بعد عام ٢٠٠٣ ١١
المقومات الاقتصادية الادارية والسياسية لبناء الدولة: العراق حالة دراسية للمدة (٢٠١٣-٢٠١٧) ٧٧
رۆڵی نەوتی کەرکوک لە دابەشکردنەوەی خاکی کوردستان لە مێژووی هاوچەرخدا ١٧٩
Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northren Diyala and Eastern Salahaddin 205


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
قراءات مستقبلية رقم (٥)
مستقبل الحوارات والاتفاقيات
ثلاثية أربيل – بغداد – واشنطون
الفرص و المعوقات
السليمانية
حزيران ٢٠٢٠
www.centerfs.org


سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
Center for Future Studies
سەرەتا
بڵاوکراوە
چالاکیەکان
هەواڵەکان
بیروڕا
بەشەکان
تۆژەران
دەربارەی ئێمە
راپۆرت
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center for Future Studies



THE FUTURE OF
KIRKUK
between
Erbil and Baghdad
2017-2018



سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies
زنجیرەی ئایندە زمارە (٣)
ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان
2020 نیسان
www.centerfs.org


سەرهەڵدانەوەی
گروپە تیرۆریستییەکان
لەناوچە جێناکۆکەکان
IRAN
SYRIA
2019


ئایندەی کەرکوک
لەنێوان هەولێرو بەغدا


زنجیرەی ئایندە زمارە (١)
ئایندەی عێراق و هەرێم
لە گێژاوی پرسە هەنووکەییەکاندا
www.centerfs.org


The Reemergence of the
Terrorist Groups
in the Disputed Territories
IRAN
SYRIA
Researchers:
Dr. Omed Rafiq Fatah
Dr. Abid Khalid Rasul
Dr. Jalal Hasan Mistaffa
Dr. Hardi Mahdi Mika
The introduction was written by
Dr. Yousif Goran
2019


الدراسات السياسية و الأمنية
مجلة معتمدة يصدرها مركز الدراسات المستقبلية
ISSN: 2617-0949 (Online) ISSN: 2617-0930 (Print)
Actors, Conflict, and Competition in Iraq's Disputed Territories After the Islamic State: The Cases of Northern Diyala and Eastern Salahaddin


زنجیرەی ئایندە زمارە (٢)
پرسە دژوارەکانی هەرێمی کوردستان و ئایندەی چاکسازییان
www.centerfs.org


انتعاش الجماعات الارهابية
في المناطق المتنازع عليها
2019



CFS

گۆڤارێکە گرنگی بە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئاییناسی دەدات
سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات.

# وەرزنامەی
# ئاییناسی

ژمارە (٢) ساڵی یەکەم، نیسانی ٢٠٢٣